# رووداو
RÛDAW

ژمارە (541) دووشەممە 2019/2/4 – 15ی رێبەندان 2718 (750) دینار


## باندێک دوو کەس دەکوژن و بە پاسپۆرتی ساختە دەچنە دەرەوە

**رووداو – هەولێر**

باندێک بە پاسپۆرتی ساختە و ئۆتۆمبێلی تابلۆ ئەورووپی دوو کەس دەکوژن. سەرچاوەیەکی ئەمنیش دەڵێ ئەندامانی باندەکە بە پاسپۆرتی ساختەوە چوونەتە دەرەوە.

عەبدولقەهار عەلی عومەر، برای یەکێک لەو کەسانەیە کە بە دەستی باندەکە کوژراوە. رایگەیاند: "هەژاری برام، رۆژی 2018/7/3 لەلایەن ئەو باندەوە کوژرا. بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستمانە دوو ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەری جامرەش و BMWی رەنگی نیلی پلانەکەیان جێبەجێ کردووە. وەک لە کامێرای چاودێری دەرکەوتووە لە ماوەی دوو سەعات و نیودا 18 جار چاودێریی شوێنەکەیان کردووە تاوەکو براکەمیان بینیوە. کەسێک بەناوی (ح.ی) کە سەرۆکی باندەکەیە براکەمی کوشتووە". ئەو ئۆتۆمبێلەی تاوانەکەی پێکراوە لەلایەن پۆلیس دۆزراوەتەوە، بەڵام تابلۆکەی لەسەر ئۆتۆمبێلێکی دیکە بینراوە کە ئەویش لە رۆژی 2018/11/28 کەسێکی دیکەی پێ کوژراوە. دواتر هەمان تابلۆ کە ژمارەیەکی ئەورووپایە لەسەر ئۆتۆمبێلێکی دیکە بینراوە.

سەرچاوەیەکی ئەمنی زانیاری نێو دۆسیەی کوشتنی دوو کەسەکەی پشتڕاست کردەوە و بە (رووداو)ی گوت: "(ح.ی) سەرۆکی باندەکەیە و بەئاشکرا هەژاری لە رێگەی گوێر کوشتووە. دوای چەند مانگێک هەمان باند کەسێکی دیکەیان بەناوی سەباح کوشتووە. دواتر (ح.ی) بە پاسپۆرتێکی ساختەی ئێرانی و بە ناوی (ف.ن) لە دەروازەی سنووری باشماخەوە هەرێمی کوردستانی بەجێهێشتووە".

«2



راوێژکاری دیجیتاڵیی حکومەت لە ئەڵمانیا کچە کوردێکە 14

پارتی و یەکێتی مەرج و داواکارییەکانیان کەمدەکەنەوە 3

د. موحسین عەبدولحەمید: حەسەن بەننا زۆر پشتگیری بارزانییەکانی دەکرد 6

### گۆڕان هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە

# یەکێتی داوای کاراکردنەوەی رێککەوتننامەی دەباشان دەکات

**رووداو– سلێمانی**

لەماوەی دوو هەفتەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو جار داوای لە بزووتنەوەی گۆڕان کردووە کۆببنەوە بۆ ئەوەی هەرچی گلەییان لە یەکدی هەیە رووبەڕوو لەسەر مێزی گفتوگۆ باسی بکەن، بەڵام هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی نەداوەتەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە دەڵێ: "یەکێتی دوو جار رێککەوتننامەی شکاندووە و ئاسان نییە متمانەی تەواو دروست ببێتەوە لە نێوانمان".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لەنێو بەشێکی زۆر لە سەرکردایەتی یەکێتی، خواستی ئەوە هەبووە کە پێکهاتنیان لەگەڵ گۆڕان بخەنە پێش پێکهاتنیان لەگەڵ پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەیی دەرنەبڕیوە بۆ کۆبوونەوە، ئەو هەوڵە بە ئەنجام نەگەیشت.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند، بڕیار لە کۆبوونەوەکەی نێوان ئێمە و گۆڕان دراوە و ئامانجە سەرەکییەکەشی بریتیە لە پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی هەردوولا و لابردنی هەر تەگەرەیەک لەبەردەم پەیوەندییەکانمان.

رۆژی 17ی ئایاری 2016 بزووتنەوەی گۆڕان و یەکێتی، رێککەوتننامەیەکیان واژۆ کرد کە بە "رێککەوتننامەی دەباشان" ناسراوە و لە 25 مادده پێکهاتبوو. رێککەوتنەکە واژۆی هەریەکە لە نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە و کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بەسەرەوەیە، بەڵام دوای تێپەڕینی دووساڵ بەسەر رێککەوتنەکە گۆڕان رایگەیاند کە یەکێتی پابەند نابێت بە رێککەوتنەکەی نێوانیانەوە، بۆیە هەڵیانپەسارد، سەرکردایەتی هاوبەشیش کە بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە دروستکرابوو، هەڵوەشایەوە.



بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) یەکێتی کاغەزێکی نوێی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ئامادە کردووە کە ناوەڕۆکەکەی کاراکردنەوەی رێککەوتننامەی دەباشانە و لە کۆبوونەوەکەدا یەکێتی داوا دەکات یان ئەو رێککەوتننامەیە کارا بکرێتەوە و بەربەستەکانی بەردەمی لاببرێت، یان رێککەوتنێکی نوێ بکەن.

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "ئەگەر بڕیاربێت لەگەڵ یەکێتی رێککەوتن بکەین، ناتوانین لە رێککەوتنەکەی دەباشان باشتر ئامادە بکەین".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە گومانە لەو پەیوەندییە زۆرانەی یەکێتی بە بزووتنەوەکەیەوە دەکات و دەڵێ :"تەنیا بۆ ئەوەیە گۆڕان لە پرسی پێکهێنانی کابینەی حکومەتدا نەگاتە ئەنجامێکی باش لەگەڵ پارتی".

3

## ئیشی تاکسی لە سەرجەم مووچەخۆران قەدەغە دەکرێ

**رووداو – هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن ئاشکرای دەکات لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا ئیشی تاکسی لە سەرجەم مووچەخۆرانی حکومەت قەدەغە دەکرێت و بۆ ئەمەش پشت بە تۆماری بایۆمەتری دەبەستن.

هەفتەی رابردوو وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک رێنمایی تازەی بۆ رێکخستنی کاری شوفێری و تۆمارکردنی تاکسی دەرکرد. بەپێی رێنماییەکان لەمەودوا تۆمارکردنی تاکسیی نوێ پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی تاکسییەکی کۆن دەبێ و رێگە بە مووچەخۆرانیش نادرێ تاکسی لێ بخورن.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان 94،721 تابلۆی سوور کە بەتابلۆی نەفەرهەڵگر ناسراوە، تۆمارکراوە. لەم ژمارەیەش زیاتر لە 82 هەزار تابلۆی سوور بە تاکسی دراوە.

عەبدولخالق عەلی، بەڕێوەبەری گواستنەوە لە پارێزگای هەولێر، بە (رووداو)ی راگەیاند :"لایەنی هەرەباشی ئەم رێنماییانە ئەوەیە لەمەودوا کاری شوفێری دەکات بە پیشە بۆ ئەو کەسانەی کە مووچەخۆر نین، چونکە لەمەودوا رێگە نادرێت هیچ مووچەخۆرێکی حکومەت وەک کاری دووەم تاکسی لێبخورێت، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە سیستەمی بایۆمەتری وەردەگیرێ، هەر کەسێک مووچەخۆر بێت ساڵیانەی تاکسییەکەی بۆ نوێ ناکرێتەوە و مۆڵەتی تایبەت بەشوفێری تاکسیشی نادرێتێ".

8

## بەشداربووانی گوندی کۆری بە پارە و زەوی قەرەبوو دەکرێنەوە

**رووداو – هەولێر**

4090 بەشداربووی گوندی کۆری لە شاری هەولێر کە پێنج ساڵە چاوەڕێی تەواوبوونی خانووەکانیان دەکەن، خانووەکانیان بۆ دروست ناکرێ و قیستەکەیان دەدرێتەوە و بە پارچە زەوییەکیش قەرەبوو دەکرێنەوە.

دوای ناڕەزایەتییەکی زۆری ئەو خێزانانەی خانوویان لە گوندی کۆری بۆ دەرچووە و هێشتا وەریاننەگرتووە، ئەنجوومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و پارێزگاری هەولێر و وەزارەتی شارەوانی دەیانەوێت قەرەبوویان بکەنەوە.

پرۆژەی گوندی کۆری لە 5304 خانوو پێکدێ و پێنج ساڵ لەمەوبەر دەست بە دروستکردنی کراوە، بەڵام تا ئێستا تەنیا 1214 خانوویان تەواو بوون. نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر سەبارەت بە چارەنووسی ئەو خانووانەی لە گوندی کۆری دروست نەکراون بە (رووداو)ی گوت: "فایلەکەیان لە ئەنجوومەنی وەزیران و دەستەی وەبەرهێنانە، لە ئەنجوومەنی وەزیران دوا بڕیاری لەسەر دەدرێت".

بەپێی نووسراوێکی دەستەی وەبەرهێنان کە لە رۆژی 2018/8/12 دەرچووە و کۆپییەکی دەست (رووداو) کەوتووە، تاوەکو ئێستا 1214 یەکەی نیشتەجێبوون لە گوندی کۆری تەواوبوون. سەبارەت بە چارەنووسی 4090 خانووەکەی دیکەش لە نووسراوەکەدا هاتووە :"دەستەی وەبەرهێنان لە هەولێر پارەی ئەو هاووڵاتیانەی پارەی پێشەکییان بە کۆمپانیاکە داوە و یەکەکانی نیشتەجێبوونیان وەرنەگرتووە دەگەڕێنێتەوە کە ژمارەیان 4090 هاووڵاتییە و هەریەکەیان 7000 دۆلاری داوەتە کۆمپانیاکە، واتە دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر 28 ملیۆن و 630 هەزار دۆلاریان بۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکەیان چارەسەر ببێ".

شوان محەممەد حوسێن، نوێنەری خاوەن خانووەکانی گوندی کۆری بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی 2019/1/28 لەگەڵ نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران، دەستەی وەربەرهێنانی هەولێر، نوێنەری پارێزگای هەولێر کۆبووینەوە، هەموویان گوتیان بڕیار دراوە ئەو 7000 دۆلارەی لە هەر خێزانێک وەرگیراوە بۆیان دەگەڕێندرێتەوە و پارچە زەوییەکیش وەکو قەرەبوو وەردەگرن، بەڵام شوێنێکیان دیاری کردووە لەپشت دارەتوو، شوێنەکە زۆر باش نییە و پێی رازی نابین".

4

## پەخشی 20 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی رادەگیرێ

**رووداو – هەولێر**

بەهۆی نەدانی کرێی ساڵانەیان، وەزارەتی رۆشنبیری پەخشی 20 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی رادەگرێ. هەفتەی داهاتووش رێککاری یاسایی بەرامبەر ئەو رادیۆیانە دەگرێتەبەر کە مۆڵەتی ساڵانەیان نوێ نەکردووەتەوە.

محەممەد گەردی، بەڕێوەبەری گشتیی راگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی رۆشنبیری بە وەکالەت، بە (رووداو)ی راگەیاند: "بڕیار بوو ساڵی رابردوو پەخشی ئەو کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانیانە رابگیرێن کە مۆڵەتیان نوێ نەکردووەتەوە و رسوماتیان نەداوە، بەڵام بە رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ تاوەکو 2019/1/31 مۆڵەتیان پێدرابوو بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیان و دانەوەی قەرزەکانیان. لە چەند رۆژی رابردوودا چەندین کەناڵ سەردانیان کردین و مۆڵەتیان نوێکردەوە و قەرزەکانیان دایەوە، بۆیە تاوەکو رۆژی 2019/2/3 کاتەکەمان بۆ درێژ کردنەوە". محەممەد گەردی گوتیشی: "هەندێک کەناڵ پابەند نەبوون بە یاسا و رێنماییەکان و ئەو بەڵێنەی واژۆیان کردووە، بۆیە بڕیارماندا پەخشی 20 کەناڵی لۆکاڵی و ئاسمانی رابگرین کە 10 کەناڵی لۆکاڵی لە هەولێر و 10 کەناڵی ئاسمانی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان تێدایە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دەکەین، ئەمڕۆ دووشەممە 2019/2/4 بڕیارەکە جێبەجێ دەکەین".

سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ رادیۆکانیش، محەممەد گەردی گوتی: "هەفتەی داهاتوو رێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو رادیۆیانەش دەگرینەبەر کە مۆڵەتی ساڵانە نوێ ناکەنەوە و قەرزەکانیان نەداوە، ئەوانیش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دادەخەین".

2


تەندروستی 15

نیان عەبدوڵڵا شێرپەنجەی بەزاند





کۆمەڵایەتی 13

لە لایڤدا گوللەیەک لە خۆی دەدات

ژنان 12

"پلانم دانابوو موو بە 5000 ئافرەت بهێڵمەوە"





تاراوگە 14

ئەمیر حەیدەری.. ئەفسانەی رێگەی کۆچ




ڕاپۆرتە هەواڵ
ڕووداو
ژمارە (541) - دووشەممە 2019/2/4



## لە سلێمانی ئاوارەیەک 50 منداڵ و نەوەی هەیە

**ڕووداو – سلێمانی**

ئەحمەد فارس بەهۆی منداڵەکانییەوە چیرۆکێکی جیاوازی هەیە، ئاوارەیەک کە حەزی لە نەوەخستنەوە و منداڵی زۆرە. لە تەمەنی 50 ساڵیدا خاوەنی سێ هاوژین و 25 منداڵە و بە نەوەکانیشییەوە ژمارەیان بووەتە 50 کەس. ئەحمەد فارس، سەرۆک خێزان دەڵێت: "کارگەکەم هەر کاردەکات و نەوەستاوە، نەوەستاوم، ناشوەستم ئینشائەڵڵا، ئەگەر خودا دەسەڵاتم پێبداتەوە دەیکەم بە چوار ژن، چونکە پێویستە، هەرچەندە ژنە بچووکەکەشم پێی ناخۆشە، خێزانەکەمان لە سەرووی 50 کەس". ئەحمەد لە پارێزگای سەلاحەدین یەکێک بوو لەوانەی خاوەنی پارە و کارگەی خۆی بووە، هەر ئەوەش هانیدا شانبداتە ژێر ژیانی فرەژنی.

## هەفتەی داهاتوو دەست بە ڕاگرتنی پەخشی ڕادیۆکانیش دەکرێ

# پەخشی 20 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی ڕادەگیرێ

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

بەهۆی نەدانی کرێی ساڵانەیان، وەزارەتی ڕۆشنبیری پەخشی 20 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی ڕادەگرێ. لە هەفتەی داهاتووشدا دەست بە داخستنی پەخشی ئەو ڕادیۆیانە دەکات کە مۆڵەتەکانیان تازە ناکەنەوە. لەماوەی کەمتر لە مانگێکیش ڕێنمایی تازە بۆ کەناڵەکان دەردەکات. هەروەها ئاسانکاری و ئیمتیازی زیاتر دەدرێت بەو کەناڵانەی دراما و فیلمی کوردی پەخش دەکەن.

محەممەد گەردی، بەڕێوەبەری گشتیی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری بە وەکالەت، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "بڕیار بوو ساڵی ڕابردوو پەخشی ئەو کەناڵە لۆکاڵی و ئاسمانیانە ڕابگیرێن کە مۆڵەتیان نوێ نەکردووەتەوە و ڕسوماتیان نەداوە، بەڵام بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی ناوخۆ تاوەکو 2019/1/31 مۆڵەتیان پێدرابوو بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەتەکانیان و دانەوەی قەرزەکانیان. لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا چەندین کەناڵ سەردانیان کردین و مۆڵەتیان نوێکردەوە و قەرزەکانیان دایەوە، بۆیە تاوەکو ڕۆژی 2019/2/3 کاتەکەمان بۆ درێژ کردنەوە".

محەممەد گەردی گوتیشی: "هەندێک کەناڵ پابەند نەبوون بە یاسا و ڕێنماییەکان و ئەو بەڵێنەی واژۆیان کردووە، بۆیە بڕیارماندا پەخشی 20 کەناڵی لۆکاڵی و ئاسمانی ڕابگرین کە 10 کەناڵی لۆکاڵی لە هەولێر و 10 کەناڵی ئاسمانی لە هەولێر و سلێمانی و دهۆکیان تێدایە، ئەمەش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دەکەین، ئەمڕۆ دووشەممە 2019/2/4 بڕیارەکە جێبەجێ دەکەین".

پارەی مۆڵەتی ساڵانەی کەناڵەکان جیاوازە، ئەو بەڕێوەبەرەی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەڵێ: "هەر کەناڵێکی ئاسمانی دەبێ ساڵانە 10 ملیۆن دینار بدات.

> **فیلم و دراما بیانییەکان سنووردار دەکەین و کەناڵەکانیش ڕووبەڕووی سزا دەکەینەوە**
> محەممەد گەردی

کەناڵ هەیە چوار ساڵە پارەی نەداوە و پێویستە 40 ملیۆن دینار بدات، بەڵام کەناڵە لۆکاڵییەکان ئەگەر تەنیا لە یەک پارێزگا پەخش بکات، ساڵانە دوو ملیۆن و 500 هەزار دینار دەدات، ئەگەر بۆ هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بێت، دەبێ ساڵانە 5 ملیۆن دینار بدات".

لە هەرێمی کوردستان 161 کەناڵی ئاسمانی و لۆکاڵی هەن، محەممەد گەردی گوتی: "ئێستا 39 کەناڵی ئاسمانی و 122 کەناڵی لۆکاڵی لە هەرێمی کوردستان هەن، دەبێت لەمەودوا کەناڵەکان هەموو ساڵێک مۆڵەتیان نوێ بکەنەوە و ڕسوماتەکانیان بدەن، ئەگەرنا دوای ئاگادارکردنەوەیەک پەخشەکانیان ڕادەگرین".

سەبارەت بە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕادیۆکانیش، محەممەد گەردی گوتی: "هەفتەی داهاتوو ڕێکاری یاسایی بەرامبەر ئەو ڕادیۆیانەش دەگرینەبەر کە مۆڵەتی ساڵانە نوێ ناکەنەوە و قەرزەکانیان نەداوە، ئەوانیش بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ دادەخەین".

(ڕووداو) زانیویەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەیەوێت بە ڕێنمایی تازە سنوورێک بۆ ئەو بابەتانە دابنێ کە کەناڵەکان پەخشی دەکەن، بە تایبەتی دراما بیانییەکان. بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندن و چاپ و بڵاوکردنەوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەڵێ: "لیژنەیەکمان پێکهێناوە و لە چەند هەفتەی داهاتوودا ڕێنماییەک بەناوی ڕێنمایی ژمارە دوو دەردەکەین، بۆ ئەو کەناڵانەی فیلم و درامای بیانی وا پەخش دەکەن کە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردی ناگونجێ، دەبنە هۆی پشێوی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگە، ئێمە ئیجرائاتیان لەگەڵ دەکەین و چیدی ڕێگە نادەین هەموو شتێک پەخش بکرێ".

بڕیارە وەزارەتی ڕۆشنبیری مامەڵەیەکی تایبەت لەگەڵ ئەو کەناڵانە بکات کە فیلم و درامای کوردی پەخش دەکەن. محەممەد گەردی دەڵێ: "یەکێک لەو خاڵانەی لە ڕێنماییەکەدا دەبێت، هاوکاریکردن و پێدانی ئەولەویەت و ئیمتیازی زیاترە بەو کەناڵانەی فیلم و درامای کوردی لەبری فیلم و درامای بیانی پەخش دەکەن. تاوەکو ئێستا دوو کۆبوونەوەمان کردووە و لە ماوەی کەمتر لە مانگێکدا ڕێنماییەکان دەردەکەین و دەبێ هەموو کەناڵەکان پێوەی پابەند بن".

لە مانگی چواری ئەمساڵدا وەزارەتی ڕۆشنبیری کۆنفرانسێک لەبارەی کەناڵەکان ڕێکدەخات، محەممەد گەردی ڕایگەیاند: "کۆنفرانسێکی گەورە سەبارەت بە پەخشی کەناڵە ئاسمانی و لۆکاڵییەکان دەبەستین، سێ پرسی گرنگ باس دەکەین، ئەوانیش زمان، ڕیکلام، پەخشکردنی فیلم و درامای بیانی. بە وردی ئەوانە ڕوون دەکەینەوە، خەڵکی بیانی و پسپۆڕانی میدیا بەشداری تێدا دەکەن، هەروەها هەموو میدیاکانی هەرێمی کوردستانیش بەشدار دەبن و لە کۆنفرانسەکەدا چەند بڕیارێک دەدرێن کە کەناڵەکانی پێوە پابەند دەکرێ".

# 12 کەس داوای مۆڵەتی کردنەوەی یانەی شەوانە دەکەن

**شکار ئەحمەد**
**ڕووداو – هەولێر**

تا ئێستا 12 داواکاری بۆ کردنەوەی یانەی شەوانە پێشکەشی دەستەی گەشتوگوزار کراون، بەڵام 9 لەو داواکاریانە ڕەتکراونەتەوە. گوتەبێژی دەستەی گەشتوگوزاری سلێمانی نایشارێتەوە چەند یانەیەکی شەوانە بەدەر لە یاسا کاردەکەن و چاوپۆشییان لێدەکەن، بەو مەرجەی لە ڕێنمایی دەرنەچن، کەچی سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار ڕەتیدەکاتەوە هیچ یانەیەکی شەوانە لە هەرێمی کوردستان هەبێت.




ڕۆژی 2018/2/2 پێنج یانەی شەوانە لە سلێمانی داخران، سەرکەوت ئەحمەد، گوتەبێژی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە هەڵمەتێکدا هێزەکانیان بە هاوکاریی بەشی پۆلیسی نەهێشتنی تاوان تەنیا لە سنووری گەڕەکی سەرچنار پێنج یانەی شەوانەیان داخستووە، چونکە پابەندنەبوون بە ڕێنماییەکانی گەشتوگوزار و خاوەنەکانیان ڕووبەڕووی یاسا کرانەوە".

بەڵام مەولەوی جەبار، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان ڕەتیدەکاتەوە هیچ یانەیەکی شەوانە لە هەرێمی کوردستان هەبێ. ئەو بە (ڕووداو)ی گوت: "شتێک نییە بەناوی مۆڵەتی یانەی شەوانە. تاوەکو ئێستا هیچ مۆڵەتێکمان بۆ کردنەوەی یانەی شەوانە نەداوە، ئێمە ڕیستۆرانت و باڕمان هەیە، ئەوانەی لە سلێمانی داخراون باڕن نەک یانەی شەوانە، بەڵام خەڵکانێک بە یانەی شەوانەی تێگەیشتوون".

سەبارەت بەوەی کە ئەو شوێنانە ئاهەنگیان تێدا دەگێڕدرێ، سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار دەڵێ: "ڕەنگە گۆرانی یان موزیکێکی یاسایی تێدابێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئاهەنگیان تێدا ناگێڕدرێ وەکو ئەوەی لە نایت کڵەبەکانی وڵاتان دەکرێ".

هەرچەندە هیچ مۆڵەتێک بەناوی یانەی شەوانە لە سلێمانی نەدراوە، بەڵام چەند یانەیەک هەن. ئارام شوان، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دەستەی گەشتوگوزاری سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "ریستۆرانت و باڕ مۆڵەتیان پێدەدرێ، بەڵام شتێک نییە بەناوی مۆڵەتی یانەی شەوانە، هەندێک یانەی شەوانەش هەن بەدەر لە یاسا کاردەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی گەشتیارێکی زۆر لە ئێران و ناوەڕاست و خوارووی عێراقەوە دێن، چاوپۆشییان لێدەکرێ".

ئارام شوان دەڵێت، ئەوان کە چاوپۆشی لەو شوێنانە دەکەن، دەبێ ئەوانیش پابەندبن بە ڕێنماییەکانیان: "ئەو شوێنانە دەبێ ڕێنماییەکانمان جێبەجێ بکەن، لەوانەش دەبێ تاوەکو کاژێر 12ی شەو کراوەبێ، چوونی کەسانی خوار 18 ساڵی قەدەغەیە، ئەگەرنا دەستگیر دەکرێ و شوێنەکەش دادەخرێ، دەبێ سکیوریتی خۆی هەبێ بۆ ئەوەی لەناو یانەکە کێشە دروست نەبێ، نابێ نزیک ماڵ و شوێنە ئایینییەکان بێ و ناشبێ دەنگی بڵندگۆی بەرزبێ و خەڵک بێزار بکا، یان ئافرەتەکان بێنە دەرەوە و نمایشی جەستەیان بکەن، ئەگەر ئەمانە بکەن بەرەورووی غەرامە و داخستن و پووچەڵکرنەوەی مۆڵەت دەبنەوە، ساڵی 2018 بە هەموو شوێنەکانی دیکەوە نەک تەنیا ئەو شوێنانە،

> **هیچ یانەیەکی شەوانە لە هەرێمی کوردستان نییە**
> سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار

88 مۆڵەتمان پووچەڵ کردووەتەوە".

هەرچەندە سەرۆکی دەستەی گەشتوگوزار ڕەتیدەکاتەوە هیچ مۆڵەتێک بۆ کردنەوەی یانەی شەوانە درابێ، بەڵام بەپێی قسەی قائیمقامی هەولێر، دەستەی گەشتوگوزار مۆڵەتی بە چەند یانەیەکی شەوانە داوە.

نەبەز عەبدولحەمید بە (ڕووداو)ی گوت: "چەند شوێنێک لە هەولێر مۆڵەتیان وەرگرتووە و شەوانە بە بەردەوامی ئاهەنگیان تێدا دەگێڕدرێ، هەر شوێنێکیش گۆرانی و ئاهەنگ و سەمای تێدا بکرێ یانەی شەوانەیە و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری هەولێر مۆڵەتی پێداون و ڕسوماتەکەشی 25 ملیۆن دینارە".

قایمقامی هەولێر دەشڵێ: "پێشتر چەند یانەیەکی شەوانەمان داخستووە، چونکە مۆڵەتی ئاهەنگگێڕانیان نەبووە یان کێشەی تێدا درووست بووە و بەدەر لە ڕێنماییەکان کاریان کردووە".

لەبارەی داواکاری بۆ کردنەوەی یانەی شەوانە، عەلی ڕەئووف، بەڕێوەبەری گشتی گەشتوگوزاری سلێمانی گوتی: "8 کەس داواکارییان پێشکەش کردووە بۆ کرنەوەی یانەی شەوانە، بەڵام مۆڵەتمان پێنەداون، چونکە لە کۆبوونەوەی لیژنەی ئەمنی سلێمانی زۆرینەی ئەندامان پێیان باش نەبوو جارێ مۆڵەت بەو شوێنانە بدرێت، بەڵام ئەگەر ڕێگە بدەین بەدڵنیاییەوە ژمارەی داواکارییەکان زۆر لەوە زیاتر دەبێت".

لە دهۆکیش چوار داواکاری بۆ کردنەوەی یانەی شەوانە پێشکەش کراون. خالید حەیدەر، سەرۆکی بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گەشتوگوزاری دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هیچ یانەیەکی شەوانە لە دهۆک نییە و قبوڵمان نەکردووە بکرێنەوە، سێ کەس لە کۆتایی ساڵی 2018 داوایان بۆ کردنەوەی یانەی شەوانە پێشکەش کرد و ئەمساڵیش یەک کەس داوای ڕێگەپێدانی لێکردووین، کردنەوەی یانەی شەوانە پێویستی بە ڕەزامەندی پارێزگا و ئاسایش هەیە، ئەوان یەکێک لەو داواکاریانەیان ڕەتکردووەتەوە و هێشتا بڕیاریان لەسەر سێ داواکارییەکەی دیکە نەداوە".

> **چەند یانەیەکی شەوانە هەن و گەشتوگوزاریش مۆڵەتی پێداون**
> قائیمقامی هەولێر

## یەک تابلۆیان بۆ سێ ئۆتۆمبێل بەکارهێناوە

# باندێک دوو کەس دەکوژن و بە پاسپۆرتی ساختە دەچنە دەرەوە

**ڕووداو – هەولێر**

باندێک بە پاسپۆرتی ساختە و ئۆتۆمبێلی تابلۆ ئەورووپی دوو کەس دەکوژن. کەسوکاری کوژراوەکان دەڵێن ئەوانە باندێکی کوشتن و قاچاخچێتی بە مرۆڤن. سەرچاوەیەکی ئەمنیش دەڵێ ئەندامانی باندەکە بە پاسپۆتی ساختەوە هاتوچۆ دەکەن. دوای جێبەجێکردنی تاوانەکە دەرباز دەکرێن.

عەبدولقەهار عەلی عومەر، سکرتێری کۆمەڵەی خوێنبەخشانی کوردستان، برای یەکێک لەو کەسانەیە کە بە دەستی باندەکە کوژراوە. ئەو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "هەژاری برام کە تەمەنی 34 ساڵ بوو، لەلایەن ئەو باندەوە کوژرا".

عەبدولقەهار چیرۆکی کوشتنی براکەی دەگێڕێتەوە و دەڵێ: "براکەم لە بەریتانیا دەژیا، ساڵی 2016 گەڕایەوە هەولێر. بڕیار بوو ڕۆژی 2018/7/5 بگەڕێتەوە بەریتانیا، بەڵام دوو ڕۆژ پێشتر لەسەر ڕێگەی گوێڕ دەستڕێژی گوللەی لێکرا و کوژرا".

کەسوکاری هەژار پێیانوایە کوشتنی هەژار بە پلان بووە. چونکە وەکو عەبدولقەهار دەڵێ: "بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستمانە دوو ئۆتۆمبێلی لاندکرۆزەری جامڕەش و BMWی ڕەنگی نیلی پلانەکەیان جێبەجێ کردووە. وەک لە کامێرای چاودێری دەرکەوتووە لە ماوەی دوو سەعات و نیودا 18 جار چاودێریی شوێنەکەیان کردووە تاوەکو براکەمیان بینیوە. کەسێک بەناوی (ح.ی) کە سەرۆکی باندەکەیە براکەمی کوشتووە".

ڕۆژی دوای تاوانەکە، یەکێک لەو ئۆتۆمبێلانەی تاوانەکەی پێکرابوو دەدۆزرێتەوە. عەبدولقەهار دەڵێ "ئۆتۆمبێلەکە کە تابلۆی پێوە نەبوو، لەسەر ڕێگەی کەسنەزان بینرا و دەستی بەسەرداگیرا. دواتر (ر.ک) کە شوفێری ئۆتۆمبێلەکە بووە دەستگیرکرا".

بەپێی قسەی عەبدولقەهار (ر.ک) لە وتەکانیدا گوتوویەتی هەژار لەلایەن (س.ی) وە کوژراوە، بەڵام عەبدولقەهار دەڵێ: "سەرۆکی باندەکە (ح.ی) بکوژی هەژارە نەک (س.ی)ی برای، چونکە لەکاتی تاوانەکە (س.ی) لە تورکیا بووە".

ئەو ئۆتۆمبێلەی تاوانەکەی پێکراوە شەوی پێش ڕووداوەکە لە کەسێکی دیکە کڕدراوە. عەبدولقەهار دەڵێ: "دوای چەند ڕۆژێک لە کوشتنی براکەم، خاوەنی پێشووی ئۆتۆمبێلەکە دەستگیرکرا. ناوی (ر) بوو. (ر) لە وتەکانیدا گوتوویەتی کاژێر 10ی شەوی 2018/7/2 ئۆتۆمبێلەکەی بە (ر.ک) فرۆشتووە".




بنەماڵەی هەژار عەلی سکاڵایان لەسەر سێ کەس تۆمار کردووە. عەبدولقەهار دەڵێ: "سکاڵامان لەدژی هەریەک لە (ح.ی)، (س.ی)ی برای. (ش.ج)یش کە دەستەڕاستی سەرۆکی باندەکەیە تۆمار کرد. هەروەها کەسەکانی نێو لاندکرۆزەرە جام ڕەشەکەش".

عەبدولقەهار پێیوایە ئەو باندە لەلایەن چەند کەسێکی دەزگا ئەمنییەکانەوە پشتگیری دەکرێن: "کە براکەمان تیرۆر کرا، ئێمە زانیاری تەواومان بۆ هات کە چەند کەسێکی نێو دەزگایەکی ئەمنی پاسەوانی باندەکەیان کردووە لەکاتی تاوانەکە. ئەمەش لەپێناو وەرگرتنی چەند هەزار دۆلارێک".

تابلۆی ئەو ئۆتۆمبێلەی تاوانی کوشتنی هەژاری پێ ئەنجامدرا، دوای چەند ڕۆژێک لەسەر ئۆتۆمبێلێکی دیکە دەبینرێ. عەبدولقەهار دەڵێ: "ماوەیەک دوای کوشتنی براکەم، بینیم هەمان تابلۆ کە ئەورووپییە و ژمارەکەی EK-94P8ـە، لەسەر ئۆتۆمبێلێکی BMWی ڕەنگ ڕەساسییە، بۆیە دەزگا ئەمنییەکانم ئاگادار کردەوە و دەستیان بەسەردا گرت، خاوەنەکەی کەسێکی دیکە بوو، ئەویش دوای نزیکەی مانگێک بەبێ ئاگاداری ئێمە ئازاد کرا".

ڕۆژی 2018/11/28 کەسێکی دیکە بەناوی سەباح محەممەد لە نزیک مەیدانی چەکفرۆشان لە کەسنەزان کوژرا، دواتر دەرکەوت بکوژانی سەباحیش تاوانەکەیان بە ئۆتۆمبێلێکی BMWی ڕەنگ ڕەش کردووە کە هەمان تابلۆی دوو بی ئێمەکەی پێشوویان لەسەر بووە. ئەویش دەستی بەسەردا گیرا. دواتر زانراوە سەباحیش بە دەستی هەمان باند کوژراوە و کەسێک بەناوی (ب.س) پلانی کوشتنەکەی داناوە.

بەپێی قسەی عەبدولقەهار، ئەو باندە زیاتر لە 10 ساڵە هەن، پێشتریش تاوانی کوشتنی دیکەیان کردووە. ئەو دەڵێ: "ئەو باندە گەورەترین مافیان لە کوردستان، ژمارەیان زیاتر لە 12 کەسە. (ح.س) چەند فەرمانێکی دەستگیرکردنی هەیە، پێشتریش لە ساڵی 2009 کەسێکی بەناوی (ع.ک) کوشتووە. ئەوانە لە تورکیا و یۆنان کاری قاچاخچێتی دەکەن".


هەژار عەلی عومەر

سەرچاوەیەکی ئەمنی زانیاری نێو دۆسیەی کوشتنی دوو کەسەکەی پشتڕاست کردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت: "(ح.ی) سەرۆکی باندەکەیە و بەئاشکرا هەژاری لە ڕێگەی گوێر کوشتووە. دوای چەند مانگێک هەمان باند سەباحیشیان کوشتووە. دوو ئۆتۆمبێلی BMW کە لەکاتی هەردوو تاوان بەکارهاتوون، هەمان تابلۆیان هەبووە. هەروەها ئۆتۆمبێلێکی دیکەی ڕەساسیش هەمان تابلۆی لەسەر بووە، بەڵام هێشتا دیارنییە ئەویش تاوانی پێکراوە یان نا".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی: "ئەو چەک و ئۆتۆمبێلەی تاوانی کوشتنی سەباح محەممەدی پێکراوە لە سۆران بە دەستی (ب.س)ـەوە بینراوە. ئەوانە فەرمانی دەستگیرکردنیان بۆ دەرچووە، بەڵام لە دەرەوەی عێراقن".

سەبارەت بە چۆنیەتی هاتوچۆکردنی ئەو تۆمەتبارانە بۆ هەرێمی کوردستان و دەربازبوونیان لەدوای تاوانەکان، ئەو سەرچاوە ئەمنییە گوتی: "ئەو تاوانبارانە کە دەگەڕێنەوە هاوکاری دەکرێن تاوەکو تاوانەکە دەکەن، دواتر بە پاسپۆرتی ساختە لە هەرێمی کوردستان دەرباز دەکرێن. ڕۆژی 2018/11/25 (ح.ی) و براکەی لەنێوان هەولێر و سلێمانی بینراون. دواتر (ح.ی) بە پاسپۆرتێکی ساختەی ئێرانی و بە ناوی (ف.ن) لە دەروازەی سنووری باشماخەوە هەرێمی کوردستانی بەجێهێشتووە. دەشڵێن پاسپۆرتی ساختەی سووری و تورکی و عێراقیشی هەیە".

ئەو سەرچاوە ئەمنییە دەشڵێت: "ئەوانە باندێکی قاچاخچین، وەکو مافیا کاری قاچاخچێتی و پەڕاندنەوەی کۆچبەر و فێڵکردن و ڕاوەڕووت دەکەن".

رووداو
راپۆرت
ژمارە ( 541 ) – دووشەممە 2019/2/4



## کەعبی: یاسا بۆ دەرکردنی ئەمریکا دەردەکەین

**رووداو- بەغدا**

حەسەن کەعبی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لێدوانەکەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکای سەبارەت بە مانەوەی هێزەکانی وڵاتەکەی لە عێراق، رەتکردەوە. دۆناڵد ترەمپ رایگەیاند، بەشێک لەوو دوو هەزار سەربازەی وڵاتەکەی کە لە سووریا دەکشێنەوە، دەبەنە بنکەی سەربازی ئەسەد لە عێراق، دەشیەوێ لە رێگەی مانەوە لە عێراق چاودێری ئێران بکات. حەسەن کەعبی، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق لە راگەیێندراوێکدا دەڵێت "پەرلەمان لە وەرزی داهاتووی یاسادانان کار دەکات بۆ دەرکردنی یاسایەک بۆ کۆتاییهێنان بە کارکردن بە رێککەوتنی ئەمنی لەگەڵ ئەمریکا و کۆتاییهێنان بە بوونی راهێنەران و راوێژکارە سەربازییە ئەمریکییەکان و بیانییەکان لە خاکی عێراق".

### گۆڕان هێشتا وەڵامی نەداوەتەوە

# یەکێتی داوای کاراکردنەوەی رێککەوتننامەی دەباشان دەکات

**هاوکار یاسین**
**رووداو- سلێمانی**

لەماوەی دوو هەفتەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان دوو جار داوای لە بزووتنەوەی گۆڕان کردووە کۆببنەوە بۆ ئەوەی هەرچی گلەییان لە یەکدی هەیە رووبەڕوو لەسەر مێزی گفتوگۆ باسی بکەن، بەڵام هێشتا بزووتنەوەی گۆڕان وەڵامی نەداوەتەوە. ئەندامێکی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەکە دەڵێ: "یەکێتی دوو جار رێککەوتننامەی شکاندووە و ئاسان نییە متمانەی تەواو دروست ببێتەوە لە نێوانمان".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لەنێو بەشێکی زۆر لە سەرکردایەتی یەکێتی، خواستی ئەوە هەبووە کە پێکهاتنیان لەگەڵ گۆڕان بخەنە پێش پێکهاتنیان لەگەڵ پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەت، بەڵام بەهۆی ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان ئامادەیی دەرنەبڕیوە بۆ کۆبوونەوە، ئەو هەوڵە بە ئەنجام نەگەیشت.

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند، بڕیار لە کۆبوونەوەکەی نێوان ئێمە و گۆڕان دراوە و ئامانجە سەرەکییەکەشی بریتیە لە پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانی هەردوولا و لابردنی هەر تەگەرەیەک لەبەردەم پەیوەندییەکانمان: "بابەتەکەش لای ئێمە بەو جۆرە سەیر دەکرێت، ئێمە چەند بارنەیەکمان داناوە و بارنەی یەکەم سلێمانییە، ئێمە دەمانەوێت لە چوارچێوەی سلێمانی پەیوەندیەکانمان لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسیەکان پتەو بکەین، ئەوەی پێویست بە چاککردنەوە دەکات چاکی بکەین و پەرەی پێبدەین". هەرچی بارنەی دووەمە کە ئەسەسەرد باسی دەکات، لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستانە بەگشتی و بارنەی سێیەم و چوارەمیش ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستانە "عورفیش وایە، لە نزیکترینەوە دەستپێبکرێت کە سلێمانییە".

### 14 سەرکردەی یەکێتی داوای رێککەوتن لەگەڵ گۆڕان دەکەن



لەوەتەی بزووتنەوەی گۆڕان وەک هێزێکی سیاسی لە ساڵی 2009 دامەزراوە، پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتی لە هەڵکشان و داکشانی بەردەوامدا بووە. بەڵام رۆژی 17ی ئایاری 2016 رێککەوتننامەیەکیان لە نێوان خۆیان واژۆ کرد کە بە "رێککەوتننامەی دەباشان" ناسراوە و لە 25 مادده پێکهاتبوو. رێککەوتنەکە واژۆی هەریەکە لە نەوشیروان مستەفا، رێکخەری گشتی بزووتنەوەکە و کۆسرەت رەسوڵ عەلی، جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی بەسەرەوەیە. هەردوولا بڕیاریان دا لە پرسە سیاسی و ستراتیژی و چارەنوسسازەکاندا هاوهەڵوێست بن، بەڵام دوای تێپەڕینی دووساڵ بەسەر رێککەوتنەکە گۆڕان رایگەیاند کە یەکێتی پابەند نابێت بە رێککەوتنەکەی نێوانیانەوە، بۆیە هەڵیانپەسارد و سەرکردایەتی هاوبەشیش کە بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە دروستکرابوو، هەڵوەشایەوە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) یەکێتی کاغەزێکی نوێی بۆ کۆبوونەوە لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان ئامادە کردووە کە ناوەڕۆکەکەی کاراکردنەوەی رێککەوتننامەی دەباشانە و لە کۆبوونەوەکەدا یەکێتی داوا دەکات یان ئەو رێککەوتننامەیە کارا بکرێتەوە و بەربەستەکانی بەردەمی لاببرێت، یان رێککەوتنێکی نوێ بکەن بۆ ئەوەی لە حکومەت و پەرلەمانیش هاوبەش و هاوکاری یەکدی بن و لە داهاتوودا لەسەر حیسابی یەکدی سیاسەتەکانیان ئاراستە نەکەن لە کوردستان و عێراق.

بەڵام هێشتا لێپرسراوانی بزووتنەوەی گۆڕان برینی شەوی 12ی ئایاری ساڵی رابردوویان بە تەواوی سارێژ نەبووە، کاتێک رایانگەیاند کە یەکێتی هێرشی کردووەتە سەر مەکۆی سەرەکی بزووتنەوەکە و فیشەکی بە بارەگاکەیانەوە ناوە.

هێمن شێخانی، ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان بە (رووداو)ی گوت: "ئەگەر بڕیاربێت لەگەڵ یەکێتی رێککەوتن بکەین، ناتوانین لە رێککەوتنەکەی دەباشان باشتر ئامادە بکەین".

ئەو ئەندامەی جڤاتی نیشتمانی گۆڕان دەڵێ، رێککەوتنی دەباشان لای ئەوان زۆر پیرۆزە، لەبەر ئەوەی لەنێوان دوو سەرکردەی کاریزما، نەوشیروان مستەفا و مام جەلالدا بوو، تەواوی خاڵەکانی ئەگەر هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە وردی بیخوێننەوە، دەزانن لە بەرژەوەندی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە "بۆیە هەرکاتێک ئەم رێککەوتنە جێبەجێ بکرێت ئێمە پێشوازی لێ دەکەین".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کە نایەوێ ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە گومانە لەو پەیوەندییە زۆرانەی یەکێتی بە بزووتنەوەکەیەوە دەکات و دەڵێ: "تەنیا بۆ ئەوەیە گۆڕان لە پرسی پێکهێنانی کابینەی حکومەتدا نەگاتە ئەنجامێکی باش لەگەڵ پارتی، دەشیەوێ دەستە چەورەکەی خۆی بە گۆڕاندا بسڕێ، چونکە خۆی رێککەوتنەکەی پەکخست و ئێستا هەر خۆی داوای دەکاتەوە".

گوتیشی: "لە هەموو حاڵەتێکدا گۆڕان لاری لە پەیوەندی باش و رێککەوتن نییە".

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) لاهور شێخ جەنگی، مەحموود سەنگاوی، رزگار عەلی، رەفعەت عەبدوڵڵا، قادر عەزیز، ئاسۆ مامەند، نەسروڵڵا سورچی، هەڵۆ پێنجوێنی، ئاسۆس عەلی، فەرید ئەسەسەرد، سامان گەرمیانی، سیروان کوێخا نەجم، عەدنان حەمەی مینا، ئاڵا تاڵەبانی و بەرزان ئەحمەد، لەوانەن کە داوای ئەوەیان کردووە پەیوەندی لەگەڵ گۆڕان ئاسایی بکرێتەوە.

دوای شەوی هەڵبژاردنەکەی عێراق کە تەقە لە گردی زەرگەتە کرا، جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە و لە راگەیێندراوی کۆبوونەوەکەدا ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی نێوان گۆڕان و یەکێتی بەسترایەوە بەوەی یەکێتی بە فەرمی داوای لێبووردن لە گۆڕان بکات و ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بدرێتە دادگا کە وەک بەرپرسانی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێن، بڕیاری تەقەکردنی لە گردی زەرگەتە دەرکردبوو، هێشتا ئەو بڕیارەیان وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام زمانی میدیایی نێوانیان هێور بووەتەوە و وەک رۆژانی دوای رووداوەکەش بە رەهایی دانیشتن لەگەڵ یەکێتی رەتناکەنەوە. هەر بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) ئێستا بۆ وەڵامدانەوەی یەکێتی، جڤاتی نیشتمانی و گشتیی بزووتنەوەکە بەسەر بەڵێ و نەخێردا دابەشبوون. بەشێکیان دەڵێن مادام بەیەکەوە حکومەت پێکدەهێنین و حکومڕانی ئەم وڵاتە دەکەین، ناکرێت ئەوەندە ناکۆک بین کە نەتوانین کۆببینەوە "بەڵام بۆچوونێکی دیکە هێشتا لەسەر هەمان ئەو رایەیە کە نابێت بە ئاسانی بچینەوە سەرمێز لەگەڵ یەکێتی". ئەمە بە قسەی هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەکە.

دەربارەی حوکمڕانی داهاتووی هەرێمی کوردستانیش، هێمن شێخانی گوتی: "پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان حیزبەکانی هەرێمی کوردستان رێکبخرێتەوە بۆ پێکهێنانی حوکمڕانییەکی دروست. هیچ چارەیەکی دیکە نییە و دەبێت هەمووان بچینەوە سەر مێزی گفتوگۆ و رێکبکەوین لەپێناو ئەوەی کابینەیەکی خزمەتگوزار دروستببێت".

### پارتی و یەکێتی بە تەلەفۆن دەچنە پێشەوە و لە کۆبوونەوەدا دەوەستن

# پارتی و یەکێتی مەرج و داواکارییەکانیان کەمدەکەنەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

ئەگەر جارێکی دیکە بە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی کورت هەواڵی هەڵوەشانەوەی کۆبوونەوەکە نەگەیێنرێت، رۆژی سێشەممە 2019/2/5 شاندی باڵای پارتی و یەکێتی و لیژنە هاوبەشەکانیان بۆ گەڕی شەشەمی دانوستاندنەکانی نێوانیان کۆدەبنەوە. بەپێی زانیارییەکانی (رووداو) هەردوولا لە ماوەی هەفتەیەکدا بە پەیوەندیی تەلەفۆنی ئامادەییان دەربڕیوە کە ئەمجارە بە هەندێک نەرمی نواندنی زیاترەوە بەیەک بگەن. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێ: "جێگرەوەی رێککەوتن بۆ پارتی و یەکێتی هەر رێککەوتنە"، بەرپرسێکی پارتیش دەڵێت، کەشوهەوای کۆبوونەوەکەی سێشەممە بڕیار دەدات "پارتی و یەکێتی چەند دەتوانن نەرمی بەرامبەر بەیەک بنوێنن".

ئێستا لیستی داواکارییەکانی ئەو لایەنانەی گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەت دەکەن، لە لیستی داواکارییەکانی خەڵک زۆرترە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە سەرەتاوە مەرجی ئەوە بوو کە پۆستی پارێزگاری کەرکوک و وەزیری دادی عێراق بۆ یەکێتی، دەبێت لەسەر ئەو مێزە یەکلایی بکرێنەوە کە گفتوگۆی پێکهێنانی حکومەتی لەسەر دەکرێت. بەڵام پارتی رەتیدەکردەوە ئەو دوو پۆستە ببەسترێن بە پێکهێنانی حکومەتەوە لە هەولێر. ئەوەش چوونە پێشەوەی گفتوگۆکانی پەکخست، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەبارەی کۆبوونەوەی ئایندە دەڵێت: "پێویستە لە کۆبوونەوەی سێشەممەدا لانیکەم بتوانین لەسەر دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان رێکبکەوین بۆ ئەوەی پەرلەمان بەربژێری سەرۆکی حکومەت رابسپێرێ بۆ پێکهێنانی کابینەکەی".



ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی کە داوای کرد ناوی بڵاونەکرێتەوە، دەڵێت قسەکانی نێچیرڤان بارزانی لە مەراسیمی یادکردنەوەی شەهیدانی یەکی شوبات، کەشوهەوایەکی ئەرێنی هێناوەتە ئاراوە: "لە هەفتەی پێشووش پارتی و یەکێتی خۆیان پاراستووە لە لێدوانی بریندارکەر و زبر، پەیوەندییە تەلەفۆنییەکانیش وامان لێدەکەن گەشبین بین بەو کۆبوونەوەیە".

بەرپرسانی پارتی و یەکێتی تێگەیشتوون لەوەی هەر جۆرە هەوڵێک بۆ ئەوەی لایەک لەگەڵ لایەنەکانی دیکە بەرەیەک دروستبکات بۆ ئەوەی قورسایی خۆی نیشان بدات، جگە لە دوورخستنەوەی رێگای پێکهاتن هیچ بەرهەمێکی نابێت و تابلۆی کابینەی نوێش دواجار هەر رەنگی زەرد و سەوزی زۆرتر تێدا دەبێت، بەڵام رەتکردنەوە بەردەوامەکانی داواکانی یەکێتی لەلایەن پارتییەوە و پێداگریی یەکێتی لەسەر داخوازییەکانی چۆن دەگاتە چارەسەرێکی ناوەندی؟

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەڵێت نەرمی نواندنی دوو لایەنە ئەو بەربەستانە دەڕووخێنێ "دەکرێ پارتی بەشێک لە داواکارییەکانی یەکێتی جێبەجێ بکات و پاکێجێکیشیان بخرێتە دوای پێکهێنانی حکومەت، لە بەرامبەریشدا دەستەی سەرۆکایەتی دیاری بکرێ و گفتوگۆی پۆستەکان و سەرۆکایەتی هەرێم لەو مانگەدا تەواو بکرێ کە دیاریی دەکرێ بۆ پێکهێنانی حکومەت".

رۆژی 30ی ئەیلولی ساڵی رابردوو، هەڵبژارنی پەرلەمانی کوردستان کرا. پارتی 45 کورسی و یەکێتی 21 کورسی و بزووتنەوەی گۆڕان 12 کورسی بەدەستهێنا.

عەدنان حەمەی مینا، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، ئومێدەوارە بتوانن لە کۆبوونەوەی داهاتوو بگەنە ئەنجامێکی باش "من دڵنیام یەکێتی مەبەستێتی حکومەت لەوە زۆرتر دوانەکەوێ، یەکێتی بە پارتی گوتووە ئەگەر بەشداری راستەقینە بێت و بە جدی لە دۆسیە گرنگەکان ئاگادار و بەشدار بێت، بەجدی دەچێتە نێو حکومەت و کار بۆ سەرخستنی دەکات و واناکات پێیەکی لە دەرەوە بێت و پێیەکی لەناو حکومەت بێت".

ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێ، هەرچەندە مەرج و داواکاریی لایەنەکان زۆر بن "بەڵام ئەوە گفتوگۆیە و مەرج نییە هەموو داواکارییەکانت جێبەجێ بکرێن، گرنگ ئەوەیە پێکبێیت و لە بەرامبەر وەرگرتنی هەندێک هەندێکیش ببەخشی، بەڵام ئێمە هەموو سەرکردایەتی کۆکین لەسەر ئەوەی بەڕاستی شەریک و هاوبەش بین".

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی

## گەشبینین لە کۆبوونەوەی سێشەممە بگەینە رێککەوتن

پارتی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەت و جێگرێکی سەرۆکی پەرلەمان و 8 وەزارەت.

یەکێتی، پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت و 5 وەزارەت. بزووتنەوەی گۆڕانیش جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان و 3 وەزارەت وەردەگرێ. ئەو پۆستانەی دیکە کە دەمێننەوە، بۆ بەشداریی کەمینەکانە لە حکومەت، بەڵام نەخشەڕێگای پێکهێنانی حکومەت و رێککەوتنێک بۆ ئەوەی لایەنە بەشداربووەکان ئاژاوەی سیاسی لە رێگای چوار ساڵی داهاتووی حکومەت دوور بخەنەوە، بووەتە ئەو دەرگا کڵۆمدراوەی هێشتا کلیلەکەی نەدۆزراوەتەوە.

بەرپرسانی پارتی دەڵێن بڕیاریانداوە پێش کۆبوونەوە هاوبەشەکەیان لەگەڵ یەکێتی و گۆڕان، لێدوان نەدەن و کەشی دانوستاندن نەشێوێ، بەڵام ئەندامێکی سەرکردایەتی پارتی دەڵێ تاوەکو کۆبوونەوەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی نەکرێ، روون نابێتەوە رێگای درێژی نێوان ئەو دوو لایەنە چەند کورت بووەتەوە "دەکرێ لەنێوان داواکارییەکانی پارتی و یەکێتی و گۆڕان، رێگای ناوەند بدۆزرێتەوە، سەرەتا پێکبێن لەسەر ناوەکانی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان".

وەک ئەو بەرپرسەی پارتی گوتیشی، ئەگەر ئەوان لەسەر مەسەلەی وەزیری داد لە بەغدا رێکبکەون "کێشەی مامەڵەکردن لە بەغدا و سەرۆک کۆمار و کاری پێکەوەیی فراکسیۆنەکانی بەغدا چارە دەبێت و دەکرێ یەکێتیش رازی ببێ بەوەی پۆستی پارێزگاری کەرکووک و گەڕانەوەی ئەنجوومەنی پارێزگا بخرێتە دوای پێکهێنانی حکومەت، بەڵام لە ئێستاوە لەسەر ئەوە رێکبکەوین".

لەلایەکی دیکەوە (رووداو) لە رێگەی چەند بەرپرسێکی پارتی و یەکێتییەوە زانیویەتی کە پارتی داوای کردووە لانیکەم هەوڵ بدەن، بۆ رۆژی سێشەممە ناوی سەرۆکی پەرلەمانیان بدەنێ و سەبارەت بە پۆستەکانی دیکەش، یەکێتی و گۆڕان، بۆ هەر وەزارەتێک ناوی دوو کەس بدەنە بەربژێری پۆستی سەرۆکی حکومەت، بەڵام یەکێتی داوای کردووە سەرەتا لەسەر هێڵە گشتییەکان بگەنە رێککەوتن، ئەگەرچی هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە لە نێوان بێگەرد تاڵەبانی و رێواس فایەقدا، کامیان دەبنە ئەو ژنەی بۆ یەکەمینجار لە کوردستان دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان.

## داوای کەمکردنەوەی نرخی ئینتەرنێت و مۆبایل دەکرێت

**رووداو- سلێمانی**

کۆمەڵێک لە رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی یاداشتێکی نارەزاییی دەدەنە نووسینگەی پەرلەمانی عێراق و داوا دەکەن نرخی پەیوەندی تەلەفۆنی و هێڵەکانی ئینتەرنێت کەمبکرێتەوە. لە ماوەی رابردوودا چەند رێکخراوێکی مەدەنی و چەند چالاکوانێک لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک کەمپینێکیان دژی نرخی پەیوەندی تەلەفۆنی و هێڵەکانی ئینتەرنێت لە باشووری کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری سلێمانی راگەیاند. رۆژی 3-2-2019 ژمارەیەک لەو چالاکڤانانە یاداشتێکی نارەزاییان دایە نووسینگەی پەرلەمانی عێراق و داوا دەکەن نرخی پەیوەندی تەلەفۆنی و هێڵەکانی ئینتەرنێت کەمبکرێتەوە.



رووداو راپۆرت
ژمارە (541) - دووشەممە 2019/2/4

### کۆمپانیاکە هیچ پەیوەندییەکی بە پرۆژەکەوە نەماوە

# بەشداربووانی گوندی کۆڕی بە 7000 دۆلار و پارچە زەوییەک قەرەبوو دەکرێنەوە

**گرێبەست لەگەڵ 4090 بەشداربووی پرۆژەکە ناکرێت**

دەستەی وەبەرهێنان

**رازی نابین لە دارەتووو زەویمان بدرێتی**

نوێنەری بەشداربووانی پرۆژەی گوندی کۆڕی



لە کۆی 5304 خانووی پرۆژەی گوندی کۆڕی تەنیا 1214 خانوویان تەواو کراون (فۆتۆ: رووداو)

**شکار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

4090 بەشداربووی گوندی کۆڕی لە شاری هەولێر کە پێنج ساڵە چاوەڕێی تەواوبوونی خانووەکانیان دەکەن، حکومەت بەنیازە خانووەکانیان نەداتێ و قیستی یەکەمیان بداتەوە و بە پارچە زەوییەکیش لە شوێنێکی دیکە قەرەبوویان بکاتەوە. بەپێی نووسراوێکی دەستەی وەبەرهێنانیش، ئەو کۆمپانیایەی ئەرکی دروستکردنی پرۆژەی گوندی کۆڕی پێسپێردرابوو، هیچ پەیوەندییەکی بە پرۆژەکەوە نەماوە.

محەممەد کەریم فارس، تەمەنی 35 ساڵە، لە ساڵی 2007 هاوسەرگیری کردووە و ماوەی 11 ساڵە کرێچییە، محەممەد بە (رووداو)ی گوت: "بەتامەزرۆییەوە خۆم ناونووس کرد بۆ وەرگرتنی خانووی گوندی کۆڕی لە هەولێر، کە ناوم لەنێو دەرچووەکاندا هاتەوە زوو حەوت هەزار دۆلارم قەرز کرد و پارەکەم دا بۆ ئەوەی لە کرێچێتی رزگارم بێ، بەڵام 5 ساڵە چاوەڕوانین و نە زەوی و نە خانوو و نە پارەکەشمان دیار نییە، ئێستاش هەر کرێچین و هەموو رۆژێک چاوەڕوانی هەواڵێکی خۆشین".

محەممەد خاوەنی چوار منداڵە، تووشی نەخۆشیی بڕبڕەی پشت بووە و دەڵێ: "بەهۆی نەخۆشییەکەمەوە خانەنشینکراوم و چوار منداڵیشم هەیە، دوویان قوتابی و یەکێکیشیان لە باخچەی ساوایانە، ئەو مووچە کەمەی خانەنشینییەکەم بەشی خەرجیی ماڵ و قوتابخانەی منداڵەکان و کرێی خانوو ناکات، بۆیە هەموو مانگێک قەرزدار دەبمەوە و باوک و براکانم پارەم بۆ دەدەن و هاوکاریم دەکەن".

محەممەد یەکێکە لەو چوار هەزار کەسەی چاوەڕوانی حکومەتە کێشەی گوندی کۆڕی چارەسەر بکەن، ئەو دەڵێ: "باسی ئەوە دەکرێت حەوت هەزار دۆلارەکەمان دەدرێتەوە و قەرەبوومان دەکەنەوە، ئێمە رازین بە بڕیارەکە و دەتوانین هەندێک پارەی دیکەش قەرز بکەین، خانوویەکی پێدرووست بکەین و لە کرێچێتی رزگارمان بێ".

دوای نارەزایەتییەکی زۆری ئەو خێزانانەی خانوویان لە گوندی کۆڕی بۆ دەرچووە و هێشتا وەریاننەگرتووە، ئەنجوومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەڵ دەستەی وەبەرهێنان و پارێزگاری هەولێر و وەزارەتی شارەوانی دەیانەوێت قەرەبوویان بکەنەوە.

پرۆژەی گوندی کۆڕی لە 5304 خانوو پێکدێ و پێنج ساڵ لەمەوبەر دەست بە دروستکردنی کراوە، بەڵام تا ئێستا تەنیا 1214 خانوویان تەواو بوون.

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر سەبارەت بە چارەنووسی ئەو خانووانەی لە گوندی کۆڕی دروست نەکراون بە (رووداو)ی گوت: "فایلەکەیان لە ئەنجوومەنی وەزیران و دەستەی وەبەرهێنانە، لە ئەنجوومەنی وەزیران دوا بڕیاری لەسەر دەدرێت".

بەپێی نووسراوێکی دەستەی وەبەرهێنان کە لە رۆژی 2018/8/12 دەرچووە و کۆپییەکی دەست (رووداو) کەوتووە، تاوەکو ئێستا 1214 یەکەی نیشتەجێبوون لە گوندی کۆڕی تەواوبوون و گرێبەست لەگەڵ خاوەنەکانیان کراوە، ئەو پارەیەی نیوەی نرخی خانووەکەیە کە (19750) دۆلارە و لەسەر خاوەن یەکەکان ماوە، وەردەگیرێ و خانووەکان بەپێی ئەو تیروپشکەی کە پارێزگای هەولێر لە 2018/5/7 کردی، رادەستی خاوەنەکانیان دەکرێ.

بەپێی نووسراوەکە کۆمپانیای جێبەجێکار (I.K.K.C) بڕی چوار ملیۆن و 456 هەزار و 700 دۆلاری لە 5304 هاووڵاتی وەرگرتووە بەپێی ئەو لیستانەی بۆ پارێزگای هەولێر نێردراون، ئەو پارەیەش کە لەلای هاووڵاتیان ماوە 8 ملیۆن و 149 هەزار و 800 دۆلارە، هێشتاش (4090) هاووڵاتی ماون کە یەکەکانی نیشتەجێبوونیان وەرنەگرتووە.

دەستەی وەبەرهێنان لە نووسراوەکەدا باسی چارەنووسی ئەو 4090 خانووە دەکات: "بێجگە لەو 1214 خاوەن یەکەیەی گرێبەستیان لەگەڵ کراوە، هیچ کەسێکی دیکە گرێبەستی لەگەڵ واژۆ ناکرێ، واتە 4090 هاووڵاتییەکەی دیکە بەهیچ شێوەیەک گرێبەستیان لەگەڵ واژۆ ناکرێ".

هەروەها ئەو کۆمپانیایەی ئەرکی دروستکردنی پرۆژەی گوندی کۆڕی پێسپێردرابوو، دوای ئەو نووسراوەی دەستەی وەبەرهێنان هیچ پەیوەندییەکی بە گوندی کۆڕییەوە نامێنێ.

وەک لە نووسراوەکەدا هاتووە: "دەستەی وەبەرهێنان لە هەولێر پارەی ئەو هاووڵاتیانەی پارەی پێشەکییان بە کۆمپانیاکە داوە و یەکەکانی نیشتەجێبوونیان وەرنەگرتووە دەگەڕێنێتەوە کە ژمارەیان 4090 هاووڵاتییە و هەریەکەیان 7000 دۆلاری داوەتە کۆمپانیاکە، واتە دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر 28 ملیۆن و 630 هەزار دۆلاریان بۆ دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کێشەکەیان چارەسەر ببێ، بۆیە مافی ئەو هاووڵاتیانە لەسەر کۆمپانیای I.K.K.C نامێنێت و هیچ بەرپرسیارێتییەکی یاسایی و کارگێڕی و دارایی لەسەر نامێنێت".

سەبارەت بەو 1214 هاووڵاتییەش کە یەکەکانیان تەواوبووە و وەریانگرتووە، لە نووسراوەکەی دەستەی وەبەرهێناندا هاتووە بڕی 19750 دۆلاری دیکە لە خاوەنی هەر یەکەیەکی نیشتەجێبوون وەردەگیرێ.

حکومەت لەگەڵ نوێنەری خاوەن خانووەکانی گوندی کۆڕی کۆبووەتەوە، بەگوتەی ئەوان بڕیاری قەرەبووکردنەوەیان دراوە. شوان محەممەد حوسێن، نوێنەری خاوەن خانووەکانی گوندی کۆڕی بە (رووداو)ی گوت: "رۆژی 2019/1/28 لەگەڵ نوێنەری ئەنجوومەنی وەزیران، دەستەی وەبەرهێنانی هەولێر، نوێنەری پارێزگای هەولێر کۆبووینەوە، هەموویان گوتیان بڕیار دراوە ئەو 7000 دۆلارەی لە هەر خێزانێک وەرگیراوە بۆیان دەگەڕێندرێتەوە و پارچە زەوییەکیش وەکو قەرەبوو وەردەگرن، تەنیا لەسەر رەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران ماوە".

بەشداربووانی پرۆژەکە پێشنیازی خۆیان هەبووە، بەڵام وەرنەگیراوە. شوان محەممەد دەڵێت: "زۆر داوامان کرد زەوییەکانمان لە گوندی کۆڕی بدەنێ، خۆمان بیدەینە کۆمپانیایەک و خانووەکان بە دیزاینی گوندی کۆڕی دروستبکەین، گوتیشمان لەبەرئەوەی حکومەت پارەی نییە، 7000 دۆلارەکەمان ناوێتەوە، هەریەکەشمان 15000 دۆلاری دیکە دەدەین بۆ ئەوەی خزمەتگوزاریمان بۆ دابین بکرێت، بەڵام رازی نەبوون و دەڵێن چیدیکە باسی ئەو زەوییانە مەکەن".

بە گوتەی ئەو نوێنەرە، حکومەت شوێنێکی بۆ قەرەبووکردنەوەی بەشداربووانی گوندی کۆڕی دەستنیشان کردووە: "ئێستا شوێنێکیان دیاری کردووە لەپشت دارەتوو بەناوی (باغولمنارە)، شوێنەکە زۆر باش نییە، ناکرێت دوای پێنج ساڵ چاوەڕوانی زەوییەکمان لە شوێنێک پێبدەن کە هیچ خزمەتگوزارییەکی نەبێ و نرخەکەی دوو بۆ سێ هەزار دۆلار بێ، ئەوە زوڵمە و ئێمە پێی رازی نابین".

خاوەن خانووەکانی گوندی کۆڕی دەستیان لە زەوییەکانی گوندی کۆڕی شووشتووە، چونکە وەک شوان دەڵێ: "ئێمە لە کۆبوونەوە دەمانگوت دەمانەوێت زەوییەکانی خۆمان لە گوندی کۆڕی بدەنەوە، بەڵام ئەوان دەیانگوت باسی مەکەن و ناتوانن. لە دوا کۆبوونەوەش پێمانگوتن لەبەر ئەوەیە کە لە کونسوڵخانەی ئەمریکا نزیکە، بەڵام ئەوان دەیانگوت وانییە، بەڵام ئێمە پێمانوایە هەر لەبەر ئەوەیە، ئێستاش ئێمە رازین لە شوێنێکی دیکە قەرەبوومان بکەنەوە، بەڵام شوێنێکی گونجاو بێ و خزمەتگوزاری هەبێ".

# لە دوو هەفتەی داهاتوودا لێژنەی قەرەبووکردنەوەی زیان لێکەوتووانی دەستی تیرۆر کارا دەکرێت

**شکار ئەحمەد**
**رووداو - هەولێر**

بەشێک لە کەسوکاری شەهیدانی شەڕی دژی تیرۆر گلەیی لەوە دەکەن کە بە زەحمەت راپۆرتی پزیشکیی شەهیدەکانیان دەدرێتەوە، بەڵام بەڕێوەبەری گشتیی پزیشکی دادوەری لە هەرێمی کوردستان دەڵێت "هەندێ کەس بۆ دەستکەوتی ماددی فێڵ لە حکومەت دەکەن و چەند مووچەیەک بەناوی شەهیدانەوە وەردەگرن، بۆیە پزیشکی دادوەری، دانەوەی راپۆرتی پزیشکی سنووردار کردووە.

دکتۆر یاسین کەریم بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەپێی یاسا راپۆرتی پزیشکی دەدرێت بە کەسی پلە یەکی شەهیدەکە وەکو دایک، باوک، خوشک و برا یان منداڵەکانی، ئەویش بەو مەرجەی هاوسەرگیری نەکردبێ، بەهیچ شێوەیەک راپۆرتی پزیشکی نادرێ بە مام، خاڵ، پوور و ژنێکیش کە دوای شەهیدبوونی پیاوەکەی، شووی کردبێتەوە".

گوتیشی: "ئێمە هەموو راپۆرتەکانمان بە داتایە و هیچ شەهیدێکی تیرۆر نییە کە کەسوکارەکەی بەپێی یاسا داوای راپۆرتی پزیشکی کردبێ و نەماندابێتەوە، تەنیا سێ چوار حاڵەت نەبێ کە هێشتا ناسنامەکەیان لەلای ئێمە ئاشکرا نییە، چونکە تەنیا ئێسک و پروسکیان هاتووەتە لای ئێمە".

بەڕێوەبەری گشتیی پزیشکی دادوەری ئاماژەی بەوەدا کە لە کاتی پێدانی راپۆرتی پزیشکی بە کەسوکاری شەهیدان، زۆرجار کێشەیان بۆ دروست دەبێ: "هەندێک کەس دەیانەوێ بازرگانی بە شەهیدەکانیانەوە بکەن، ژن هەیە دوای شەهیدبوونی هاوژینەکەی شووی کردووەتەوە، بەڵام ناسنامەکەی نەخستووەتە سەر مێردە تازەکەی، بە ناسنامە کۆنەکەیەوە هاتووە داوای راپۆرتی پزیشکی هاوژینەکەی کردووە، ئەمە بازرگانییە بە شەهیدەکانەوە لەپێناوی مووچە و دەستکەوتی ماددی، بۆیە شەهید هەیە دوو سێ مووچە بەناوی وەردەگیرێ".

پزیشکی دادوەری رێکارەکانی پێدانەوەی راپۆرتی پزیشکی توند کردووە، د. یاسین کەریم دەڵێ: "ئێستا کەس ناتوانێت فێڵ لە ئێمە بکات، چونکە بەپێی رێنماییەکان یەک جار راپۆرتی پزیشکی دەدەینەوە کەسوکارەکەی، ئەویش بە فلتەرێکی توندا تێدەپەڕێ، پەنجەمۆری پێدەکەین و ژمارە تەلەفۆنەکەی وەردەگرین، ئەوانەش دەچنەوە لای پۆلیس و وەزارەتی پێشمەرگە و لایەنە پەیوەندیدارەکان، هیچ کەسێکی دیکە ناتوانێ داوای راپۆرتی پزیشکی بکات، بەڵام ئەگەر دواتر بۆ راییکردنی مامەڵەیەکی دیکە بیەوێ، تەنیا بۆی کۆپی دەکەینەوە و تەسدیقی دەکەینەوە، ئەویش دەبێ هەمان ئەو کەسە بێ کە یەکەمجار پەنجەمۆرەکەی کردووە".

دوو هەفتە لەمەوبەر لە هەولێر نووسینگەی لیژنەی داکۆکی لە زیانلێکەوتووانی تیرۆر کە وەک بەڕێوەبەرەکەی دەڵێ سەر بە حکومەتی عێراقە، کرایەوە و فۆڕمی بۆ زیانلێکەوتووانی دەستی تیرۆر پڕدەکردەوە، بەڵام رۆژی 2019/2/1 ژمارەیەک لە زیانلێکەوتووانی دەستی تیرۆر لەبەردەم نووسینگەکە گردبوونەوە، چونکە پێیانوابوو ئەو نووسینگەیە هیچ بنەمایەکی نییە و تەنیا پارە لە خەڵک وەردەگرن.

فەرهاد ئیبراهیم کە خاوەنی دوو شەهیدی دەستی داعشە بە (رووداو)ی گوت: "ئەوە کاری وەزارەتی پێشمەرگەیە نووسینگەیەک دابنێ، چونکە ئەوان وەزارەتێکی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانن و داتا و ناوی هەموو زیانلێکەوتووانی دەستی تیرۆریان لەلایە، ناشبێ رێگە بدەن هەرکەسێک بیەوێ نووسینگەیەک دابنێت و بانگەشەی ئەوە بکات کە قەرەبوومان دەکاتەوە، فۆڕممان پێ پڕبکاتەوە و پارەمان لێوەربگرێ، دواتریش بزانرێ بەبێ مۆڵەت بەبەرچاوی ئێوەوە کاری کردووە".

نزار مامە، بەرپرسی نووسینگەی هەولێری لێژنەی داکۆکی لە زیانلێکەوتووانی تیرۆر بە (رووداو)ی راگەیاند: لیژنەکەیان لەلایەن نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق پێکهێنراوە و راستەوخۆ سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقە، هەروەها رەزامەندی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشیان هەیە. بەڵام سەرچاوەیەک لە وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوان رەتیکردەوە رێگە بە کردنەوەی نووسینگەکە درابێت "چونکە بە قسەی خۆیان ئەوان بەرگری لە مافی قوربانیانی تیرۆر دەکەن، ئەمەش دەچێتە چوارچێوەی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لیژنەی حکومەت نین".

سەرچاوەکەی وەزارەتی شەهیدان دەشڵێ: "ئەوان وایان لە خەڵک گەیاندبوو کە خۆیان قەرەبووی قوربانییەکان دەکەنەوە، بەڵام ئەوان ناتوانن قەرەبوویان بکەنەوە، چونکە لیژنەیەکی وا بەپێی یاسا دادەنرێ، سەرۆکی لیژنەکە دەبێت دادوەر بێ و چەند ساڵێک ئەزموونی هەبێ، هەروەها نوێنەری وەزارەتی دارایی، ناوخۆ، پیشمەرگە، تەندروستی، بەڕێوەبەرایەتی تاپۆ و نوێنەری شەهیدانی تێدا بێ".

رۆژی 2019/2/1 بە بڕیاری قائیمقامی هەولێر نووسینگەکە داخرا. نەبەز عەبدولحەمید، قایمقامی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند: ئەو شوێنە مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانی نەبوو، بەناوی قەرەبووکردنەوەی قوربانیانی تیرۆر فۆڕمی بۆ خەڵک پڕدەکردەوە، خەڵک لە شارەزوو، هەڵەبجە، گەرمیان، پشدەر، بادینان و دهۆکەوە رۆژانە بەلێشاو دەهاتن فۆڕمیان پڕدەکردەوە و بۆ هەر فۆڕمێک 7 هەزار دیناریان لێوەرگرتوون، بۆیە نووسینگەکەمان داخست و داوامان لێکردن مۆڵەتی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەربگرن، ئینجا رێگە بە کردنەوەی دەدەین".

دوای داخستنی نووسینگەکە، (رووداو) پەیوەندی بە نزار مامە بەرپرسی نووسینگەکەوە کرد، ئەو گوتی: "تاوەکو مامەڵەکانم لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ و لایەنە پەیوەندیدارەکان تەواو نەکەم، هیچ لێدوانێک لەسەر بابەتەکە نادەم".

ماوەی دوو رۆژە لیژنەیەک بۆ قەرەبووکردنەوەی زیانلێکەوتووانی دەستی تیرۆر لەسەر ئاستی باڵا لە بەغداوە هاتوونەتە هەولێر و لەگەڵ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان کۆبوونەتەوە. هەردوولا گەیشتوونەتە رێککەوتن، لیژنەیەکی دیکە لەسەر ئاستی باڵا لەنێوان وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان و وەزارەتی شەهیدان لە حکومەتی فیدراڵ پێکهێنراوە دەستدەکەن بە نووسینی ناوی زیانلێکەوتووانی دەستی تیرۆر.

بەرەڤان حەمدی، بریکاری وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان بە (رووداو)ی گوت: "لیژنەکە لە ماوەی دوو هەفتەی داهاتوو کارا دەبێ و بڕیار لەسەر میکانیزمی قەرەبووکردنەوەی کەسوکاری شەهیدان و بریندار و زەرەرمەندانی تیرۆر دەدرێ، دەبێ لەچوارچێوەی ئەو بودجە تایبەتە بێت کە لە پەرلەمانی عێراق دیاریکراوە بۆ قەرەبووکردنەوەی قوربانیان".

### کەسوکاری شەهیدان و برینداره‌کان چەند قەرەبوو وەردەگرن؟

کەسوکاری شەهیدان و ئەو بریندارانەی رێژەی برینەکەیان لە 75% بەسەرەوەیە، بە پێنج ملیۆن دینار قەرەبوو دەکرێنەوە. بریندارانی دیکەش بەگوێرەی رێژەی بریندارییان قەرەبوو دەکرێنەوە. هەروەها دوای قەرەبووکردنەوە مووچەی مانگانەیان بەمشێوەیە دەبێ: کەسوکاری شەهید و بریندار رێژەی لە 75% بەسەرەوە ملیۆنێک و 200 هەزار دینار. برینداری رێژەی لە 50% زیاتر، 800 هەزار دینار. برینداری زیاتر لە 30% بڕی 400 هەزار دینار. کەمتر لە 30% بڕی 200 هەزار دینار وەردەگرێ.

# داعش تەنیا چوار کیلۆمەتر چوارگۆشە خاکی بەدەستەوە ماوە

ڕووداو- هەولێر

دوو گوندی وشک و برینگ لە سووریا هەموو ئەو ناوچەیەیە کە بە ئاشکرا بە دەست چەکدارانی داعشەوە ماوە. بەرپرسە سەربازییە کورد و ئەمریکییەکان پێیانوایە لە چەند هەفتە یان چەند ڕۆژی داهاتوودا داعش لەڕووی جوگرافیشەوە سفر دەبێتەوە. بەڵام بڕیاری کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سووریا و نەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان هێزە جیاجیاکان لە عێراق، دەرفەتی گەورە بە داعش دەبەخشێ بۆ ئەوەی لە کورتخایەندا چەکدارەکانی بشارێتەوە و لە درێژخایەنیشدا هەوڵی هەڵسانەوە بدات، جموجۆڵەکانی داعش لەسەر سنووری نێوان عێراق و سووریا دەشێ ئاماژەیەکی بەرایی ئەو هەوڵە بێ.

شێن رایان، گوتەبێژی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، هۆشداری دەدات کە کۆتاییهاتنی شەڕی زەمینی بە مانای کۆتاییهاتنی داعش نییە، چونکە ئەو گروپە خەریکی خۆکۆکردنەوەیە لەو ناوچانەی لە سێ ساڵی ڕابردوودا لەدەستی داون. رایان بە (واشنتن پۆست)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە "داعش دەست لە خۆکۆکردنەوە هەڵناگرێ، وەک لە دوو هەفتەی ڕابردوودا هەوڵدەدات ڕووداوی گەورە بخولقێنێ". وەک ئەوەی لە مەنبج ڕوویدا.

ئێستا، هەموو شەڕی ڕاستەوخۆی هاوپەیمانان و داعش لە ناوچەکانی دەوروبەری دوو گوندن و ڕووبەری ناوچەکەش تەنیا چوار کیلۆمەتر چوارگۆشەیە. گومان دەکرێ 2000 داعش لەو ناوچەیە خەریکی شەڕ بن، کە ئەگەرچی چەندینجار دەرفەتی ڕاکردن یان خۆڕادەستکردنیان بۆ ڕەخساوە، کەچی شەڕیان هەڵبژاردووە.

ئارام کۆچەر، شەڕڤانێکی یەپەگە لە ناوچەکە، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی (ئیندیپێندنت)ی بەریتانی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ژمارەی داعشەکان لەو ناوچەیە زۆر لەوە کەمترە کە باس دەکرێ. ئارام پێیوایە ئەوەی ماوەتەوە 3000 "داعشی کەللەڕەقن" کە هەموویان بیانین و ژمارەیەکی زۆریان چیچانی و ڕووسن "ئەوان بە ئەزموونترین و توندترین چەکدارەکانی داعشن. داعشە سوورییەکان ئێرەیان جێهێشتووە".



چەکدارانی داعش لە سووریا لەڕێی قاچاخچییەکان و هۆزەکانەوە دێنە عێراق

گوتەبێژێکی هەسەدە بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی ڕاگەیاندووە، ژمارەیەک لە چەکدارانی داعش کە کەوتبوونە گەمارۆوە پێشنیازیان کردبوو لە بەرامبەر ئازادکردنی هاووڵاتیانی مەدەنی ڕێگەیان بدەن بەرەو تورکیا یان ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی قاعیدە لە باکووری سووریا بڕۆن.

بەرپرسانی ڕۆژئاوای کوردستان پێیانوایە ئەو چەکدارانەی لەو ناوچە بچووکە ماونەتەوە سەرکردەی پلەبەرز و چەکداری بەناوبانگی داعشیان تێدایە. بەڵام بەرپرسانی ئەمنیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا بە دووری دەزانن ئەبوبەکر بەغدادی، سەرکردەی داعش، لەو ناوچە بچووکەدا مابێ، بەڵکو دەبێ ماوەیەکی زۆر پێش هێرشە سەختەکانی ئەم دواییە ڕایکردبێ. زانا ئامێدی، گوتەبێژی یەکینەکانی پاراستنی گەل (یەپەگە) بە (پۆست)ی ڕاگەیاندووە "بەغدادی نەمردووە، بەڵام لەو گوندانەش نییە". ڕۆژی شەممەی ڕابردوو دەنگۆی گیرانی بەغدادی بڵاوبووەوە، بەڵام هەسەدە زوو هەواڵەکەی ڕەتکردەوە.

باغۆز یەکێکە لەو گوندانەی شەڕە قورسەکەی ئەم دواییەی لێیە و تەنیا چەند چەند سەت مەترێک لە ناوچەی ستراتیژی قائیم دوورە کە دوایین ناوچەی شاریی عێراق بوو لە تشرینی دووەمی 2017 ڕزگارکرا. فەرماندەکانی سوپای عێراق لە یەک مانگی ڕابردوودا تێبینی هاتوچۆی چەکدارانی داعش لەو ناوچەیەیان کردووە. ململانێی هێزەکانی ئەو ناوچەیەش دەکرێ ئاسانکاری بۆ ئەو جموجۆڵانە بکات.

قائیم سێ هێزی سەرەکی لێیە، سوپا و پاسەوانی سنووری عێراق لە باکوور، هێزەکانی هاوپەیمانان لە ڕۆژهەڵات و میلیشیاکانی

> داعش تەنیا 300 چەکداری لە دوو گوندی سووریا ماون کە زۆربەیان چیچانی و ڕووسن
>
> شەڕڤانێکی یەپەگە

حەشدی شەعبی لە باشووری ناوچەکە جێگیرن. فەرماندەکانی سوپای عێراق بە ماڵپەڕی (ئینتەرسێپت)یان ڕاگەیاندووە کە هاوئاهەنگی تەواویان لەگەڵ هاوپەیمانان هەیە.

بەڵام میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کێشەی دەسەڵات و مەشرووعییەتیان لەگەڵ هێزە فەرمییەکانی عێراق هەیە. ئەحمەد دلێمی، سەرۆکی شارەوانیی قائیم، بە ماڵپەڕە ئەمریکییەکەی ڕاگەیاندووە ململانێی ئەو دوو هێزە کێشەی بۆ بازرگانانیش دروستکردووە "چونکە ئەگەر بارهەڵگرێک مۆڵەتی دەرچوون لە خاڵی پشکنینی سوپا و پۆلیس وەربگرێ، لە خاڵی پشکنینی حەشد ڕەتی دەکەنەوە". فەرماندەیەکی فیرقەی 8یش دەڵێ "ئێمە هیچ کۆنترۆڵێکمان بەسەر حەشدەوە نییە".

کەتایب حیزبوڵڵا، یەکێک لە میلیشیا شیعەکانی ئەو ناوچەیەیە کە لە لیستی تیرۆری ئەمریکاش دایە. قووڵبوونەوەی ململانێکانی ئەمریکا و ئێران کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر پەیوەندیی ئەمریکییەکان و هێزەکانی حەشد داناوە. فەرماندەیەکی حەشد کە بۆ (ئینتەرسێپت) دواوە ئەمریکییەکان تۆمەتبار دەکات بەوەی حەشد دنە دەدەن. هیچ هێڵێکی پەیوەندی و زانیاری ڕاستەوخۆ لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا و حەشددا نییە، بۆیەش سوپای عێراق ڕۆڵی نێوەندگیر دەبینێ، ئەمەش هەر گواستنەوەی زانیارییەکانی خاو کردووەتەوە و هەمیش ئەگەری زانیاری هەڵەی بەرزکردووەتەوە.

فەرماندە و بەرپرسانی عێراقی لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە داعشەکانی سووریا بەهۆی قاچاخچی یان شوان و قەرەجەکانەوە ئاودیوی عێراق دەبن. حکومەتی عێراق لە چەند هەفتەی ڕابردوودا سنوورەکانی لەگەڵ سووریا بەهێزکردووە، لەوانەش هێزی سەربازی و تۆپخانەی ڕەوانەی ناوچە سنوورییەکان کردووە و فڕۆکە عێراقییەکانی لە ناو خاکی سووریا چەکدارانی داعش دەکەنە ئامانج.

لە ساڵانی دەسەڵاتی خۆیدا، داعش لە ڕێگەی هۆزە عەرەبەکانەوە چەک و چەکداری لە نێوان عێراق و سووریا هاتوچۆ پێدەکرد، بەرپرسانی سەربازی و لۆکاڵیی ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و سووریا بە (جورناڵ)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە داعش جارێکی دیکە ڕووی لەو شێوازە کارکردنە کردووەتەوە، ململانێی نێوان هێزە جیاجیاکان و بڕیاری کشاندنەوەی هێزەکانی ئەمریکا گوڕ و تینی بە داعش داوە.

بەرپرسانی سەربازی و ئەمنی عێراق نیگەرانن لەوەی دەرچوونی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی سووریا بۆشاییەک دروستدەکات کە داعش بە ئاسانی دەتوانێ بیقۆزێتەوە. یەحیا ڕەسووڵ، گوتەبێژی ناوەندی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە لێدوانێک بۆ ڕۆژنامە ئەمریکییەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە "بڕیاری کشانەوەی هێزەکان لە سووریا دەشێ داعش لەو ناوچانە (واتە ناوچە سنوورییەکانی نێوان عێراق و سووریا) چالاک بکاتەوە". بەمەش ئەرکی هێزە عێراقییەکانی سەر سنووریش سەختتر دەبێ.

# ئافرەتان چەکە نوێیەکەی داعشن

ڕووداو- هەولێر

دوو مانگ لەمەوبەر سۆزان بەناو یەکێک لە بازاڕەکانی مووسڵدا دەسووڕایەوە، دەبووایە پێنج کیلۆ ئارد، لاپتۆپێک و ئیندۆمی و کۆمەڵێک کەلوپەلی دیکە بکڕێ. شتەکان ئاسایی دیار بوون، بەڵام مەبەستەکەی ئاسایی نەبوو، ئەو ژنە بازاڕی بۆ چەکدارانی داعش دەکرد. بەرپرسانی ئەمنیی عێراق دەڵێن لە چەند مانگی ڕابردوودا ژمارەی ئافرەتانی وەک سۆزان زیادیان کردووە.

دادگای مووسڵ داوای کردووە ناوی دووەمی ئەو ژنە ئاشکرا نەکرێ، بەڵام ئەوەی دەزانرێ ئەوەیە دایکێکی تەمەن 40 ساڵی عێراقییە و ئێستا چاوەڕێی نۆرەی دادگاییەکەی دەکات. تۆمەتەکەشی هاوکاری و هاودەستیکردنی داعشە. وەک خۆی بە ڕۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی گوتووە: "دەمزانی ئەوەی دەیکەم هەڵەیە، بەڵام چی بکەم پێویستی ناچاری کردم".

بەرپرسانی ئەمنیی عێراق بە ڕۆژنامە ئەمریکییەکەیان ڕاگەیاندووە، زۆر ژنی وەک سوزان هەن کە کار بۆ داعش دەکەن. هەندێکیان کاری دابەشکردنی پارە دەکەن، ژمارەیەکیان کەلوپەلی ڕۆژانە بۆ چەکداران دەکڕن، لە هەندێک حاڵەتیشدا ئافرەتەکان چەکیان بۆ داعش شاردووەتەوە یان بۆمبی دەستکردیان گواستووەتەوە.

لە چوار ساڵی ڕابردوودا زۆرینەی چەکدارە پیاوەکانی داعش کوژراون، دەستگیرکراون یان خۆیان شاردووەتەوە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرە ئافرەتەکانی بە ئازادی دەسووڕێنەوە. ئافرەتانی ژێر دەسەڵاتی خەلافەتەکەی داعش دەبووایە ڕوخساریان داپۆشن، بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق دەڵێن ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی وایکردووە نەتوانن ژمارەیەکی زۆر لەو ئافرەتانەی دەستیان لەگەڵ داعش تێکەڵ بووە، بناسنەوە و دەستگیریان بکەن.

سروشتی کۆمەڵگای عێراقی هۆکارێکی دیکەیە کە دەستی ئافرەتەکانی سەر بە داعش دەکاتەوە، بەو پێیەی لە زۆربەی ناوچەکانی عێراق پەیوەندیی نێوان ڕەگەزی مێ و نێری نەناسیاو یەکجار سنووردارە و زۆربەی فەرمانبەر و ئەندامانی دەزگا ئەمنییەکانی عێراقیش پیاون. ئەم دوو فاکتەرەش وایانکردووە ئافرەتەکانی سەر بە داعش دەرفەتێکی جموجۆڵی زیاتریان هەبێ.

ئافرەتەکان بەدەگمەن لە خاڵەکانی پشکنینی ناوەڕاستی عێراق پرسیاریان لێدەکرێ و دەپشکنرێن، زۆربەی جاران هێزە ئەمنییەکان هەر بە ئاماژەی دەست بە ئافرەتان دەڵێن تێپەڕن.

> ئافرەتانی داعش زۆر مەترسیدارترن لە پیاوەکان
>
> دادوەرێک

هەر بۆیە داعش لە ناوچە شارییەکان پشت بە ئافرەتان دەبەستێ، چونکە لەو ناوچانە هێزێکی ئەمنی زۆر هەیە و ژمارەی ئەو خەڵکەش کە بەهۆی داعشەوە زیانیان بەردەکەوێ، زیاترە.

دادوەر ڕەعد حەمید، دادوەری لێکۆڵینەوە لە دادگای تیرۆری مووسڵ، بوونی ئەو کێشەیە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێ: "لە کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەڵاتیدا زۆر سەختە شوێن ئافرەتان بکەوین، لێپرسینەوەیان لێبکەین یان دەستگیریان بکەین". دادوەر ڕەعد کاری لەسەر هەزاران کەیسی چەکدارانی داعش کردووە.

داعش بە پێچەوانەی زۆربەی ڕێکخراوە تەکفیرییەکانی جیهان ڕۆڵی جیاجیان بە ئافرەتان داوە، بۆ نموونە لەو کاتەی هێشتا خەلافەت مابوو، بەشێک لە پۆلیسە شەرعییەکانی داعش ئافرەت بوون، ئەو ئافرەتانە دەبووایە چاودێری ئەوە بکەن چ ژن یان کچێک ڕووپۆشی یان دەسپۆشی نەکردووە. دەسەڵاتی سزادان و ئەشکەنجەدانی ئافرەتانیشیان هەبوو. لە گەرمەی شەڕی مووسڵدا لە 2017 ژمارەیەک لە خۆکوژەکانی داعش ئەو ئافرەتانە بوون کە سەرەتا هێزە عێراقییەکان ئامادە نەبوون تەقەیان لێبکەن.

لە دوای ڕووخانی خەلافەت داعش کاری نوێی بۆ ئەندام و لایەنگرە ئافرەتەکانی دۆزیوەتەوە. ئەلێکس مێلۆ، شارەزا و چاودێری ئەمنی، لە لێدوانێکدا بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ) دەڵێت: "ئێستا ئافرەتان وەکو هێڵی پەیوەندییان لێهاتووە لە نێوان شانەکانی داعش لە ناوچە شاخاوییەکان و تۆڕەکانی پشتیوانی دارایی داعش لە گوندەکان و کەمپە دوورەدەستەکان".

نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆتایی ساڵی ڕابردوودا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە 30 هەزار چەکداری داعش لە سووریا و عێراقن، لەو



ئافرەتان کەمتر چاوی دەزگا ئەمنییەکانیان لەسەرە، داعشیش سوود لەمە وەردەگرێ

(فۆتۆ: AFP)

ژمارەیە 14 هەزاریان لە بیابانەکانی ئەنبار، ناوچە شاخاوییەکانی عەفرین و گوندە دوورەدەستەکانی ناوەڕاستی عێراق چالاکن یان خۆیان شاردووەتەوە.

بەرپرسانی عێراقی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن دیار نییە چەند لەو چەکدارانە ئافرەتن، کاتێکیش ئافرەتێکی گومانلێکراو دەستگیر دەکەن ناتوانن بە ئاسانی دانپێدانانی لێوەربگرن، چونکە دەبێ بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ بەندکراوە ئافرەتەکاندا بکرێ.

دادوەرێکی دادگای تیرۆر بە ڕۆژنامەکە دەڵێ: "خۆم حەزم لێیە لێپرسینەوە لە 10 پیاو بکەم، بەڵام تۆمەتبارێکی ئافرەتم بۆ نەهێنن، چونکە ئافرەتەکانیان زۆر ناجێگیرن، بەردەوام قسەکانی خۆیان دەگۆڕن، دەگرین بۆ ئەوەی هەست و سۆزمان بجووڵێنن، کاتێکیش لە دۆسییەیەکدا بە گیریان دەهێنیت، یەکسەر وای نیشان دەدەن لە هۆشی خۆیان چوون".

لە دوو ساڵی ڕابردوودا ڕاپۆرتی جیاجیا لەبارەی مامەڵەی خراپی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق و میلیشیا شیعەکان لەگەڵ ئافرەتە گیراوەکان بڵاوکراوەتەوە. داعش ئەو ڕاپۆرتانەی وەکو چەکێک بۆ پڕوپاگەندە لەدژی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق بەکارهێناوە. داعش فەرمانگەیەکی تایبەت بە خێزانی چەکدارە کوژراو و گیراوەکانی هەیە.

لە ناو دەزگا ئەمنییەکانی عێراقیش بۆچوونی جیاواز لەبارەی سیاسەتی حکومەتەوە هەیە. بەشێک لە بەرپرسان پێیانوایە ڕاگرتنی هەزاران پیاو و ئافرەت و منداڵی گومانلێکراو لە کەمپەکان بێ هیچ سەرچاوەیەکی بژێوی سزادانێکی بە کۆمەڵی سوننەکانە. بەشێکی دیکە لە بەرپرسانیش جەخت دەکەنەوە لەوەی ڕاگرتنی ئەو خێزانانە لە کەمپەکان لە هەڵمەتی تۆڵەی کۆمەڵگای عێراقی دەیانپارێزێ.

سۆزان لە لێدوانێکدا بۆ (وۆڵ ستریت جورناڵ) ئیدیعای ئەوە دەکات کە "من یەکەمجار نەمزانی ئەو پیاوەی ساڵی ڕابردوو تەلەفۆنی بۆ کردم، چەکداری داعشە". چەکدارەکە 3500 دۆلاری بۆ سۆزان ناردبوو، داوای لێکردبوو بەسەر پێنج کەسی دیکەدا دابەشی بکات و بەشێکیشی بۆ خۆی هەڵگرێ. مێردی سۆزان چەند مانگێک پێشتر بە تۆمەتی هەبوونی پەیوەندی بە داعشەوە دەستگیرکرابوو و لە ئاکامیشدا سزای 15 ساڵ بەندکردنی بۆ دەرچووبوو. بە گوتەی سۆزان مێردەکەی تاکە نانەدەری ماڵەوەیان بوو، بۆیەش بەندکردنەکەی ڕەوشی تێکدان.

یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی سۆزان کڕینی کەلوپەل و خۆراک بووە کە دواتر دەبووایە بیانداتە کەسێکی دیکە، ئەویش دەیبردن بۆ ناوچەی بادۆش لە باکووری ڕۆژئاوای مووسڵ، بادۆش بە یەکێک لە ناوچەکانی چالاکی داعش لەقەڵەم دەدرێ. بەگوێرەی ڕاپۆرتەکە سۆزان کاری زیاتریش بۆ داعش دەکرد ئەگەر دەزگا ئەمنییەکان بە کوڕە 14 ساڵانەکەیان نەزانیبا کە خەریکی چاندنی بۆمبێک بووە. لەو کاتەدا هێزە ئەمنییەکان شوێنی کوڕەکە کەوتبوون هەتا گەیشتبووە بەردەم ماڵی خۆیان. هەڵیانکوتابووە سەر خانووەکە وەرەقەکەیان دۆزیبووەوە کە ڕێنماییەکانی داعش بۆ سۆزانی لەسەر بووە.

ئافرەتە 40 ساڵانەکە لەبارەی ئەو ڕۆژەوە دەڵێ "ئەوان پرسیاریان کرد ئەوە چییە، منیش هەموو مەسەلەکەم بۆ باسکردن". دادوەر ڕەعد پێشبینی دەکات سزای 15 ساڵ بەندکردن بۆ سۆزان دەربچێ. دادوەرێکی دیکەش کە نەیویستووە ناوی ئاشکرا بکرێ دەڵێ نابێ مەترسی و هێزی ئافرەتان بە کەم سەیر بکرێ چونکە "ئافرەتان زۆر مەترسیدارترن لە پیاوان".

## د. موحسین عەبدولحەمید، سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامی عێراق بۆ (رووداو):

# مەلا مستەفا داوای لە عەبدولناسر کرد سەید قوتب لە سێدارە نەدات


(فۆتۆ: رووداو)

د.موحسین عەبدولحەمید، سەرۆکی پێشووی حیزبی ئیسلامی عێراق، لە بەشی دووەمی بەرنامەی پەنجەمۆردا کە شەوی هەینی سەعات 22:05 لە کەناڵی رووداو پەخش دەکرێ، باسی گەیشتنی بیری ئیخوان بۆ کوردستان دەکات و دەڵێت بۆ یەکەمجار لە هەولێر بڵاوبووەوە، بەڵام شیوعییەکان سەرەتا رێگر بوون لە گەیشتنی بیری ئیخوان بۆ سلێمانی. لە هەڵەبجەش بنەماڵەی مەلا عوسمان بەهۆی ئەوەی قوتابخانەی ئاینییان هەبوو، زوو بوونە ئیخوان. هەروەها باسی سەردانی شێخ محەممەد مەحموود سەواف، سەرۆکی پێشووی ئیخوان موسلمین لە عێراق، بۆ کوردستان دەکات.

**هەڤپەیڤین: کاوە ئەمین**
**رووداو – سلێمانی**

شیوعییەکان و قەومییەکان عەبدولکەریم قاسمیان بەکاردەهێنا

بەعسییەکان لە ترسی تۆڵەسەندنەوە عەبدولکەریم قاسمیان کوشت

سەواف لە سەرەمەرگدا وەسیەتی کرد مزگەوتێک لە هەولێر دروست بکەن

لە سەردەمی سەوافدا یەک قسە لەلایەن ئیخوانەوە لە دژی کورد نەکرا

بیری ئیخوان لە کوردستان بۆ یەکەمجار لە هەولێر بڵاوبووەوە

مام جەلال لە دیدی ئیخوانەوە مارکسی بوو، بۆیە سەردانیان نەدەکرد

### بەشی دووەم

**رووداو: لە شۆڕشی 1958 کە تۆ ناوی دەنێی ئینقیلاب، رۆڵی شیوعییەکان زاڵ بوو، هۆکاری ئەمە چی بوو؟**

**د.موحسین:** بە ئیعتیباری خۆیان زۆر ئەفسەریان لە نێو سوپادا هەبوو، عەبدولکەریم قاسمیش کەسێک بوو دەیانهێنا و دەیانبرد. هەندێجار شیوعییەکان و هەندێکجار قەومییەکان بەکاریان دەهێنا. ترساندیان بەوەی کە جەمال عەبدولناسر عێراقیش دەخاتە سەر وەحدەی سووریا و میسر، بۆیە مەجالی بە شیوعییەکان دابوو، هەرچەندە خۆی کە کۆبوونەوەیەکی حەوت سەعاتی کرد لەگەڵ سەرکردەکانی حیزبی ئیسلامی، پێیگوتن ئێوە وا دەزانن من شیوعیم؟ ئەوەی من دژی شیوعییەکان کردم، نووری سەعید نەیکردووە، چونکە من کە مەجالم دا بە شیوعییەکان دەرکەوت حەقیقەتیان چییە، گەلی عێراق هەموو لێیان دوورکەوتنەوە، من خزمەتی ئێوەم کرد. لایەنگریی عەبدولکەریم قاسم بۆ شیوعییەکان ساڵێک زیاتر نەبوو. دواتر کە قەسابخانەی مووسڵ و کەرکووکیان کرد، لە دژی ئەوان قسەی کرد. جاری وا هەبوو وتاری دژی شیوعییەکان دەدا، قەومییەکان راست دەبوونەوە، جاری وا هەبوو لە دژی قەومییەکان وتاری دەدا، شیوعییەکان راست دەبوونەوە.

**رووداو: ئێوە ساڵی 1959 هەوڵتان دا حیزبی**

حەسەن بەننا لەسەر کورد سەرکۆنەی حکومەتی عێراقی کرد

**ئیسلامی عێراق دابمەزرێنن، مۆڵەتیان پێدان؟**

**د.موحسین:** یەکەمجار وەزارەتی ناوخۆ رەتیکردەوە. بەڵام ئەوان چوون لە ئەنجوومەنی تەمیز شکاتیان کرد، ئەنجوومەنەکە کە لە 11 کەس پێکهاتبوون، گوتیان حکومەت مافی ئەوەی نییە رێ لە دامەزراندنی ئەو حیزبە بگرێ. پێش ئەوە لێژنەی باڵای حیزب هەموویان دەستگیرکران، پێنج مانگ لە زیندان بوون.

**رووداو: ئەوکات کێ سەرۆکی حیزبی ئیسلامی عێراق بوو؟**

**د.موحسین:** دکتۆر نوعمان ئەلسامەڕایی.

**رووداو: تۆ دەڵێی سەردەمی مەلەکییەت باشتر بوو، بەڵام دوای رووخانی پاشایەتی چەند گۆڕانکارییەک روویاندا سەبارەت بە کورد، لەوانەش گەڕانەوەی مەلا مستەفا بارزانی لە یەکێتیی سۆڤیەت.**

**د.موحسین:** مەلا مستەفا هاتەوە، لە دەستووردا نووسرا کە کورد و عەرەب هاوبەشن. ئەمە سەری نەگرت، مەلا مستەفا هاتەوە بۆ کوردستان. لە ئەیلوولدا لە دەربەندیخان کۆبوونەوە، بە فڕۆکە بۆردومانیان کردن. دواتر دژایەتیکران و پێیاندەگوتن تاقمی بەکرێگیراو. کورد سوودی لە شۆڕشی 1958 نەبینی.

**رووداو: ئەی بۆچی ئازادی درا بە پارتی گۆڤار و رۆژنامەی هەبێ، زمانی کوردی ئازاد بێ، نەورۆز بکات؟**

**د.موحسین:** بەڵێ درا، بەڵام دوایی وردە وردە روحی سەربازی و دیکتاتۆری دەرکەوت.

**رووداو: تۆ ئەو کاتەی لە بەغدا بووی، سەردانی مەلا مستەفات کرد؟**

**د.موحسین:** بەڵێ لەگەڵ ژمارەیەک قوتابی کورد چووین بۆ لای.

**رووداو: ئەی جاری دووەم کەی بینیت؟**

**د.موحسین:** جاری دووەم مامۆستایەکم هەبوو، دکتۆر تەقیەدین هیلالی، زانایەکی زۆر گەورە بوو، مەغریبی بوو، لە مەغریب سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچووبوو، هاوژینەکەی ئەڵمانی بوو، گوتی: موحسین تۆ قوتابییەکی کوردی، تەلەفۆن بکە دەمەوێ سەردانی مەلا مستەفا بکەم. تەلەفۆنم بۆ مەکتەبەکەی کرد، دوای چارەکە سەعاتێک گوتیان فەرموون. چووین دانیشتین، مەلا مستەفا هات، زۆر رێزی لێگرت. پێیگوت تۆ سەرکردەیەکی کوردی، موسوڵمانی و مەلایت، ئینشائەڵڵا سەرکەوتوو دەبی بۆ خزمەتی گەلی کورد. وا دیاربوو زانیاری زۆری لەبارەی کوردەوە هەبوو. پرسیارێکی لە مەلا مستەفا کرد، لێی پرسی: رەوشی موسوڵمانانت لە یەکێتیی سۆڤیەت چۆن بینی؟ مەلا مستەفا زۆر بە جوانی وەڵامی دایەوە، گوتی: رەوشی موسوڵمانان لەوێش وەکو رەوشی موسوڵمانانە لە جیهاندا. کە چووینە دەرەوە دکتۆر هیلالی پێیگوتم، مەلا مستەفا عەقڵێکی سیاسیی

حەسەن بەننا زۆر پشتگیری بارزانییەکانی دەکرد

رەشیدی هەیە.

**رووداو: ئەگەر باسێکی بەعسییەکان بکەین، دوای شۆڕشی 1958 ئەوان چ دەورێکیان بینی؟**

**د.موحسین:** ئەوان کە حیزبێکی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بوون، لەگەڵ شیوعییەکان تووشی بەریەککەوتن بوون. لەگەڵ جەمال عەبدولناسر یەک بوون، لە رێگەی باڵیۆزخانەی میسر پەیوەندییان لەگەڵی هەبوو، ئەوان لەو ماوەیە زۆر سوودیان بینی.

**رووداو: ئەی بۆچی دواتر تەقەیان لە عەبدولکەریم قاسم کرد؟**

**د.موحسین:** ئەوان دواتر گوتیان ئێمە هەڵە بووین، پێویستە ئیغتیال هەر نەبێ، هەر عەیبە بۆ حیزبێکی سیاسیی شۆڕشگێڕ بیر لە کودەتا بکاتەوە. ئەوانەی تەقەیان کرد دەستگیرکران، بردران بۆ دادگای شۆڕش. دواتر عەبدولکەریم قاسم لێیان خۆشبوو. بەڵام ئەوان دواتر قاسمیان کوشت. تەنانەت بە هەندێک لە سەرکردەکانی بەعسم گوت، بۆچی واتان کرد، ئەو لێتان خۆشبوو. گوتیان ئێمە ترساین، خەڵک خۆپیشاندانی دەکرد، ترسی ئەوەمان هەبوو بگەڕێتەوە هەموومان لەناوببات. تەنانەت گوتبووی دادگاییم بکەن، من زۆر نهێنیم لایە بۆ گەلی عێراق. کارێکی هەڵەیان کرد، دەبووایە بیهێنن دادگایی بکەن.

**رووداو: ئەوکات ئیخوان ئەو کارەی بەعسییەکانی پێ هەڵە بوو، یان تۆ ئێستا پێت هەڵەیە؟**

**د.موحسین:** نەخێر، ئەوکات پێمان هەڵە بوو.

**رووداو: تۆ دەڵێی دژی تیرۆر و ئیغتیالاتم، ئەی باشە ئیخوانەکان بە چی نەیارەکانی خۆیان سەرکوت کردووە؟**

**د.موحسین:** من 60 ساڵ لەناو ئیخوان بووم، قەت باوەڕیان بە کوشتن نەبووە. بە پێچەوانەوە بەعسییەکان محەممەد بەننایان کوشت، خۆ ئەوانیش دەیانتوانی رەدی بەعسییەکان بدەنەوە، بەڵام نەیانکرد. چونکە ئێمەیان وا پەروەردە دەکرد، بە مەزڵومی لەو دونیایە بچینە دەرەوە باشترە لەوەی زاڵم بین. کە مورسی هاتە سەر حوکم لە میسر دەیانتوانی 100–200 هەزار کەس تەسریح بکەن، نەیانکرد.

**رووداو: ئەگەر باسی ئیخوانەکانی کوردستان بکەین، راستە سەواف ساڵی 1952 سەردانی هەڵەبجەی کردووە؟**

**د.موحسین:** بەڵێ، هاتووەتە سلێمانی، هەڵەبجە. ئەو لە بەسرا هەتا زاخۆ دەگەڕا. من شایەتی دەدەم لە کتێبەکەشمدا بەناوی (الاخوان المسلمین فی العراق) دەڵێم سەواف هیچ قەومیەتی بەلاوە گرنگ نەبوو، ئیخوانیشی خۆشدەویست. لەسەرەمەرگیشدا وەسیەتی کرد مزگەوتێک لە شوێنێک لە کوردستان دروست بکەن. مزگەوتەکە کرا و 600 هەزار دۆلاری تێچوو. کوردی زۆر خۆشدەویست، بۆیە لە سەردەمی ئەودا یەک شت لە لایەن ئیخوانەوە لە دژی کورد دەرنەچووە.

**رووداو: بەڵام بە دیوەکەی دیکەشدا هیچ بەڵگەیەک نییە کە پشتیوانی لە کورد کردبێ، لە کاتێکدا ئەو هەموو نەهامەتییە بەسەر کورد هاتووە؟**

**د.موحسین:** حەسەن بەننا لە ساڵی 1944 یاداشتنامەیەکی دا بە حکومەتی عێراق، زۆر پشتگیری بارزانییەکانی کرد و گوتی ئەوانە مەزڵوومن، بۆ زوڵمیان لێدەکەن. بزانە چییان دەوێ. ئەوە بە دۆکیۆمێنت هەیە و لە گۆڤاری ئیخوان موسلمین بڵاوکراوەتەوە. دواتر خەمی سەرەکی ئیخوان ئەوە بوو حەقائیقی ئیسلام بگەیەنن. ئەوان ئیسلامی و ئومەمی بوون، بەڵام قەومی نەبوون.

**رووداو: بەڵام ئەو زوڵمەی لە کورد کراوە، لە عەرەب نەکرا؟**

**د.موحسین:** ئەو زوڵمەی لە کوردستان کرا، لە ئینقیلابی تەممووزەوە دەستییپێکرد، دواتر

ئیخوانە قەومییەکان زۆر دژی شۆڕشی ئەیلوول بوون

لە زەمانی عەبدولسەلام هێرشیان کردە سەر کوردستان، لە سەردەمی بەعسیش 35 ساڵ، بەڵام ئەوە لە زەمانی مەلەکی نەبوو، چونکە ئەوان وەتەنی بوون، قەومی نەبوون. کورد زۆر مافی هەبوو، پشتیان بە کورد دەبەست. سوپا زۆر پێشکەوتوو بوو، من حیسابم کرد تا رۆژی 14ی تەممووز هەشت موتەسەریفی کورد هەبوون. دادوەرە گەورەکان کورد بوون، وەزیری بەرگری کورد بوو. لە پێکهاتەی وەزارەتەکان بەردەوام سێ چوار کورد هەبوون. سەعید قەزاز بوو بە وەزیری ناوخۆ. لەدوای شۆڕشی تەمموز هەتا رووخانی رژێم لە 2003 هیچ کوردێک نەبوو بە وەزیری ناوخۆ. سەعید قەزاز کە من پێیدەڵێم: شێری کورد.

**رووداو: بۆچی وای پێدەڵێی؟**

**د.موحسین:** چونکە ئازایەتییەکەی لە حەددی خۆی زیاتر بوو لە دادگا. کابرایەکی بەدین نەبوو، گوتی دژایەتی شیوعیەتم کرد، چونکە من موسوڵمانم. داواتان لێناکەم لەسێدارەم نەدەن. چونکە ئەو رۆژەی لە سێدارە دەدرێم، ئێوە هەمووتان لە ژێر پێیەکانی منن. بەدوای ژنەکەیاندا نارد داخوازینامەیەک پێشکەش بکات بۆ ئەوەی لە سێدارەی نەدەن، بە ژنەکەی گوت ئەگەر ئەمە بکەی، تەڵاقت دەدەم. کوردێکی زۆر نەبەز بوو.

**رووداو: کوردایەتی دەکرد؟**

**د.موحسین:** کوردایەتیی ئەو سەردەم جیابوو، ئایدیۆلۆژی نەبوو.

**رووداو: سەواف لە ساڵی 1952 سەردانی کوردستانی کرد، ئەگەر کەرکووکی لێ دەربکەین، دەتوانین بڵێین ئیدی لەو کاتەوە ئیخوان گەیشتە کوردستان؟**

**د.موحسین:** سەواف بۆ لای مەلاکان دەهات. پەیوەندی لەگەڵ شێخ محەممەدی خاڵ هەبوو سەردانی دەکرد، ئەوکات هیچ رێکخستنێک

سلێمانی سەرەتا بیری ئیخوانی قبوڵ نەکرد

بەناوی ئیخوان لە کوردستان نەبوو. کە برا گەورەکەم هاتە سلێمانی، چوار ساڵ لە ئامادەیی سلێمانی وانەی ئاینی گوتەوە. کە شیوعییەکان هەستیان پێکرد، زۆر دژایەتییان کرد. شیوعییەکانی ئەوکات جیابوون لەوانەی ئێستا. شیوعییەکانی ئێستا هێمنتر و لەسەرخۆترن. ئەو توندییەی لە دژی ئاین هەیانبوو ئێستا نەیانماوە.

**رووداو: ئەی ئیخوانەکان هەروەکو خۆیانن، نەگۆڕاون؟**

**د.موحسین:** ئەوانەی ئێستا لە جاران نەرمترن. لەدوای 2003 لەگەڵ شیوعییەکان سەردانی یەکدیمان دەکرد. لەگەڵ حەمید مەجید زۆر برادەر بووین، کە سەردانم کرد پێیگوتم شیوعییەکانی ئێستا زۆر جیاوازن لەوانەی رابردوو، ژوورمان هەیە، ئەوەی دەیەوێ با بچێ نوێژ بکات. کە من قسە لەسەر شیوعیەت دەکەم، تکا لە برادەرانی شیوعی دەکەم کە شیوعیەتی ئێستا جیایە لەوانەی رابردوو. کاتێک کاکم دەچووە لای شێخ محەممەدی خاڵ، یان مەلاکانی دیکە، حەزی دەکرد لەسەر ئیخوان قسە بکات. بەڵام شێخ محەممەدی خاڵ هێرشی کردە سەر ئیخوانەکان، بە تایبەتی حەسەن بەننا. کاکم پێیگوت یا شێخ رەسائیلی حەسەن بەننات خوێندووەتەوە؟ گوتی: نەوەڵڵا. دیارە کوڕەکەی مەیلی شیوعیەتی هەبوو، بۆیە زانیاری هەڵەیان پێدابوو. نامەکانی حەسەن بەننای بۆ هێنا کە خوێندییەوە، دوای دوو هەفتە لە هەمان مەجلیسدا گوتی پەشیمانم لەوەی کە هێرشم کردە سەری. بەڵام لە ساڵی 1954

ئیخوانەکانی کەرکووک ویستیان مەکتەبەیەکی ئیخوان موسلمین لە سلێمانی بەناوی مەلا جەلالی سەعاتچی بکەنەوە کە خۆی خەڵکی سلێمانی بوو، یەک شەوی بەسەردا تێنەپەڕی سووتاندیان، دووەمجار بە هەمانشێوە. بەڵام لە هەڵەبجە وردە وردە دەستییپێکرد،

**رووداو: ئەوانەی هەڵەبجە کێ بوون؟**

**د.موحسین:** بنەماڵەی مەلا عوسمان، خۆی و براکانی: مەلا عومەر، مەلا عەلی و مەلا سدیق و مەلاساڵحی مامی. ئەوان بەو پێیەی قوتابخانەی ئاینییان هەبوو لە هەڵەبجە، فیکری ئیخوانیان بە تەواوی قبوڵ کردبوو. کە حیزبی ئیسلامی لە ساڵی 1960 دامەزرا، هەموویان هاتن بۆ بەغدا. پەیوەندیان بە حیزبی ئیسلامییەوە کرد و بوون بە ئەندامی ئەو حیزبە.

**رووداو: دەڵێن پێش هەڵەبجە ئیخوان یەکەمجار گەیشتووەتە هەولێر؟**

**د.موحسین:** لە هەولێر پێنج قوتابی هەبوون لە کۆلێژی ئەندازیاری دەیانخوێند لە بەغدا. لەوانە عەبدوڵڵا سەلیم و عەبدولوەهاب حاجی حەسەن. حوسێن کەمالەدین لەوێ مامۆستا بوو، ئەو کاریگەری لەسەریان هەبوو و بوون بە ئیخوان. ئەوان لە ساڵی 1945 کە لە پشووی هاویندا گەڕانەوە هەولێر، دەستیان بە بڵاوکردنەوەی بیری ئیخوان کرد.

**رووداو: سەرکردە کوردەکانی ئیخوان کێ بوون؟**

**د.موحسین:** نورەدین واحید، نیزامەددین عەبدولحەمید لە کەرکووک، محەممەد سادق موختار لە هەولێر، عەبدوڵڵا ناوێک لە مووسڵ، حاجی ئاغا لە زاخۆ.

**رووداو: بۆچی ئیخوانەکان دژی شۆڕشی ئەیلوول بوون؟**

**د.موحسین:** دژی نەبوون، بەڵام کە شۆڕشەکە پەرەی سەند، خوێن رژا، هەندێک لە ئیخوانەکان دژ بوون کە کاریگەری نەتەوەییان لەسەر مابوو، هەندێک لە موسڵاوییەکان، ئەوان بەبێ پرسی سەرکردایەتی چووبوون بۆ بەغدا گوتبوویان ئەوانە شیوعیەت لە پشتیانە. بەیاننامەیەکیان دەرکرد، عەرەبەکانی سەرکردایەتی سەریان لێی سوڕما. گوتیان چۆن دەبێ بەیاننامەیەکی لەو شێوەیە دەربچێ، لە جیاتی ئەوە دەبووایە بچینە لای مەلا مستەفا قسەی لەگەڵ بکەین و لێی بپاڕێینەوە کە ئەم خوێنڕشتنە نەمێنێ. کوردەکانی ناو ئیخوان یاداشتنامەیەکمان دایە سەرکردایەتی و سەرکۆنەی بەیاننامەکەمان کرد و ناچارمان کردن لە دووەم بەیاننامەدا پۆزش بهێننەوە و کۆپییەکی بەیاننامەیەکەشیان نارد بۆ مەلا مستەفا کە ئەوە هەڵەیەک بووە کراوە. سەرکردایەتی ئیخوان دووجار چوون بۆ لای مەلا مستەفا، جارێکیان داوایان لێکردبوو کە بروسکەیەک بکات بۆ جەمال عەبدولناسر کە سەید قوتب ئیعدام نەکەن. وەرەقەیەکی سپی خستە بەردەمیان و گوتی چی دەنووسن و واژۆی کرد لە ژێرەوە. دواتر نامەکەیان نارد. دووەمینجار لە ساڵی 1969 سەردانیان کرد. هەردوو جارەکەش لە ماڵەکەی خۆی پێشوازی لێکردن نەک بارەگاکەی. داوایان لێکرد شەڕ رابگرێ و لەگەڵ عەبدولڕەحمان عارف تەفاهوم بکەن. مەلا مستەفا پێیگوتن، من هیچ کاتێک نەهاتووم بۆ سنووری بەغدا و مووسڵ، ئێمە مافێکمان هەیە. قورئانێکی لابوو دەستی لەسەردانا و گوتی بە هەقی ئەم قورئانە لە هیچ شۆڕشێک یەکەم فیشەک لەلای من نەتەقێندراوە.

**رووداو: لە ساڵی 1966 لە نێو ئەفسەرانی ئیخوان مەیلێک هەبووە بۆ کودەتا، ئێوە ئاگاداری ئەمە بوون؟ بۆچی ئیخوان دژی ئەمە بوو.**

**د.موحسین:** ئیخوان رێکخستنێکی بەهێزی سەربازی هەبوو، بە دەلیلی ئەوەی عەبدولڕەحمان عارف گوتی وەرن ئیشتراک بکەن لەگەڵ بەعسییەکان. سەرکردایەتیی ئیخوان رەتیکردەوە. ئەو ترسەی سەردەمی جەمال عەبدولناسر لە میسر هەر مابوو کە بە هاوکاری ئیخوانەکان دەسەڵاتی وەرگرت. گوتیان کودەتای سەربازی ئەنجامەکەی هەمیشە خراپە. دواتریش ئیخوان متمانەی بە بەعسییەکان نەبوو.

**رووداو: زنجیرەی رێکخستن لە ئیخواندا چۆن بوو؟**

**د.موحسین:** یەکەمجار لایەنگر، دواتر ئەندام، پاشان نەقیب کە لە چەند ئەندامێک پێکدێ و پێیدەڵێن خێزان، دوای ئەوە رەقیب کە لە بەرپرسی چەند نەقیبێکە، پاشان ئەندامی سەرکردایەتی، من هەموو ئەو زنجیرانەم بڕی.

**رووداو: ساڵی 1965 سەفەری میسرت دەکەی بۆ خوێندن، لەگەڵ ئیخوانەکانی ئەوێ تێکەڵ بووی؟**

**د.موحسین:** هەموویان لە زیندان بوون. بەڵام لە ساڵی 1967 کە چووم گفتوگۆی نامەکەم بکەم، دیارە ئەوکات مامۆستای میسری لە عێراق هەبوون، زۆربەیان جاسووس بوون، یەکێکیان راپۆرتی لەسەر من نووسیبوو کە من ئیخوانم، کە چووم بۆ میسر لە فڕۆکەخانە رایانگرتم، 24 سەعات لەوێ مامەوە. بەرێکەوت باڵیۆزی عێراقم لە فڕۆکەخانە بینی. د.عەبدولحەسەن زەلزەلە هاوارم کرد د.عەبدولحەسەن، ئەویش هات بۆ لام، گوتی: فەرموو کاکە چیتە؟ منیش گوتم قوتابی دکتۆرام لێرە دەخوێنم، ناهێڵن لە فڕۆکەخانە بچمە دەرەوە. ئەویش دەستی بە جنێودان کرد، پاش 10 خولەک پاسپۆرتەکەی بۆ هێنام و گوتی: فەرموو بڕۆ دەرەوە. شەو ئەفسەرێک هاتە لام و گوتی: ئێمە لەبەر خاتری سەفیر رێگەمان پێدای، بەڵام بەهیچ شێوەیەک نابێ قسە لەگەڵ میسری بکەی، تەنیا هاوڕێ قوتابییەکانت نەبێ. پێنج ساڵ لە میسر بووم، نەمدەتوانی لەگەڵ میسرییەک قسە بکەم.

**رووداو: شۆڕشی کورد لە ساڵی 1964 ئینشیقاقی تێکەوت، ئێوە کە سەردانی مەلا مستەفاتان دەکرد، سەردانی مام جەلالیشتان دەکرد؟**

**د.موحسین:** نەخێر، چونکە ئەو لایەنە لە دیدی ئیخوانەکانەوە مارکسی و شیوعی بوون. بەڵام لایەنگری هیچ لایەکیان نەدەکرد.

**رووداو: دوای ئەوەی بەعسییەکان هاتنە سەر حکوم، کوشتاری شیوعییەکان روویدا، ئێوە پێتانخۆشبوو؟**

**د.موحسین:** نەخێر. شیوعییەکان کوشتاریان کرد، لە مەعەسکەر رەشید ئینقلابیان کرد، بەڵام تۆ کە کوشتوبڕیان بکەی، ئەوە زوڵمە و نابێ قبوڵت بێ. بە دۆکیۆمێنت هەیە کە ئێمە دژی ئەو کوشتارە بووین، بەڵام لە ترسی بەعسییەکان کێ دەیوێرا بە ئاشکرا وا بڵێ.

کەنیزەکەکانی خەلافەت..

# چاوی منداڵەکانم گرت، بۆ ئەوەی گوللەبارانکردنی پیاوەکان نەبینن

چیرۆکی نۆیەم - بەشی یەکەم



**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو – دهۆک**

نیگاکانی لەیلا ناچارم دەکەن چاوەکانم بگوازمەوە سەر وێنەیەک کە بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە. گەنجێکی بەگوڕ و پڕ لە هیوا کە ڕەنگە کاتێک لەبەردەم کامێراکەدا وەستاوە، وای بەباش زانیبێ زەردەخەنەیەکی شیرین بدات بەدەم دنیاوە. تاوەکو چیرۆکەکەی دەستپێنەکرد، تێنەگەیشتم بۆچی چاوەکانی ئەو هێندە یەخسیر و دیلی دەستی ئەو وێنەیەن.

دەپرسێت: "لە چیم کەم بوو؟" لە شنگال ژیانێکی زۆر سادەی هەبوو، بەڵام سەرڕێژ لە خۆشەویستی و قەناعەت. هاوژینێک کە بژارەی خۆی بوو لەگەڵ منداڵێک و ماڵێک، ئاسوودەیی سامانێکی گەورە بوو خودا پێیدابوون، بەڵام ڕۆژی سێی ئاب داعش هات و هەموو شتێک تێکچوو.

ئەگەر کۆنی و بێکەڵکیی ئۆتۆمبیلەکەیان نەبووایە و لە ڕێگا پەکیانەکەوتایە، خۆیان دەگەیاندە چیاکە "دەستبەسەر کراین، بەخێرایی هەموویان کۆکردینەوە". لەسەر جادەکە ژمارەیەک گەنج و پیری بینی کە ریز کرابوون بۆ ئەوەی وەک لەیلا دەڵێت "گوللەبارانیان بکەن"، لەیلا چاوی هەردوو منداڵەکەی گرتووە بۆ ئەوەی ئەو دیمەنانە نەبینن.

## بەزۆر ناچاریان دەکردین گوێ لە قورئان بگرین

ئەو ئێوارەیە شنگالییە گەمارۆدراوەکان بیریان لە ڕێگاچارەی بەپەلە دەکردەوە بۆ ئەوەی شمشێری تووڕەیی داعش نەگاتە گەردنیان "هەندێک موسوڵمان بوون، بەڵام ژمارەیەکی زۆریان هەتا گوللەبارانیش کران، ئامادەنەبوون دینی خۆیان بگۆڕن".

چەکدارانی داعش لەیلا و خێزانەکەیان گەڕاندەوە بۆ شنگال: "دەرگایان لەسەر داخستین، دوای چەند سەعاتێک ژن و پیاویان جیاکردەوە و ئێمەیان بردە حەوشە کۆیانکردینەوە".

هێشتا لەناو شنگال بوون کاتێک چەکدارێکی داعش بەناو ژنەکاندا گەڕا و کچێکی هەڵبژارد و دەستی گرت "دایکی دامێنی کچەکەی گرت بۆ ئەوەی نەیبیا، بەڵام چەکدارەکە گوتی ئەمە کەنیزەکی منە. ئێمە نەماندەزانی کەنیزەک چییە".

گریان و خۆڕنینی ئەوان بێهوودە بوو، لەڕاستیدا لەبەردەم ئۆردووی چەکدارانی بێبەزەییدا، ئاویان بە بێژنگدا دەکرد. برسێتی بڕستی لەبەر بەشێکیان بڕیبوو، بەڵام چەکدارانی داعش چرکەیان دەژمارد بۆ ئەوەی زووتر پلانەکە جێبەجێ ببێ و شەوی سەرجێیی لەگەڵ کەنیزەکەکان دەستپێبکەن: "کارەبا بڕابوو، زۆر تاریک بوو، بەڵام ئەوان لایتیان پێبوو، هەڵیاندەکرد و کچەکانیان پێ دەدۆزینەوە،

## داعشێک داوای لێکردم باسی مەلەک تاوسی بۆ بکەم

کەسێک هات سەرپۆشەکەی پێ لادام بۆ ئەوەی روخسارم باشتر ببینێ، ئینجا منی هەڵبژارد و ویستی بمبات، من تکای زۆرم کرد کە پێش ئەوەی لەگەڵی بڕۆم چەند خولەکێک لەگەڵ براکەم قسە بکەم، بۆ خۆشم نەمدەزانی بۆچی دەبێت براکەم ببینم، بەڵام بینیم".

دیدارە چەند خولەکییەکەی لەیلا و براکەی زۆرتر لەوە دەچوو لە بەردەم شەپۆلە تووڕەکانی دەریادا دەست بۆ پووش ببەی: "داعش دەیانەوێ بمانبەن و نازانم بۆ کوێمان دەبەن؟" ئامۆژگاری لەسەر ڕێگا بە چەقۆچنراوەکانی داعشدا چ سوودێکی هەیە تاوەکو براکەی لەیلا پەنای بۆ ببات و بیریکاتەوە؟ هەر دەبوو بڵێ خودا ئاگای لێتان بێت. دواتر ئەوان برانە نێو خوێندنگەیەکی بەعاج. شارۆچکەیەک لە بەشی ڕۆژئاوای نەینەوا کە هاوسنووری سووریایە و ژمارەی دانیشتووانەکەی 24 هەزار کەسە.

"ئێزدییەکی زۆر لەوێ بوون، زۆر لە ژنەکانم ناسینەوە، دواجار شەوێک پاسیان هێنا و ئێمەیان گواستەوە بۆ تەلەعفەر" لەیلا وا دەڵێت.

## سەرپۆشەکانیان پێ فڕێداین بۆ ئەوەی جوانەکانمان هەڵبژێرن

ئەو شەوەی ئۆتۆمبیلەکان ملی ڕێگای تەلەعفەریان گرتبوو، فڕۆکەکانی هاوپەیمانان بە ئاسمانەوە ڕاوی ڕووناکییان دەکرد. ناچار ئۆتۆمبیلەکان لایتەکانیان کوژاندەوە و ئەمانیان گەیاندە تەلەعفەر. لەیلا لەنێو قوتابخانەیەکی ئەو شارەدا سەتان ئافرەتی ئێزدی بینی کە لە گوندەکانی دەوروبەری شنگالەوە هێنرابوون: "کە چووینە ژوورەوە، لەبەر دەنگی گریان و هاوار لە هیچ تێنەدەگەیشتین، بە تەنیشت هەر کەسێکدا تێدەپەڕیم. بە گریان و لەخۆدانەوە چیرۆکی لەدەستدانی باوک و براکانی دەگێڕایەوە". ئەو باوک و برایانەی بە بەرچاوی خۆیانەوە لەسەر زەوییەکە گوللەباران کرابوون. کەچی داعشەکان بەبێ گوێدانە هەستی برینداری ئەوان، بەزۆر ناچاریان دەکردن گوێ لە قورئان بگرن.

لەناو ژاوەژاوی ناسازی هۆڵە خنکاوەکەدا کە تێکەڵبوونی بۆنی ترس و چڵک و عارەقە و پیسایی منداڵ بەرامەیەکی تاقەتکوژی دروستکردبوو، حاجی مەهدی، کەیفی خۆش بوو. نمایشێکی پاڵەوانانەی لە بەرچاوی ئەوان کرد. حاجی مەهدی، ئەو پیاوە تورکمانە تەلەعفەرییەی کە پەیدابوونی داعش ڕۆژ لە دوای ڕۆژ نێوبانگی ئەویان دەدرەوشاندەوە، لە چیرۆکی زۆربەی ژنە ئێزدییەکاندا سەر و سیمای دەردەکەوێتەوە.

## "باسی مەلەک تاوسم بۆ بکە"

لەیلا و ژمارەیەک لە خێزانە ئێزدییەکانی دیکە گواسترانەوە بۆ زیندانی بادۆش. زیندانێک کە وەک پاسەوانەکانی دڵڕەق و خاڵی بوو لە خزمەتگوزاری "خواردنمان تەنیا پەنیرێک و سەموونێک بوو، پاش چەند ڕۆژێک ئێمەیان دیسان بە پاس گواستەوە بۆ تەلەعفەر، ئێمەیان بردە قوتابخانەیەک، حاجی باقر و حاجی مەهدی لەوێ بوون".

بەگوێرەی ئەو وەسفەی لەیلا بۆی دەکات، حاجی باقر پیاوێکی ورگن و ڕەنگتاریکی باڵا مامناوەند بووە. لەوکاتەی خەریکی هەڵبژاردنی چەند کچێک بوو، لە لەیلا نزیک دەبێتەوە و تۆنی دەنگی هێور دەکاتەوە تاوەکو گفتوگۆی لەگەڵ بکات.

**حاجی باقر: مەلەک تاوس چییە؟**

**لەیلا:** چ سوودی هەیە بۆتی ڕوون بکەمەوە چییە؟

**حاجی باقر: مەلەک تاوس شەیتانە و ئێوە کافرن، ئاینی ئێوە ئاینی کافرانە**

لە هەردوو کتێبە پیرۆزەکەی ئێزدییەکاندا (جیلوە و موسحەفا ڕەش) باس لە مەلەک تاوس کراوە. لە جیلوەدا هاتووە: "من، مەلەک تاوس، پێش دروستبوونی دونیا و بوونەوەران هەبووم. من هەم و هەتا هەتایەش هەردەمێنم بۆ بەڕێوەبردنی دونیا، هیچ جێگایەک نییە منی لێنەبم". لە (موسحەفا ڕەش)یشدا، مەلەک تاوس، بەو شێوەیە خۆی پێناسە کردووە: "ئافەریدەکار-ڕەنگە مەبەست لە ڕۆحی ڕەها بێت- لە ناوەڕۆکی پیرۆزی خۆی مرواریەیەکی سپی خولقاند و دواتریش باڵندەیەکی ئەفسووناوی بەناوی (ئەنفار)، مرواریە سپییەکەی خستە سەر پشتی باڵندەکە و چل هەزار ساڵ لەوێدا مایەوە و پاشان لە ڕۆژی یەکشەممەدا عەزازیل، واتە مەلەک تاووسی لێهاتەدەر".

سووکایەتی ببووە بەشێک لە ژیانی ڕۆژانە. لەبەرچاوی ژنەکان، پیاوەکانیان ڕادەگرت و پێیاندەگوتن جنێو بە ئاینی ئێزدی و پیرۆزییەکانی بدەن. ئەوانەی ڕەتیاندەکردەوە جنێو بدەن.

"من ڕۆژی دواتر حاجی باقرم بینییەوە، هاتبووە نێو خەڵکەکە و لای دەرگاکە وەستابوو. هەر جارە و کچێکی بۆ خۆی دەستنیشان دەکرد. هەردوو کچی براکەم (ئەڵماس و سوهەیلە)ی برد".

ئەو چوار ڕۆژەی لەیلا و هاوڕێ بەدبەختەکانی لەوێ مانەوە، ڕۆژانێک بوون، تەنیا فریای ژماردنی ئەو کچ و ژنانە دەکەوتن کە چەکدارانی داعش دەیانبردن و نەدەهاتنەوە، یان بە ڕوخسارێکی ڕووخاوەوە دەردەکەوتنەوە.

## پیاوەکان ماون، بەڵام چاوەڕێی شمشێرن

## پیاوەکانیان ناچار دەکرد جنێو بە ئاینی ئێزدی بدەن

ئەندامانی ڕێکخراوی داعش، لەنێو خەلافەتەکەیاندا دەستیان رادەگەیشت بە هەر شتێک کە هێز و وزە و خۆڕاگریی زۆرتریان پێ ببەخشێ. دروستکردنی مادەی نایاسایی وەک کاپتاگۆن، بەکارهێنانی و تەنانەت قاچاخچێتی بەو ماددەیە کە یاریدەدەر بوو بۆ نەهێشتنی شەکەتیی شەڕ و پەیداکردنی داهات بۆ گرووپەکەیان. بەڵام کچ و ژنە ئێزدییەکانیش باجی ئەو جۆرە ماددە هۆشبەرانەیان دەدا. چونکە لەو کاتەی چەکدارەکان سێکسیان لەگەڵ دەکردن، ڕووبەڕووی گوشار و توندوتیژی و ئازاری زۆر دەبوونەوە.

## ئەمیرێکی 1000 داعش سەر مەڕی پێ بەخێودەکردین

بەگوێرەی ڕاپۆرتێک کە لە ساڵە بەراییەکاندا بڵاوکرایەوە، ڕێکخراوی داعش بە فەتوایەک دەرچەیەکی یاسایی و پاساوێکی دۆزییەوە بۆ بەکارهێنانی. فەتواکە لە دەستەواژەیەکی کورتدا هەموو شتێکی بڕییەوە کە دەڵێ :"ئەو حەبە ئاسانکاری بۆ جیهاد دەکات".

ژمارەیەک پاس لەبەردەم زیندانەکە ریز بووبوون و چاوەڕێیان دەکرد کاروانەکە بەڕێبکەوێ. ئەوە ئاماژەیەکی ڕوون بوو بۆئەوەی کە دوایین وێستگەی وەستانی پاسەکان سووریایە، بەڵام پێش ئەوەی هەواڵەکەیان پێڕابگەیێنن، ئۆفەرێکیان خستە بەردەمیان "ئەوەی ببێتە موسوڵمان، هاوژینە ئێزدییەکەی خۆی دەبینێتەوە". لەیلا و هیچ ژنێکی دیکە بڕوایان بەوە نەبوو: "گوتمان ئەگەر ڕاست دەکەن، با بە تەلەفۆن قسەیان لەگەڵ بکەین تاوەکو بزانین ئەوان ماون یان نا؟ قسەمان لەگەڵ کردن و پیاوەکانمان ساخ بوون و لە قەڵای تەلەعفەر بوون، لە کۆشکی سەخرا".

پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی لەیلا لەگەڵ براکەی بوو، ئەوجارەیان براکەی بەشێوەیەکی دیکە ئامۆژگاری لەیلای کرد "چەکدارەکانی داعش هەرچییەکیان گوت بە قسەیان بکەن، ئەگینا ئێمە دەکوژن، ئەگەر گوتیان ببنە موسوڵمان بە قسەیان بکەن، ئەگەرنا دەتانکەنە کەنیزەک".

کاتێک تەلەفۆنەکانیان لێوەرگرتنەوە، پێیانگوتن دەبێ مسوڵمانبوونی خۆتان ڕابگەیێنن. کاروانەکە بەپێچەوانەی سووریاوە بەرەو گوندی کیسر میحراب بەڕێخرا. لەوێ لەیلا، وەک ئەوەی لە بیاباندا باران بەسەریدا دابکا، چاوەکانی بەبینینی خێزانەکەی، هاوژینەکەی، کەسوکارەکەی ڕۆشن بووەوە. کەسانێک کە لەیلا وەک مردوو لە مێشکی خۆیدا لەقەڵەمی دابوون "هەر یەکە بردیانین بۆ ماڵێک بە جیا، مانگ و نیوێک لەوێ بووین".

ژیان وەک جەستەیەکی بێگیانی قورس کەوتبوو بەسەریدا. لەو نائومێدییە گەورانەدا باشتر تێدەگەیت کە جەستە چەند لاواز و بێدەرەتانە لەبەردەم یاسا و ڕێسای ژەنەراڵەکانی زەبروزەنگ و دڵڕەقی. لە خەلافەتەکەی داعشدا، وشەی (نا) لە زماندا دەسڕدرێتەوە و بۆ هەتاهەتایە ئاسەواری نامێنێ.

لەیلا دەڵێت: "ئەو ماڵەی ئێمە تێیدا نیشتەجێ بووین، پەنجەرەکەی دەیڕوانی بەسەر دەشتاییەکدا. ڕۆژێک چاڵێکی گەورەیان هەڵکەند و لاشەی هەندێک کەسیان هێنا و فڕێیاندایە نێوی، تێگەیشتم کە ئەوە گۆڕی بەکۆمەڵە بۆ ئێزدییەکان"

لەیلا بە دزییەوە چووبووە بەردەم پەنجەرەکە و بە مۆبایل وێنەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی گرتبوو: "شەوێک لەپڕ لە دەرگای ئێمەیان دا. ئەمیرەکەیان هات و گوتی کوا مۆبایلەکەت؟

لەیلا مۆبایلەکەی بۆ هێنا و دایە دەستی.

ئەمیرەکە گوتبووی تۆ ماڵی مێردەکەت خراپ کرد، لەبەرئەوەی بە نهێنی مۆبایلت بەکارهێناوە، تۆ جاسوسیت کردووە بۆ پێشمەرگە.

لەیلا بەگریانەوە سوێندی خواردبوو کە جاسوسیی نەکردووە.

مێردەکەی لەیلا لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکەی ئێزدی کە ئەوانیش بە تۆمەتی بەکارهێنانی مۆبایل ڕاپێچکرابوون، لەسەر تەپۆڵکە خۆڵێک کە بە شۆفڵ هەڵدرابووەوە، ڕایانگرتن. لەیلا باش دەیزانی چی ڕوودەدا، بۆیە بەگریانەوە گەیشتە ئەوێ. لە شوێنی خۆی هەڵدەبەزییەوە و دەپاڕایەوە "پیاوەکەم هیچ پەیوەندی بەمەوە نییە و من خۆم مۆبایلم بەکارهێناوە، گریانەکەم کاری خۆی کرد، پیاوەکەم جیاکرایەوە، بەڵام گەنجەکانیان کوشت".

لەیلا هەرچۆن بوو گیانی هاوژینەکەی لەژێر چەقۆی داعش دەرهێنا، بەڵام هێشتا ئەوان لەبەردەم گێژەڵووکەیەکدا سەرگەردان مابوونەوە.

جارێکی دیکە برانەوە بۆ گوندی کەسر میحراب لە تەلەعفەر. حاجی باقر، بەهۆی دەستکەوتەکانی جەنگ و ئەو ڕاوەڕووتەی بە پشتیوانی فەتوا ئاینییەکان دەستی دابوویێ، سەروەتێکی زۆری نابوو بەیەکەوە. لەیلا و چەند ژنێکی دیکەی هەڵبژارد بۆ ئەوەی کاروباری ئاژەڵە زۆرەکانی هەڵسووڕێنن.

"حاجی باقر 1000 سەر مەڕ و مانگای هەبوو، مەڕ و مانگای بۆ ئێمە هێنا و گوتی بۆم بەخێو بکەن، ماوەی 8 مانگ ئێمە بە بەردەوامی خەریکی خزمەتکردنی مەڕ و ماڵاتەکانی ئەو بووین لەو گوندە، ڕۆژێک تووشی حەساسیەت بووین بەهۆی پیسیی شوێنی مانەوەمان، هاوژینەکەم و برایەکی لەلایەن داعشەوە لە یەکێک لە بنکەکان کرابوون بە پاسەوان تاوەکو درەنگی شەو نەهاتەوە. هەر ئەو شەوە پیاوێک بەناوی ئەبوو عەلی هات و گوتی بابڕۆین، گوتم ئەی هاوژینەکەم، گوتی: تەواو، بابڕۆین. ئیدی ئەوە کۆتایی ژیانی مەروانی هاوژینم بوو. تێگەیشتم کە کوژراوە".

ئابووری
رووداو
ژمارە ( 541 ) - دووشەممە 2019/2/4



## مانگی رابردوو عێراق بایی شەش ملیار دۆلار نەوتی فرۆشتووە

**رووداو- بەغدا**

وەزارەتی نەوتی عێراق رایگەیاند نەوتی هەناردەکراو لە رۆژێکدا لە مانگی رابردوودا گەیشتووەتە سێ ملیۆن و 649 هەزار بەرمیل، هەر بەرمیلێکیش بە 56،164 دۆلار فرۆشراوە. وەزارەتەکە هەموو مانگێک لەسەر ئەو پرسە راگەیەندراو بڵاودەکاتەوە، لەمانگی رابردوودا عێراق 113 ملیۆن و 111 هەزار و 437 بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە و داهاتەکەشی شەش ملیار و 352 ملیۆن و 753 هەزار دۆلار بووە". هەروەها ئەوەش هاتووە "بڕی نەوتی هەناردەکراو لە کێڵگەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق 110 ملیۆن و 245 هەزار و 281 بەرمیل بووە. لە کێڵگەکانی کەرکووک 2 ملیۆن و 315 هەزار و 381 بەرمیل نەوت هەناردەکراوە، لەکێڵگەی گەیارەش 550 هەزار و 775 بەرمیل نەوت".

زیاتر لە 82 هەزار تاکسی لە هەرێمی کوردستان هەن

# چیدی رێگە بە مووچەخۆران نادرێ ئیشی تاکسی بکەن



لەمەودوا تۆمارکردنی تاکسیی نوێ پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی تاکسییەکی کۆنە

> 52 هەزار تاکسی لە هەرێمی کوردستان زیادن
> بەرپرسێکی وەزارەتی گواستنەوە

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

لەمەودوا کۆد و لۆگۆی تایبەت دەدرێتە تاکسی، بەرپرسێکی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەڵێت ئامانجمان ئەوەیە جەنجاڵیی شەقامەکان کە بەهۆی تاکسییەوە زیاتر بووە، کەمبکەینەوە و کاری تاکسیش بکەین بە پیشە.

هەفتەی رابردوو وەزارەتی ناوخۆ لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک رێنمایی تازەی بۆ رێکخستنی کاری شوفێری و تۆمارکردنی تاکسی دەرکرد، بەپێی رێنماییەکان لەمەودوا تۆمارکردنی تاکسیی نوێ پێویستی بە هەڵوەشاندنەوەی تاکسییەکی کۆن دەبێ.

لە ماددەی دووی رێنماییەکەدا هاتووە: "پێویستە ئۆتۆمبیلی تاکسی بەناوی شوفێر بێت و گواستنەوەی تابلۆش لەنێوان پارێزگاکان کاری پێناکرێت". هەروەها لە ماددەی سێدا بەخشینی مۆڵەتی کاری شوفێری مەرجدار کراوە، بەجۆرێک شوفێری تاکسی بۆ کارکردن پێویستە رەزامەندی لایەنی ئاسایش وەربگرێت و ئەندامی سەندیکای کرێکارانی گواستنەوە بێت و خاوەنی مۆڵەتی گشتی بێت، لەسەر مۆڵەتەکەشی دەنووسرێت تەنیا بۆ شوفێری تاکسی.

بۆ جیاکردنەوەی تاکسی پارێزگاکان لۆگۆی تایبەت بۆ هەر پارێزگایەک دروست دەکرێت و تاکسی هەر شارێک و هێڵی نێوان پارێزگاکانیش بەرەنگی جیاواز جیادەکرێنەوە. هەروەها ژمارەی هێڵە گەرمەکانی وەک پۆلیس، ئاسایش، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان لە جامی پێشەوە و دواوەی ئۆتۆمبێلەکەدەچەسپێنرێت.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆی هەرێمی کوردستان 94،721 تابلۆی سوور کە بەتابلۆی نەفەرهەڵگر ناسراوە، تۆمارکراوە (43،278 تابلۆی سوور لە هەولێر- 33،005 تابلۆی سوور لە سلێمانی و 18،438 تابلۆی سوور لە دهۆک).

لەم ژمارەیەش زیاتر لە 82 هەزار تابلۆی سوور بە تاکسی دراوە، ئەوانی دیکە بە پاسەکان دراون.

سەلاح جەوهەر، بەڕێوەبەری گشتی گواستنەوەی زەمینی و هێڵی ئاسن و ترام وەی لە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن دەڵێت: "ئامانجی ئێمە و وەزارەتی ناوخۆ لە رێکخستنی کاری شوفێری کەمکردنەوەی جەنجاڵیی سەر شەقامەکان و بەپیشەکردنی کاری تاکسییە".

بە گوتەی ئەو بەرپرسەی وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندن، ژمارەی تاکسییەکانی هەرێمی کوردستان سێ ئەوەندەی پێداویستی خۆیەتی. هەرێمی کوردستان تەنیا پێویستی بە 30 هەزار تاکسییە و 52 هەزاریان زیادن.

وەزارەتی ناوخۆ وەک هەنگاوی یەکەم بۆ رێگری لە زیادبوونی ژمارەی تاکسی، بڕیاری داوە لەمەودوا بۆ تۆمارکردنی تاکسی نوێ، تاکسییەکی کۆن هەڵبوەشێنرێتەوە، رێگەش بە شوفێران دەدرێت ئۆتۆمبێلەکانیان لە تاکسیەوە بکەن بە تایبەت.

سەلاح جەوهەر دەڵێت :"هەڵوەشاندنەوەی تاکسی کۆن بۆ تۆمارکردنی تاکسی تازە رۆڵی دەبێت لە زیادنەبوونی ژمارەی تاکسی، بەڵام بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی تاکسی باشترین هۆکار چالاککردنی گواستنەوەی گشتییە لە رێگەی جێبەجێکرنی پرۆژەی ستی پاس و هێڵی ترام وەی".

دوا کات بۆ جێبەجێکردنی رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، یەکی حوزەیرانی ئەمساڵە. عەمید فەریدوون عومەر، بەڕێوەبەری هاتوچۆی سلێمانی گوتی: "جێبەجێکردنی رێنماییەکان کارێکی قورس نابێت بۆ هاتوچۆی پارێزگاکان، چونکە کارەکان دابەشکراون و پێشوەختەش ئامادەکاری بۆ کراوە".

زۆرترین تابلۆی ژمارە سوور لە پارێزگای هەولێرە کە 43 هەزار و 278 تابلۆن، لەوانەش 34 هەزار و 924یان تاکسین و 8،354 تابلۆش بە پاس و مینی پاسەکان دراوە.

عەبدولخالق عەلی، بەڕێوەبەری گواستنەوە لە پارێزگای هەولێر، دەڵێت: "لایەنی هەرەباشی ئەم رێنماییانە ئەوەیە لەمەودوا کاری شوفێری دەکات بە پیشە بۆ ئەو کەسانەی کە مووچەخۆر نین، چونکە لەمەودوا رێگە نادرێت هیچ مووچەخۆرێکی حکومەت وەک کاری دووەم تاکسی لێبخورێت، بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە سیستەمی بایۆمەتری وەردەگیرێ، هەر کەسێک مووچەخۆر بێت ساڵیانەی تاکسییەکەی بۆ نوێ ناکرێتەوە و مۆڵەتی تایبەت بەشوفێری تاکسیشی نادرێتێ".

عەبدولخالق عەلی ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە بۆ ئەوەی جەنجاڵیی سەر شەقامەکان کەم بکەنەوە، تاکسی چەند گەڕەکێک لە چوارچێوەی نووسینگەی کۆمپانیاکانی تاکسی تەلەفۆنی تۆمار دەکەن، بۆ ئەم مەبەستەش چەند کۆمپانیایەک مۆڵەتیان وەرگرتووە و خەریکی دروستکردنی ئەپلیکەیشنن بۆ کۆمپانیاکانیان بۆ ئەوەی بە سیستەمێکی ئەلیکترۆنی سەرنشین بۆ تاکسییەکان بدۆزنەوە و لەو رێگەیەوە سەرنشین دەتوانێ داوای تاکسی بکات.

یەکێک لەو گرفتانەی هاووڵاتیان بە دەستییەوە دەناڵێنن، گێچەڵی هەندێک لە شوفێری تاکسییەکانە بە ژنان، بەپێی رێنماییەکانی وەزارەتی ناوخۆ، لەمەودوا تاکسییەکان پابەند دەکرێن بە هەڵواسینی ژمارەی هێڵە گەرمەکانی وەکو پۆلیس، ئاسایش، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان، لە جامی پێشەوە و دواوەی لای راستی تاکسییەکە.

عەبدولخالق عەلی دەڵێت: "بۆ کۆنترۆڵکردنی دیاردەی گێچەڵی سێکسی، لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆ ئەم دوو باجە لە جامی پێشەوە و دواوەی لای راستی سەرجەم تاکسییەکان دەدرێت".

بەڕێوەبەرایەتی گشتیی گواستنەوە، بۆ لۆگۆ و هێڵی شریتی تاکسییەکانی پارێزگای هەولێر رەنگی سوور، بۆ سلێمانی رەنگی شین و بۆ دهۆک رەنگی رەشی هەڵبژاردووە. بۆ ئەو تاکسیانەشی لە هێڵی نێوان پارێزگاکان کار دەکەن رەنگی قاوەیی. هەر شوفێرێکیش دەبێ 17 هەزار و 750 دینار پارەی لۆگۆ و شریت بداتە کۆمپانیا.

عەبدولخالق عەلی گوتی: "بەر لە بەخشینی لۆگۆ کۆدی تایبەت، زانیاری تەواو لەسەر ناوی شوفێر، شوێنی نیشتەجێبوون ، ژمارەی مۆبایل، وێنەیەکی شوفێر، کۆپییەک لە مۆڵەتی شوفێرو سەنەوی ئۆتۆمبێلەکەی و کارتی زانیاری وەردەگرین و لە داتابەیسێک تۆماری دەکەین، ئینجا کۆد و لۆگۆی تایبەتی و کارتی کارکردنی پێدەبەخشین".

ئێستا بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی پارێزگاکان، لە بەرامبەر خزمەتگوزاری پێدانی کارتی کارکردن ساڵانە بۆ هەر کورسییەک سێ هەزار دینار لە شوفێرانی پاسی هێڵەکان وەردەگرن، سێ هەزار دیناری دیکەش بۆ نوێکردنەوەی پێناس وەردەگرن، دوای تۆمارکردنی تاکسیەکان بڕیارە هەمان بڕە پارە لە تاکسییەکانیش وەربگرن، واتە هەر تاکسییەک دەبێت ساڵانە 15 هەزار دینار بدات. ئەگەر 82 هەزار تاکسی لە هەرێمی کوردستان هەبێت، ئەوا ساڵانە بەڕێوەبەرایەتی گشتی گواستنەوە تەنیا لەم رێگەیەوە ملیارێک و 230 ملیۆن دینار داهاتی دەستدەکەوێت.

# بازرگانان لە یەکخستنی پێناسی گومرگی هەولێر و بەغدا نیگەرانن



75%ی ئەو کاڵایانەی دێنە کوردستان بۆ عێراق دەڕوات

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو- هەولێر**

لە داهاتوویەکی نزیکدا لە سەرجەم خاڵە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان کار بەپێناسی گومرگیی تازە و رێنمایی وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردە و هەناردەی یەکگرتوو لە عێراق دەکرێ، خاڵە گومرگییەکانی نێوان شارەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیش هەڵدەگیرێن. بەرپرسێکی ژووری بازرگانی دەڵێت: "پێویستە بەرپرسانی هەرێمی کورستان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی یەکخستنی پێناسی گومرگی و رێنماییەکان بکەن".

بەهۆی جیاوازیی بڕی وەرگرتنی رەسمی گومرگی و ئاسانکاری بۆ بازرگانان، خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بوونەتە سەنتەرێک بۆ ئاڵوگۆڕی بازرگانی، بە جۆرێک نزیکەی 75%ی ئەو کاڵایانەی بازرگانان هاوردەی هەرێمی کوردستانیان کردووە، جارێکی دیکە هەناردەی شارەکانی عێراق کراوەتەوە.

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان و بەدواداچوون لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی هەرێمی کوردستان، قەبارەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی 2004 تاوەکو 2013 لە 4 ملیار دۆلارەوە بۆ 17 ملیار دۆلار زیاد بووە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش، لە ساڵی 2014 کەمی کرد بۆ 15 ملیار و 775 ملیۆن دۆلار، لە ساڵی 2015ش بۆ نزیکەی 13 ملیار دۆلار دابەزی، بەڵام لە سێ ساڵی رابردوودا جارێکی دیکە رووی لەهەڵکشان کردەوە، لە ساڵی 2016 گەیشتە 15 ملیار و 928 ملیۆن دۆلار و لەساڵی 2017 زیادی کرد بۆ 16 ملیار و133 ملیۆن دۆلار، ساڵی رابردووش ئەو ئاڵوگۆڕە بە رێژەی 10% زیادی کردووە.

لە داتاکاندا دەردەکەوێت زۆرترین ئاڵوگۆڕی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران بووە، بۆ نموونە لە ساڵی 2017 بایی 9 ملیار و 67 ملیۆن دۆلار کاڵا لەو دوو وڵاتەوە هاوردە کراوە. دوای ئەوانیش وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت ئیمارات دێت کە بایی 2 ملیار و 926 ملیۆن دۆلار بووە. لە چینیش بایی نزیکەی دوو ملیار دۆلار کاڵا هاوردەکراوە، بەڵام حکومەتی عێراق لەرێگەی دانانی خاڵی گومرگی ئەو ئاڵوگۆڕەی لاواز کرد.

دوای جێگیرکردنی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان لە بودجەی ساڵی 2019ی عێراق، ئێستا بەغدا و هەرێمی کوردستان لە هەوڵی یەکخستنی پێناسی گومرگی و رێنماییەکانی پێدانی مۆڵەتدان بە هاوردە و هەناردنی کاڵا.

ساماڵ عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری گشتیی گومرگ دەڵێت: "دوای چەندین کۆبوونەوە، توانیمان لەگەڵ بەغدا پێناسێکی نوێ بۆ گومرگ دابڕێژین، لە پێناسە نوێیەکەدا باری دارایی خەڵک لەبەرچاوگیراوە رەسمە گومرگییەکان بەجۆرێک دارێژراون کە کاریگەریان لەسەر پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک نەبێت".

بەشێک لە بازرگانان مەترسی ئەوەیان هەیە یەکخستنی پێناسی گومرگی دواجار بەزیانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی هەرێمی کوردستان تەواو بێت و جموجۆڵی بازرگانی لاواز بکات.

ساماڵ عەبدولڕەحمان، دەڵێت: "ئاڵوگۆڕی بازرگانی لە هەر دەروازەیەک جۆرێک تایبەتمەندی وەرگرتووە، بەبڕوای ئێمە دوای یەکخستنی پێناسی گومرگی و جێبەجێکردنی لەسەرجەم دەروازە سنوورییەکان، جموجۆڵی بازرگانیی هەرێمی کوردستان لە جاران باشتر دەبێت، بەتایبەتی دوای هەڵگرتنی ئەو خاڵە گومرگیانەی بەغدا لەنێوان شارەکانی هەرێم و عێراق دایناون".

گوتیشی: " لە پێناسە تازەکەدا رەسمە گومرگییەکەی هەرێمی کوردستان زیاتر کراوەتە بنەما، لەگەڵ ئەوەشدا رەچاوی تایبەتمەندیی خاڵە سنوورییەکان کراوە".

سەبارەت بە رادەستکردنی داهاتی خاڵە گومرگییەکانی هەرێمی کوردستان بە خەزێنەی حکومەتی عێراق، ساماڵ عەبدولڕەحمان گوتی: "تا ئێستا پرسی رادەستکردنی داهاتی خاڵە گومرگییەکان باس نەکراوە، چونکە ئەم پرسە تایبەتە بە رێککەوتنی نێوان هەولێر و بەغدا".

جگە لە کاریگەری رێککەوتنی نێوان هەرێم و بەغدا لە بواری دارایی، ئەو هۆکارەی وایکردووە رێکخستنی پێناسی گومرگی و رێنماییەکانی تایبەت بە مۆڵەتی هاوردە و هەناردە پەلەی لێبکرێت ، گوشاری رێکخراوی بازرگانی جیهانی و بانکی جیهانییە لەسەر عێراق، چونکە ئەوە مەرجی بانکەکەیە بۆ بەخشینی قەرز بە عێراق.

نەوزاد ئەدهەم، بەڕێوەبەری گشتی بازرگانی لە وەزارەتی پیشەسازی و بازرگانی دەڵێ: "بەپێی رێنماییەکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانی، نابێت لە چوارچێوەی یەک وڵات دوو رێنمایی تایبەت بە رەسمی خزمەتگوزاری مۆڵەتی هاوردە و هەناردە و کردنەوەی پێشەنگا هەبێت، بۆیە شاندی عێراق هاتنە هەولێر و ئێمەش سەردانی بەغدامان کرد، ئێستا هەوڵ دەدەین رێنماییەکی یەکگرتوومان هەبێ".

بۆ کەمکردنەوەی رۆتینیش، وابڕیارە وەرگرتنی مۆڵەتی هاوردە و هەناردە هاوشێوەی بەغدا بە ئەلیکترۆنی بکرێت. بەڵام نەوزاد ئەدهەم دەڵێت: "تائێستا بۆ ئێمە روون نییە کە ئایا یەکخستنی پێناسی گومرگی و رێنماییەکان کاریگەری ئەرێنی یان نەرێنی لەسەر جموجۆڵی بازرگانیی هەرێمی کوردستان دەبێ".

گوتیشی: "گرنگیی سوودی یەکخستنی رەسمی گومرگی و رێنماییەکان ئەوکات دەردەکەوێت کە پێناسە گومرگییە تازەکە و رێنماییەکان لە تەواوی خاڵە سنوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان جێبەجێ بکرێت، بەپێچەوانەوە ئەگەر لە دەروازەکانی عێراق چاوپۆشی لە وەرگرتنی رەسمی گومرگی بکرێ، لەوانەیە ئەم یەکخستنە بە زیانی جموجۆڵی بازرگانی هەرێمی کوردستان تەواو بێت".

یەکێک لە سوودەکانی یەکخستنی پێناسی گومرگی و رێنماییەکان ئەوەیە کە دەبێتە هۆی لابردنی ئەو خاڵە گومرگییانەی بەغدا لەنێوان شارەکانی هەرێم و عێراق دایتابوو. سوودێکی دیکەشی ئەوەیە ئەو کارگانەی لە هەرێمی کوردستان مۆڵەتیان وەرگرتووە هەمان مافی کارگەکانی عێراقیان دەبێت لە سوودوەرگرتن لە پاراستنی بەرهەم و فرۆشتنی کاڵاکانیان لە عێراق، هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی لێرە تۆمارکراون لەعێراق دانیان پێدا دەنرێت.

سیروان حاجی محەممەد، سەرۆکی ژووری بازرگانی سلێمانی دەڵێت: "بەهۆی گرنگیی شوێنی خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران، جیاوازیی رەسمی گومرگی و ئەو پەیوەندیە بەهێزەی بازرگانانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بازرگانانی ئەم دوو وڵاتە هەیانە، کۆمپانیا بازرگانییەکانی هەرێمی کوردستان بوونەتە بریکاری زۆربەی ئەو کاڵایانەی لە ئێران و تورکیاوە هەناردە دەکرێن، هەرێمی کوردستان بووەتە ناوەندێک بۆ دابینکردنی بەشێک لە پێویستییەکانی عێراق لەزۆربەی کاڵاکان، هەر ئەمەش وای لە عێراق کرد خاڵی گومرگی لەنێوان شارەکان دابنێت کە بووە هۆی ئەوەی 50%ی ئەم بازرگانییە کەم ببێتەوە".

بەبۆچوونی سیروان حاجی محەممەد، یەکخستنی پێناسی گومرگی و رێنماییەکان بە سوودی جموجۆڵی بازرگانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ عێراق تەواو دەبێت، بەمەرجێک خاڵە سنوورییەکانی عێراق هاوشێوەی هەرێمی کوردستان 100% رێنماییەکان جێبەجێ بکەن.

ئەو دەڵێت: "پێویستە بەرپرسانی هەرێمی کوردستان زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ دۆسیەی یەکخستنی پێناسی گومرگی بکەن، چونکە هەر بۆشاییەک لە هەر خاڵێکی سنووری لە عێراق، لەوانەیە پاشەکشێیەکی گەورە بە جموجۆڵی بازرگانیی هەرێمی کوردستان بکات".

# مانگی ئایار بۆ بازاڕی نەوت چارەنووسسازە

**ڕووداو- هەولێر**

سزاکانی هەفتەی ڕابردووی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ڤەنزوێلا، دابەزینی بەرچاوی ئاستی بەرهەمهێنانی ئۆپێک و کەمبوونەوەی ژمارەی سەکۆ نەوتییە چالاکەکانی ئەمریکا، نرخەکانی نەوتیان بەرزکردووەتەوە. چاودێران چاوەڕێ دەکەن بەرزبوونەوەی نرخ بۆ ماوەیەک بەردەوام بێ، لە کاتێکدا لە کۆتایی مانگی نیسانەوە سزاکانی سەر ڤەنزوێلا دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە و مۆڵەتە شەش مانگیەکەی کڕیارانی نەوتی ئێرانیش تەواو دەبێ.

ڕۆژی هەینیی ڕابردوو، نرخەکانی نەوت بە ڕێژەی 3 % بەرزبوونەوە. نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاوی برێنت گەیشتە 62 دۆلار و 75 سەنت. بازرگانانی نەوت سزاکانی ڤەنزوێلا بە هۆکاری سەرەکی دەزانن، لە کاتێکدا چاوەڕێ ناکرێ دۆخی قەیراناویی ئەو وڵاتە لە داهاتوویەکی نزیکدا چارەسەر ببێ، بۆیەش ئەو وڵاتە بۆ ماوەیەکی نادیار لە دەرەوەی بازاڕی نەوت دەمێنێتەوە.

نەسیم ئەسلام، شرۆڤەکاری بازاڕ لە سینک مارکێتسی بەریتانی، بە ماڵپەڕی (مارکێت وۆچ)ی ڕاگەیاند: "چاوەڕێ دەکەم نرخی نەوت لە بەرزبوونەوەی ئێستای بەردەوام بێ، بەڵام بڕوا ناکەم هەڵکشانێکی بەرچاو لە نرخەکاندا ڕوویدات".

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی هەینی ئاژانسی (ڕۆیتەرز)ی بەریتانی ڕووپێوی بەرهەمهێنانی نەوتی ئۆپێکی لە مانگی کانوونی دووەمی 2019 بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاپۆرتەکە ئاستی بەرهەمهێنانی نەوتی ئەو ڕێکخراوە لە مانگی ڕابردوودا 890 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا دابەزیوە و گەیشتووەتە 30 ملیۆن و 980 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. لە دوو ساڵی ڕابردوودا ئەوە یەکەمجارە ئاستی دەرهێنانی نەوتی ئۆپێک بەو قەبارە گەورەیە دابەزێ.


چاوەڕێ دەکرێ لە مانگی ئایاردا ڕۆژانە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە بازاڕدا کەم ببێتەوە

هەفتەی ڕابردوو خالد فالح، وەزیری نەوتی سعودیە بەڵێنی دا ئاستی بەرهەمهێنانی ڕۆژانەی نەوتی وڵاتەکەی لە مانگی شوبات 100 هەزار بەرمیلی دیکەش دابەزێ و بگاتە 10 ملیۆن و 100 هەزار بەرمیل لە ڕۆژێکدا. فالح پێشبینی کرد داواکاری لەسەر نەوت لە کۆتایی چارەکی یەکەمی ئەمساڵەوە بەرز ببێتەوە.

لە چارەکی دووەمی ئەمساڵدا دوو ڕووداوی گرنگ چاوەڕێی بازاڕەکانی نەوت دەکەن، لەلایەکەوە سزاکانی ئەمریکا لەسەر کەرتی نەوتی ڤەنزوێلا لە کۆتایی مانگی نیسان دەکەونە بواری جێبەجێکردنەوە و لە لایەکی دیکەشەوە لە دوایین ڕۆژی مانگی نیساندا ماوەی لێخۆشبوونی ئەمریکا لە هەشت وڵاتی کڕیاری نەوتی ئێران کۆتایی دێت.

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکی ڕۆژی هەینیدا ڕایگەیاند کە بازرگانە ئەمریکییەکان تاوەکو 28ی نیسان کاتیان هەیە بۆ ئەوەی نەوت لە ڤەنزوێلا بکڕن. پاڵاوگەکانی ئەمریکا ڕۆژانە لە نێوان 500 بۆ 580 هەزار بەرمیل نەوت لە ڤەنزوێلا دەکڕن. سزاکانی ئەمریکا لەسەر هاوردەی نەوتی ڤەنزوێلا گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا یەک لەو دەگمەن وڵاتانەیە کە پارەی نەوتەکە دەدات، لە کاتێکدا ڕووسیا و چین بەشێک لە پارەکە بەشێوەی قەرز دەدەنە کاراکاس.

بەگوێرەی سزاکانی ئەمریکا هیچ کڕیارێکی نەوتی ڤەنزوێلا مافی بەکارهێنانی سیستەمی دارایی ئەمریکا و دۆلاری نییە، لەلایەکی دیکەوە کڕیارە ئەورووپییەکانیش لە هەفتەی ڕابردوودا ئاستی هاوردەی نەوتی ڤەنزوێلایان کەمکردووەتەوە، چونکە نیگەرانن لەوەی کێشەیان بۆ دروست ببێ لە دانی پارەی نەوتەکەیان.

هەنگاوەکەی حکومەتی ئەمریکا کە چاوەڕێ دەکرێ ئەورووپییەکانیش شوێنی بکەون، بۆ وشککردنی سەرچاوە داراییەکانی نیکۆلاس مادورۆ، سەرۆککۆماری ڤەنزوێلایە. وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا دەستی بەسەر سامانی کۆمپانیای نەوتی نیشتمانیی ڤەنزوێلا (PDVSA) لە بانکەکانی ئەمریکادا گرتووە و داوای لە خاوەن پاڵاوگەکانی ئەمریکا کردووە پارەی نەوتی ڤەنزوێلا بخەنە هەژمارە بانکییەکانی خوان گوایدۆ، سەرکردەی ئۆپۆزیسیۆنی ڤەنزوێلا کە مانگی ڕابردوو خۆی وەکو سەرۆکی حکومەتی کاتیی وڵاتەکەی ناساند.

ئەگەر ئەمریکا لە مانگی ئایاری ئەمساڵ ماوەی لێخۆشبوون بۆ کڕیارە سەرەکییەکانی نەوتی ئێران درێژ نەکاتەوە، چاوەڕێ دەکرێ بەهۆی سزاکانی ئەمریکا بۆ سەر ئێران و ڤەنزوێلا زیاتر لە یەک ملیۆن بەرمیل نەوت لە بازاڕەکانی جیهان کەم ببێتەوە.

بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی فەرمانگەی زانیاری وزەی ئەمریکا لەبارەی نەوتی ئێران، لە مانگی ئادار هەتا کانوونی یەکەمی 2018، ئاستی بەرهەمهێنان و هەناردەی ڕۆژانەی نەوتی ئێران یەک ملیۆن بەرمیل دابەزیوە، هەرچەندە ئەگەر ڕێژە لەبەر چاو بگیرێ، ئەوا هەناردەی نەوت بە ڕێژەی 50 % دابەزیوە، لە کاتێکدا بەرهەمهێنان 30 % دابەزینی بەخۆوە بینیوە.

# تێڕوانینێک لە داهاتووی بازاڕی وزە


**د.قەیوان سیوەیلی***

لە زۆربەی سمینارەکانی بواری وزەدا ئەم پرسیارە چەندبارە دەکرێتەوە کە ئایا لە داهاتوودا بازاڕی وزەی جیهان چۆن دەبێت؟ ئایا لە داهاتوویەکی نزیکدا گۆڕانکاری ڕادیکاڵی لە بواری وەرگێڕانی وزەدا ڕوودەدات؟ ئایا جێگرەوەیەکی شایستەی سەرچاوە سروشتییە هایدرۆکاربۆنییەکان بەڕێوەیە؟

وزە کاڵایەکی گرنگی ئابووری و جیۆپۆلیتیکی بەنرخە.. داینەمۆ و بزوێنەری ئابووریی جیهانە، ئەو خوێنەیە کە بە دەمارەکانی پیشەسازی و خۆشگوزەرانیی ئەمڕۆدا دەگەڕێ، بەبێ وزە پیشەسازی دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ پێش ئێستا و دەبێت لەم شار بۆ ئەو شار بە ئەسپ و حوشتر هاتوچۆ بکەین. ئەو پێشکەوتنەی کە لە سەدەی بیستەمی زایینییەوە بەدی هاتووە، بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی بوو کە قۆناغ بە قۆناغ بەرەوپێش چوو تا گەیشتە ئەمڕۆ، ئەوەش بەهۆی سوودوەرگرتنی چڕ لە وزە، بەتایبەتی نەوتی خاو و گازی سروشتی بووە. بەرەوپێشچوونی ژیانی مرۆڤ لە بوارە جیاجیاکانی پیشەسازی، هاتوچۆ و گواستنەوە، بەکارەباکردنی گشت پێداویستییەکانی ژیان، دەگەڕێتەوە بۆ دەستەمۆکردنی وزە بەگشت سەرچاوە سروشتییەکانییەوە.

بە تێڕوانین لە هێڵکاریی ژمارە یەک، بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە چۆن مرۆڤ بەو ڕێژانە لەو سەرچاوە سروشتییانە (نەوتی خاو (34%)، گازی سروشتی (24%)، خەڵووزی بەردین (28%)، وزەی ئەتۆم (4%)، وزەی نوێبووەوە (3%)، پێداویستییەکانی ڕۆژانەی خۆی دابین دەکات.

وزەی ئەتۆمی وزەیەکی ئەهریمەنی و نەخوازراوە. ئەو پسپۆڕانەی کە گشت ئاوات و ئارەزووەکانی خۆیان بۆ داهاتووی وزە لە ساڵانی 1950 بەدواوە لەسەر ئەم وزەیە هەڵچنیبوو، بێئومێد بوون. ئەم جۆرەی وزە تەنیا بە ڕێژەیەکی کەم (4%) لە بواری وەرگێڕانی وزە بەسوودە، ئەویش بەتایبەتی بۆ وەرگێڕانی وزەی کارەبا.

وزەی ئەتۆم بەهۆی ترس لە کۆنترۆڵکرن و سنووردارکردنی لە بواری وزەدا، کێشەی پاراستنی وێستگەکانی لە دەستی خراپەکاران، ئاڵۆزیی تەکنۆلۆجیاکەی، ترس لە کۆبوونەوەی پاشماوە ئەهریمەنیەکەی و ترس لە تیشکەکانی، هەنگاو بە هەنگاو لە هاوکێشەی وزەگۆڕکێی جیهان دەچێتە دەرەوە. واتە ئەم جۆرەی وزە گرنگییەکی ئەوتۆی نەماوە.

لەلایەکی ترەوە نزیکەی 85%ی گشت پێداویستییەکانی وزەی ڕۆژانەی مرۆڤ لە سەرچاوە سروشتییە هایدرۆکاربۆنییەکانی نێو مادە فۆسیلیەکانەوە سەرچاوە دەگرێت کە بە مەزەندەی پسپۆڕانی بواری وزە، ئەم ڕێژەیە تا دەیان ساڵی تر ئاوەها دەمێنێتەوە و تا ئێستا مرۆڤ بە ئاستی ئەو پیشەسازی و زانیارییە نەگەیشتووە کە بتوانێت جێگرەوەیەک بۆ ئەم سەرچاوە سروشتیانە وەکو نەوتی خاو، گازی سروشتی و خەڵووزی بەردین بدۆزێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی مادە فۆسیلیەکان لە بواری وزەگۆڕکێدا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە و ئەم سەرچاوانە کەوتوونەتە ئەو وڵاتانەوەی کە لەڕووی سیاسییەوە ناسەقامگیرن، بەڵام مرۆڤ ناتوانێت دەستبەرداریان بێت. پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە کە بۆچی دۆزینەوەی جێگرەوەی ئەم وزانە ئاوەها سەختە.

ساڵ لەدوای ساڵ سوودوەرگرتن لە نەوتی خاو لە جیهاندا بەبڕی ملیۆنێک تا دوو ملیۆن بەرمیل بەرەوسەر هەڵدەکشێ و ئەگەر گرفتی مەزنی وەک جەنگی جیهانی و دارمانی ئابووریی جیهان ڕوونەدات، ئەم بەرەوسەر هەڵکشانە تا دەیان ساڵی دیکە هەر بەردەوام دەبێت تا ئەوکاتەی لە بڕی ڕۆژانەی 120 ملیۆن تا 130 ملیۆن بەرمیلدا سەقامگیر دەبێت.

بۆ نموونە لە ساڵی 1965دا ڕۆژانە تەنیا 65 ملیۆن بەرمیل نەوت دەردەهێنرا، بەڵام لەساڵی 2018 گەیشتە 100 ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێکدا. ئەم شیکاریە بۆ گازی سروشتیش ڕاستە، چونکە هەمیشە لە بازاڕی وزەدا هاوتەریب لەگەڵ نەوتی خاو دەڕوات. ئێستا کە ڕۆژانە نزیکەی 100 ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو بەرهەم دەهێنرێت و دەکەوێتە بازاڕی وزەوە، ئەوەی بۆ بازاڕی وزە زۆر گرنگە ئەو 33 ملیۆن بەرمیلەیە کە لەلایەن وڵاتانی نێو ئۆپێکەوە بەرهەم دەهێنرێت کە زۆربەی بە تەنگەی هورمزدا تێدەپەڕێ و نەوتێکی کوالێتی باشی سووکە و نرخی دەرهێنانی زۆر کەمە، خودی وڵاتانی ئۆپێکیش بەو شێوەیە پێویستیان پێی نییە، واتە گشتی دەنێردرێتە نێو بازاڕەکانی وزەی جیهانەوە.

لە هێڵکاریی ژمارە دوودا دەردەکەوێت کە لە جیهاندا چۆن سوود لە نەوتی خاو وەردەگیرێت: (72%)ی بۆ بواری گواستنەوە، بواری پیشەسازی (24%)، بواری گەرمکردنەوە (3%)، بواری بازرگانی (2%).

ئۆتۆمۆبیل، بارهەڵگر و لۆری، بواری گواستنەوەی دەریایی، هێڵەکانی گواستنەوەی هەوایی ئەو ئامێرانەن کە لە بواری گواستنەوە سوودیان لێوەردەگیرێت و گشتیان بە بەرهەمەکانی نەوتی خاو ئیش دەکەن. واتە (بەنزین، دیزڵ، کیرۆزین، نەوتی ڕەش). لە پاش دۆزینەوەی ئۆتۆمبێل لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و لە شانشینی بەریتانیا، بیرۆکەی وەرگێڕانی هێزی بزوێنەری کەشتیوانی لە ساڵی 1908 بەدواوە لە خەڵووزی بەردینەوە بۆ بەرهەمەکانی نەوت گۆڕا، تا ئەمڕۆکە نزیکەی 1.4 ملیار ئامێری گواستنەوە لەسەر ڕووی زەوی لە جووڵەدان. تا دەیان ساڵی دیکە زۆر سەختە کە جێگرەوەیەکی بەرهەمەکانی نەوت بۆ نێو بزوێنەری ئامێرەکانی گواستنەوە بێتە ئاراوە.

لەلایەکی دیکەوە، هەنگاو هەنگاو بەکارەباکردنی گواستنەوە و ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە بە کارەبا کاردەکەن، خەریکە دەکەونە سەر شەقامەکان و لەلایەن حکومەتەکانی ئەورووپا و ئەمریکاوە زۆر هاوکاری دارایی دەکرێن، بەڵام تەنیا پێنج ملیۆن لەم جۆرە ئۆتۆمبیلانە لەسەر شەقامەکانن کە بە بەراورد لەگەڵ 1.4 ملیار ئامێر لەوانەی بە سووتەمەنی کاردەکەن، هیچ قابیلی بەراورد نییە، پاشان ئەمانە بە وزەی کارەبا کار دەکەن کە ئەویش تا ئێستا بەزۆری هەر لە نەوتی خاو، گازی سروشتی و خەڵووزی بەردین وەردەگیرێت.

دیسان بڕوانینە ڕێژەی 24% بۆ بواری پیشەسازی. لە بواری پیشەسازیشدا کە بەرهەمەکانی لاستیک، پلاستیک، کەرەسەکانی ڕۆژانەی بیناسازی، جلوبەرگ، پۆلیمەر و ڕەنگ و هەزاران بەرهەمی پیترۆکیمیاوی لە نەوتی خاو و بەرهەمەکانی وەردەگیرێت. تا ئێستا هیچ سەرچاوەیەکی تری وزە ئاوەها بەچڕی مادەی هایدرۆکاربۆنی تێدا نییە، بۆیە لەم کەرتەشدا جێگرەوەی تا دەیان ساڵی دیکە ئەستەمە.

لە هێڵکاریی ژمارە سێدا بوارەکانی سوودوەرگرتن لە گازی سروشتی دەبینین لە بواری پیشەسازی و پیترۆکیمیا. گرفت لێرەدایە کە دیسانەوە جێگرەوەی نەوت و گازی سروشتی لەو بوارانەی سەرەوەدا نییە. لە بواری کارەبادا وردە وردە دەتوانرێت سوود لە وزەی نوێبووەوەی وەکو تیشکی خۆر، جووڵەوزەی با و جووڵەوزە و وزەی پۆتێنسیالی ئاو وەربگیرێت کە یەکێک لەوانە وزەی وەرگێڕاو لە وزەی پۆتینسیالی ئاوە بۆ کارەبا لە بەنداو و ڕووبارەکانی جیهاندا، ئەویش تا ڕادەیەک گەیشتووەتە ئاستی ترۆپکی بەرهەمهێنان. جگە لە چەند وڵاتێکی دواکەوتوو، ئیدی لە سەرتاسەری جیهان بەپێی پێویست سوود لە زۆربەی وزەکەی وەرگیراوە. لە بواری گەرمکردنەوەی ماڵانیش هۆکارەکانی ئابووری و پاکیی ژینگە زۆرتر بەرەو وزەی گازی سروشتیمان دەبەن لەبری نەوتی خاو و خەڵووزی بەردین.

بەدڵنیاییەوە تا داهاتوویەکی درێژ ئابووری و پیشەسازیی جیهان دیلی دەستی سەرچاوە هایدرۆکاربۆنیەکان دەبن، واتە ئەم ڕێژانەی سەرەوە لە بواری وزە تا دەیان ساڵی دیکە وەکو خۆیان دەمێننەوە و گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی بەخۆیانەوە نابینن.

بۆیە ئێمە لە هەرێمی کوردستان پێویستمان بە سیاسەتێکی درێژخایەنە بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵیاندا تا ئاسایشی ئابووری و وزەی خۆمان سەقامگیر بکەین.

هەرێمی کوردستان لەڕووی جوگرافییەوە کەوتووەتە ناوچەیەکەوە لە نێوان پلاتی شاخەکانی زاگرۆس و پلاتی عەرەبیدایە کە خاوەنی سەرچاوەیەکی زۆری هایدرۆکاربۆنین بە نەوت و گازی سروشتییەوە (بەڵام خەڵووزی بەردینی کەم لێیە)، بەمە دەتوانین تا دەیان ساڵی تر وەکو سەرچاوەیەکی بژێوی و بۆ هەنگاو بەرەو بەپیشەسازیکردنی کەرتی نەوت و گاز لە هەرێمەکەماندا سوودیان لێوەربگرین، ئەم وتەیە بۆ عێراقیش ڕاستە. ئێمە خاوەنی هێزی مرۆیی چالاکین و دەبێت پەرە بە سەرمایەی مرۆیی و زانیاری تەکنۆلۆجیای سەردەم بدەین، کەواتە تاکە توخم بۆ بووژاندنەوەی ئەو کەرتە هێنانی سەرمایەی دەرەکییە.

وەکو قۆناغی یەکەم بە سوودوەرگرتن لە گازی سروشتی، دەتوانین کێشەی گەرمیی نێو ماڵ و وزەی کارەبا و وزەی گەرمی بۆ پیشەسازی چیمەنتۆ و کەرتەکانی تر چارەسەر بکەین کە ئەم هەنگاوە بۆ ژینگەش باشە و هەنگاوێکی مەزنە بۆ چوونە نێو پیشەسازیی پیترۆکیمیاوی و یەکڕاستە بەهۆی ئەم سیاسەتی وزەیەوە فشاری بەکارهێنانی نێوخۆیی لەسەر نەوتی خاو کەم دەکەینەوە و نەوتی خاویش وەکو کاڵایەکی هەناردە بۆ ڕاکێشانی سەرمایەی دەرەکی و هێنانی دراوی بیانی سەنگین بۆ هەرێمەکەمان بەسوود دەبێت، تابتوانین لەم ڕێگەیەوە گشت کەرتەکانی تری وڵات وەکو کشتوکاڵ، گەشتوگوزاری و پیشەسازی بەگەڕبخەین.

بۆ داهاتوویەکی درێژ و پتەوکردنی ئاسایشی وزەی وڵات دەتوانین لەسەر سیاسەتێکی وزەی تێکەڵاو هەنگاو بنێین. لە بواری وزەی نوێبووەوە پۆتێنسیالێکی مەزنی وەرگێڕانی وزەی ئاو بۆ کارەبا هەیە، چونکە ناوچەکەمان شاخاوییە و دەتوانین لە ڕێگەی بەنداو و بەربەستی بەردەم ڕووبارەکانەوە وزەیەکی پاکی ژینگەدۆست لە جووڵەوزە و وزەی پۆتێنسیالی ئاو وەربگێڕین، ئەم هەنگاوە هەم بۆ وەرگێڕانی وزەی کارەبا، هەم بۆ گلدانەوەی ئاوی شیرین و پاشان بۆ گەشتوگوزاریش بەسوودە.

بە پیشەسازیکردنی کەرتی نەوت و گازی سروشتی لە بەرنامەیەکی درێژخایەندا ڕێگەمان لێدەگرێت کە نەوت و گازی سروشتی بەشێوەیەکی خاو لە دۆخی سروشتیدا بخەینە بازاڕەوە، بەڵکو بەرهەمەکانیان ئاراستەی بازاڕی جیهان بکەین. بەو واتایە کە نرخی کاڵایەک بەهۆی کارکردن تێیدا بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ، ئەمەش لەڕووی ئابوورییەوە بیرۆکەیەکی زۆر بەسوودترە، چونکە بڕی قازانج لەبەر هۆی چوونە نێو هێزی کاری هاووڵاتیان لەنێو بەرهەمەکاندا بەرەو سەرێ هەڵدەکشێ، چونکە نرخی بەرهەمەکانی نەوتی خاو لە نرخی نەوتی خاو زیاترە، بۆ گازی سروشتیش هەر ڕاستە.

*شارەزا لە بواری وزە

هێڵکاری 1: سەرچاوەکانی پێداویستی مرۆڤ بە وزە لەسەر زەوی




هێڵکاریی 2: بوارەکانی سوودوەرگرتن لە نەوت لە جیهاندا




هێڵکاریی 3: بوارەکانی سوودوەرگرتنی لە گازی سروشتی لە جیهاندا





## (ڕووداو) بەڵگەفیلمێک لەسەر مەلیس دروست دەکات

**ڕووداو- هەولێر**

تۆڕی میدیایی ڕووداو، بەڵگەفیلمێک لەسەر مەلیس بەرچەم دەمیر، خانمە هونەرمەندی باکووری کوردستان لە باشووری کوردستان بەرهەمدێنێ. هەژار زەهاوی کە سەرپەرشتیاری ئەم بەڵگەفیلمەکەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "مەلیس بەرچەم، خانمێکی دەنگخۆش و ناوداری باکووری کوردستانە، خاوەنی چەندین بەرهەمی باشە و بەشێوازێکی ئەکادیمی میوزیکی خوێندووە، بۆیە ئێمە لە ڕووداو بڕیارماندا بەڵگەفیلمێک لەسەر کارە هونەرییەکانی دروست بکەین". بەشی بەرنامەکانی تۆڕی میدیایی ڕووداو، لەگەڵ ئەم خانمە هونەرمەند سەرقاڵی وێنەگرتنی ئەم بەڵگەفیلمەن لە چەند ناوچەیەکی شاری سلێمانی و بڕیاریشە ڕۆژی 2019/2/7 سیمینارێک بۆ مەلیس لە هوتێلی نێودەوڵەتی هەولێر لە هەولێر سازبکرێ.

# لە هەولێر بازاڕی هونەرمەندانی عەرەب گەرمە

**دەریاز یونس**
**ڕووداو – هەولێر**

بەر لە قەیرانی دارایی و شەڕی دژی داعش، هەولێر وێستگەیەکی سەرەکی بەشێکی زۆر لە هونەرمەندانی عەرەب بوو بۆ سازکردنی ئاهەنگ و کۆنسێرتی گۆرانی، بەجۆرێک کە مانگانە هونەرمەندێک دەهاتە هەولێر یان سلێمانی و کۆنسێرتی دەکرد، بەڵام لە دوای 2014 بازاڕی هونەرمەندانی عەرەب بەهۆی زنجیرەیەک قەیرانی سیاسی و ئابووری کز بوو، ئێستا کەم کەم بازاڕی هونەرمەندانی عەرەب دەبووژێتەوە، هونەرمەندێکی لوبنانی دەڵێت، ئەوان لەبەر خۆشەویستییان بۆ خەڵکی کوردستان دێنە هەولێر، ئەگەرنا لە لوبنان و وڵاتە عەرەبییەکان بازاڕیان گەرمە، خاوەن کۆمپانیایەکیش دەڵێت: ئەوان ئێستا ناتوانن هونەرمەندانی پلە یەکی وەکو ئەلیسا و نەجوا کەرەم و نانسی عەجرەم بهێننە کوردستان، چونکە تێچوویەکی زۆری دەوێت و گەرەنتی نییە قازانج بکەن، هەر بۆیە هونەرمەندانی پلە دوو و سێ لە ڕووی ناوبانگەوە دەهێنن.

### میریام کلینک: هەموو کاتێک ئامادەم بێمەوە هەولێر

میلیسا کە خانمە گۆرانیبێژێکی لوبنانییە و لە مانگی ڕابردوو لە شاری هەولێر ئاهەنگێکی ساز کرد، دەڵێت: "ئێمەی هونەرمەندانی لوبنانی لەبەر خۆشەویستیمان بۆ خەڵکی کوردستان دێینە هەولێر، ئەگەرنا بە بەردەوامی لە بەیروت و وڵاتانی دیکەی عەرەبیش کۆنسێرتمان هەیە".

ئەو خانمە لوبنانییە نرخی ئاهەنگەکانی لە هەولێر ئاشکرا ناکات، بەڵام دەڵێت: "زۆر جار ئێمە پارەیەکی کەمتر لەوەی لوبنان و شوێنەکانی دیکە بۆ ئاهەنگێک یان کۆنسێرتێکی گۆرانی لە هەولێر وەردەگرین".

ئەو هونەرمەندانەی کە دێنە هەولێر و دواتر دەگەڕێنەوە، هەمیشە لە چاوپێکەوتنەکاندا دەڵێن پایتەختی هەرێمی کوردستان زۆر لەوە خۆشتر و سەرنجڕاکێشتر بووە کە ئەوان چاوەڕوانیان کردووە. بۆیە بەڵێن دەدەن جارێکی دیکە سەردانی بکەنەوە.

مریام کلینک لەو بارەیەوە دەڵێ: "بەر لەوەی بچمە هەولێر بەشێک لە هاوڕێکانم بە گومانەوە باسیان لە سەردانەکەم دەکرد، بەڵام خۆم زۆر ناوبانگی هەولێرم بە باشی زانیبوو". کلینک دەشڵێت: "هەموو کات ئامادەم بێمەوە هەولێر و کۆنسێرت و ئاهەنگ بکەم، چونکە پێشبینییەکانم زۆر لەوە زیاتر بوو، هەوادارانم زۆر دڵیان خۆشکردم".

هونەرمەندانی عەرەب لەلایەن کەرتی تایبەتەوە دەهێنرێنە کوردستان و لە هوتێلە پێنج ئەستێرەکان ئاهەنگی تایبەتیان بۆ ڕێکدەخرێ کە هەندێجار تەنانەت ڕیکلامیش بۆ ئاهەنگەکانیان ناکرێ.

زانا کەریم، بەڕێوەبەری مارکێتینگی یەکێک لەو کۆمپانیایانەی کە کۆنسێرتی گۆرانی بۆ هونەرمەندانی بیانی ساز دەکەن و لە ڕابردوودا چەندین هونەرمەندیان هێناوەتە هەولێر، دەڵێت: "ئێستا ناتوانین هونەرمەندانی پلە یەکی عەرەب بهێنین، چونکە پارەیەکی زۆر داوا دەکەن، خەرجیی زۆر دەکەوێتە سەر کۆمپانیا و هیچ گەرەنتییەکیش نییە کە بلیت بفرۆشرێت و زیانی گەورەمان بەرنەکەوێت، بۆیە ئێستا ئەو هونەرمەندانە دەهێنین کە بە نرخێکی کەم دێن".

زانا دەشڵێت: "هونەرمەندی عەرەب هەیە زیاتر لە 100 هەزار دۆلار بۆ ئاهەنگێک داوا دەکات، جگە لە خەرجی هاتن و چوون و مانەوەی خۆی و تیمەکەی".

### لەیال عەبوود: بەردەوام لە هەولێرەوە ئۆفەری ئاهەنگم بۆ دێت

لەیال عەبوود، هونەرمەندێکی بەناوبانگی لوبنانییە، ئێستا ناوبانگی لە چەند وڵاتێکی عەرەبیش بڵاوبووەتەوە، عەبوود بە هەفتەنامەی (ڕووداو)ی گوت: "لە ماوەی ڕابردوودا دەیان ئۆفەر و گرێبەستم لە هەولێرەوە بۆ سازدانی کۆنسێرت و ئاهەنگ پێگەیشتوون، بەڵام تا ئێستا نەگەشتوومەتە ڕیککەوتنێکی باش". باس لەوەش دەکات کە ئامادەیە بۆ کۆنسێرت و ئاهەنگ سەردانی هەولێر بکات.

### گۆرانیبێژێکی کورد: هونەرمەندانی عەرەب بازاڕی هونەرمەندانی کوردیان نەهێشت

بەشێک لە گۆرانیبێژانی کورد لە هاتنی هونەرمەندانی عەرەب و بیانی بۆ باشووری کوردستان نیگەرانن، ئەوان دەڵێن ئەمە کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیان و گوزەرانیان دروستکردووە، چونکە هونەرمەندانی کورد هیچ داهاتێکیان نییە، پارەی کۆنسێرت و ئاهەنگ نەبێت.

گۆرانیبێژێکی کورد کە شەوانە لە چەند ڕێستورانتێکی شاری سلێمانی گۆرانی دەڵێت و نایەوێت ناوەکەی ئاشکرا بکرێت، گوتی: "هاتنی هونەرمەندانی عەرەب بۆ هەولێر بازاڕی هونەرمەندانی کورد دەشکێنێ".

ئەو هونەرمەندە باس لەوەش دەکات کە لە دوای دروستبوونی قەیرانی دارایی، بەهۆی ئەوەی کۆمپانیاکان نەیانتوانیوە هونەرمەندانی عەرەب بۆ کوردستان بانگهێشت بکەن، بازاڕی هونەرمەندانی کورد جووڵا، بەجۆرێک کە بەشێکی هونەرمەندانی کورد ئێستا لە ڕێگەی ئاهەنگی بۆنەکان و ئاهەنگی دیکە لە هۆتێل و ڕێستورانتەکان، داهاتێکی گونجاویان دەستدەکەوێت.



### ڕزگار حەمەڕەئووف، ژەنیاری ئامێری نەی و شمشاڵ بۆ (ڕووداو):

# ئەلبوومێکی میوزیکم لەماڵەوە خەوتووە

ڕزگار حەمەڕەئووف کەرکووکی، ژەنیارێکی دیاری ئامێری شمشاڵ و نەیە لە کەرکووک و گەرمیان، توانیویەتی دووبارە قەتار و خورشیدی و ئەڵاوەیسی و خاوکەر بە ئامێری شمشاڵ و نەی زیندوو بکاتەوە. ڕزگار، لە گەرمیانەوە بە جانتایەکی پڕ ئامێری نەی و شمشاڵەوە شار بەشار دەگەڕێت، دەیەوێت لە ڕێگەی میوزیکەوە خەمی ئەم ڕۆژگارە لە بیر خەڵکی بباتەوە، بۆیە هەرچی میلۆدی و سەدای ڕەسەنی کوردی هەیە، لە کۆنسێرتێکی میوزیکدا بە ئامێرەکانی شمشاڵ و نەی پێشکەش دەکات. ماوەی چەند ساڵێکە ئەلبوومێکی میوزیکی 16 تراکی تەواو کرووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر، وەک خۆی دەڵێت لە ماڵەوە خەوتووە. ڕزگار لەم هەڤپەیڤینەدا باسی پرۆژەکانی دەکات.

هەڤپەیڤین: هیوا سەلاح
ڕووداو - هەولێر

**ڕووداو: لە کەیەوە خەریکی میوزیکیت؟**

**ڕزگار:** ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستم بەکاری هونەری کرد. ساڵی 1984 سەرەتای کاری هونەریی منە. دواتر لە ساڵی 1987 بەشداری چەندین کاری شانۆییم کرد. لە ساڵی 1988یش لەگەڵ ژمارەیەک هونەرمەند کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی چەمچەماڵمان دامەزراند، بە هاوکاری ژمارەیەک موزیسیان توانیمان بەشی میوزیک لەو کۆمەڵەیە بکەینەوە.

**ڕووداو: مێژووی ئامێری نەی و شمشاڵ لە کوردستان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

**ڕزگار:** بەداخەوە ئێمە لە کوردستان ڕەخنەگر و لێکۆڵەری میوزیکیمان کەمە، بەڵام ئامێری نەی و شمشاڵ لە کوردستان کۆنە، بە درێژایی مێژوو ئەم ئامێرە لە کوردستان هەبووە، دیارە نەسەلمێنراوە کە ئامێرێکی کوردییە، چونکە نەتەوەکانی دیکەش ئەو ئامێرەیان هەیە، بەڵام شێواز و هەناسەی کوردی لەگەڵ عەرەب و تورک و فارس لە ژەنینی ئەم ئامێرە جیاوازە، هەموو دنیا ناتوانێت وەکو هەناسەی قالەمەڕە شمشاڵ بژەنێت. ژەنینی شمشاڵی قالە مەڕە تەواو کوردانە و قالەمەڕانەیە.

**ڕووداو: میوزیکی کوردی و ئامێرە فوودارەکان لە کوردستان چۆنە و لە چ ئاستێکە؟**

**ڕزگار:** خۆشبەختانە ئێستا ئاستی میوزیکی کوردی و ئامێرە فوودارەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو باشی دەچێ. ئامێرە فوودارەکانی وەکو باڵەبان، شمشاڵ، نەی لە نێو میوزیک و گۆرانیی کوردیدا زۆر بەکاردێن، هیوادارم زیاتر گرنگی بەم ئامێرانە بدرێت.

> کەس ناتوانێت وەکو هەناسەی قالەمەڕە شمشاڵ بژەنێت

> شوانەکان لە ژەنینی شمشاڵ ستایلی خۆیان هەیە و دەناسرێنەوە

**ڕووداو: ئێستا ئامێرەکانی نەی و شمشاڵ لە پەیمانگە و کۆلیژە هونەرییەکان دەخوێندرێن؟**

**ڕزگار:** بەڵێ لە هەندێ پەیمانگە دەخوێندرێن، بەڵام هێشتا وەکو ئامێرەکانی کەمان و چەلۆ و ئەوانی دیکە گرنگی بە ئامێرەکانی نەی و شمشاڵ نەدراوە، دووبارە هیوادارم لە هەموو پەیمانگە و کۆلیژە هونەرییەکان گرنگی بەم ئامێرانە بدرێت و بەشێوازێکی ئەکادیمی بخوێندرێن.

**ڕووداو: هەمیشە شوان و شمشاڵ لە ناو کورددا ناویان بەیەکەوە هاتووە، ستایلی تایبەت بە شوانەکان هەیە؟**

**ڕزگار:** بێگومان لە دێر زەمانەوە شوانەکان شمشاڵیان ژەنیوە، بەڵام بەشێوازێکی ئەکادیمی نەبووە، لە هەناسەدان و ژەنینی شمشاڵدا شوانەکان ستایلی تایبەت بە خۆیان هەیە و لە نێو میوزیکدا دەناسرێتەوە.

**ڕووداو: ئەگەر کەسێک لە کوردستان حەز بکات فێری ژەنینی ئەم ئامێرە بێت، شوێنێکی وەکو پەیمانگە هەیە فێریبێت؟**

**ڕزگار:** بەداخەوە تاوەکو ئێستا لە پەیمانگە و کۆلیژەکان بەشێکی تایبەت نییە بە ناوی شمشاڵ و نەی، خولی فێرکردنی ئەم ئامێرەش وەکو پێویست نەبووە، ئەگەر لە پەیمانگە و کۆلیژەکان گرنگی بە دروستکردنی ژەنیاری ئەم ئامێرانە بدرێ، پێشبینی دەکەم خەڵکانێکی زۆر پەیوەندی بەم کۆلیژ و پەیمانگایانەوە بکەن.

**ڕووداو: لەکەیەوە فێری ئامێری شمشاڵ و نەی بووی؟**

**ڕزگار:** من لە شەوچەرەیەک حەزی شمشاڵ و

> ژەنینی شمشاڵی قالە مەڕە تەواو کوردانەیە

نەی کەوتە دڵم، لە دانیشتنێکی کوردەواریانەدا یاری کڵاو کڵاوێنانە دەکرا، ئامۆزایەکی باوکم دوای بردنەوەی یارییەکە شمشاڵەکەی دەرهێناو ئاوازێکی خۆشی ژەنی، ئیتر من شەیدای شمشاڵ بووم و بووە بەشێک لە من، بێ ئەوەی کەس ئەم ئامێرەم فێر بکات، خۆم بوومە مامۆستای خۆم و توانیم ئامێری شمشاڵ و نەی فێرببم.

**ڕووداو: خەڵکی کوردستان ئێستا سەلیقەی دانیشتن لە کۆنسێرتی میوریکیان هەیە؟**

**ڕزگار:** من ساڵی ڕابردوو 13 کۆنسێرتی میوزیکم لە کەرکووک و چەند شار و شارۆچکەیەکی کوردستان پێشکەش کرد، خەڵک زۆر بە گەرمی پێشوازییان لە کۆنسێرتەکان کرد، پێموایە ئێستا خەڵک گوێ لە میوزیک دەگرن.

**ڕووداو: بەنیاز نیت ئەلبوومێکی میوزیکی تایبەت بە شمشاڵ و نەی بڵاویکەیتەوە؟**

**ڕزگار:** بێگومان دەمێکە بەنیازم ئەلبوومێکی میوزیکی بڵاوبکەمەوە، ئێستا 11 تراکی میوزیکم ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی سپۆنسەر نەمتوانیوە بڵاوی بکەمەوە و ئەلبوومەکەم لە ماڵەوە خەوتووە.

**ڕووداو: چەند ئامێری فوودار دەژەنیت؟**

**ڕزگار:** بەشێکی زۆر لە ئامێرە فوودارەکان دەزانم، بەڵام سەرەتا بە شمشاڵ دەستمپێکردووە و ئێستاش لە هەموویان زیاتر بەکاریدەهێنم و ئارەزووی دەکەم. دەتوانم بڵێم نۆبەرەی دەستپێکردنم بۆ کاری میوزیک شمشاڵ بوو. هەر بۆیە خۆشەویستە لەلام.

> شمشاڵ خۆشەویستترین ئامێرە لەلام



(فۆتۆ: ڕووداو)


Life
NATUREL SPRING WATER
UBHOLDING


برنجی محمود
خۆش تام و بەسود
MAHMOOD RICE
١١٢١
100%


شیری ئاڵتونسا
100%
سروشتی یە
altunsa
Milk
powder



## ژنە ئاوارەیەکی ئێزدی خۆی دەکوژێ

**رووداو- دهۆک**

ئێوارەی رۆژی 2019/2/2 ژنێک لە کەمپی کەبەرتوو لە سنووری شارۆچکەی سێمێل بە قیشەک کۆتایی بە ژیانی هات. کەسوکارەکەی دەڵێن خۆی کوشتووە. ژنەکە ناوی (ع.ع)ـە و تەمەنی 20 ساڵە، بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتییەوە کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە. ژنەکە خەڵکی گوندی بارای باکووری چیای شنگالە، دوای هێرشی داعش بۆ سەر سەر شنگال و دەوروبەری لە ساڵی 2014، لەگەڵ خێزانەکەی ئاوارەی شاری دهۆک بوون و لە کەمپی کەبەرتوو نیشتەجێ بووبوون.

## گەنجێک 25 ئافرەت ناچار دەکات مووی جەستەیان بهێڵنەوە

# "پلانم دانابوو موو بە 5000 ئافرەت بهێڵمەوە"

**دیمەن بورهان**
**رووداو- هەولێر**

باوکی بەهۆی جەڵتەوە لەسەر جێگا کەوتووە و دایکیشی بەدەست نەخۆشییەکی درێژخایەنەوە دەیناڵاند، خۆیشی کەوتە داوی کەسێکی دەروون نەخۆشەوە کە چەندینجار هەتا لێواری مەرگی برد، ئەگەر هاورێکانی فریای نەکەوتنایە و هانیان نەدابایە بۆ ئەوەی سکاڵا لەسەر ئەو کەسە تۆمار بکات، رەنگە ئێستا لەناو گۆڕ بووایە.

جوان، کچێکی تەمەن 36 ساڵە، بەهۆی نەخۆشکەوتنی دایک و باوکییەوە لە دوا قۆناغی ئامادەیی وازی لە خوێندن هێناوە. ئەو خەونی بەوەوە دەبینی رۆژێک لە رۆژان کوڕێک بناسێ و شووی پێ بکات. بە ناسینی کوڕێک لە رێگەی فەیسبووکەوە، وایزانی خەونەکەی هاتەدی، بەڵام کوڕەکە ژیانی کردە دۆزەخ.

جوان چیرۆکی ناسینی کوڕەکە بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "گەنجێک بەناوی هەردی بە چەند قسەیەکی سەرنجڕاکێش داوای هاوڕێیەتی کرد لە فەیسبووک، منیش قبوڵم کرد، وێنەمان بۆ یەکتر دەنارد، ماوەیەک بەسەر پەیوەندییەکەمان تێپەڕی، پێمگوت ئەگەر منت خۆشدەوێت با هاوسەرگیری بکەین، ئەگەرنا من حەزم لە برادەرایەتی کوڕ نییە، ئەویش بەڵێنی پێدام بێت بۆ خوازبێنیم".

هەژاری و هەڵکشانی تەمەن پاڵنەرێک بوون بۆ ئەوەی جوان باوەڕ بە کوڕێک بکات کە نایناسێ، رۆژ بە رۆژیش زیاتر خۆشیدەویست. جوان گوتی: "هەردی زۆر نازی هەڵدەگرتم، زۆر گرنگی پێدەدام وەک ئەوەی تایبەت بە دڵی من دروست کرابێت، شەوێک پێیگوتم کە خاوەنی پێشانگای ئۆتۆمبێلە و ئەم ماوەیە خەریکی رێکخستنی کاروباری پێشانگاکەیە، دوای تەواوبوونی کارەکانی دێتە خوازبێنیم، گوتی تازە تۆ هی منیت، نابێ لە قسەم دەربچی، منیش

> **موو زۆر پیرۆزە لەلام وچەندینجار خواردوومە**

هێندەم خۆشدەویست ئەگەر بیگوتبایە بمرە، دەمردم. پێیگوتم دەمەوێت جەستەت ببینم، سەرەتا رازی نەبووم، بەڵام هەموو جارێک ئەو رستەیەی دووبارە دەکردەوە کە تۆ تازە هی منیت، هەر دوو مانگێکی دیکەیە و پێکەوە لەماڵێکدا دەژین و خێزانەکەشت بەخێودەکەم".

جوان بەو قسانە شاگەشکە دەبوو، دواجار

> **هەرئافرەتێکی موو رەشم لە فەیسبووک بینیبێ سڵاوێکم بۆ ناردووە**

دەچێتە ژێرباری داواکارییەکەی هەردی و وێنەی خۆی بۆ دەنێرێ، بەڵام تووشی سەرسوڕمان دەبێ کاتێک هەردی دەڵێت: "تۆم ناوێ".

جوان وا تێگەیشتبوو کە ئەمە تاقیکردنەوەی هەردییە بۆ ئەو، بەڵام کاتێک لێی پرسیوە بۆچی منت ناوێ. هەردی گوتوویەتی: "هیچ موویەک بە جەستەتەوە نییە، من ژنی بێ مووم خۆشناوێ، هەر کەسێک ببێ بە هاوژینم نابێ مووی جەستەی لاببات".

جوان کە پێنج مانگ پەیوەندی لەگەڵ هەردی هەبووە، لەو ماوەیەدا مووی جەستەی لانەبردووە. جوان باسی یەکێک لە بەسەرهاتەکانی نێوان خۆی و هەردی دەکات و دەڵێت: "ماوەیەک پشتگوێی خستم، شەوێک چووم بۆ حەمام و ڤیدیۆم بۆ کردەوە و مووسێکیشم هەڵگرت و هەندێک مووی جەستەم لادا، ئەو کوڕە خەریک بوو شێت بێ، سەری خۆی دەکێشا بە دیواردا، چەقۆیەکی هێنا پێیگوتم ئێستا خۆم دەکوژم، منیش پێمگوت خەمت نەبێ دەرمانی موو زیادبوون دەخۆم".

کاردانەوەکانی هەردی دەگۆڕێت، ئیدی تەنیا بە هێشتنەوەی موو رازی نابێت، بەڵکوو جوان وەک ئەکتەرێکی ناو ڤیدیۆکانی پۆڕن بەکاردەهێنێ و بەردەوام ڤیدیۆیەکی سەیروسەمەرەی پێ تۆمار دەکات. جوان گوتی: "تەواو لێی بێزار بووم، رۆژێک تەلەفۆنم بۆ کرد و پێمگوت پیاوی وەک تۆم ناوێ و بلۆکت دەکەم، لەوەڵامدا گوتی: من تۆم بۆ چییە، تەنیا کاتم پێ بەسەربردی، من ژن و منداڵم هەیە و تۆ لە لەشفرۆشێک زیاتر نیت، هەموو وێنە و ڤیدیۆکانیشت بڵاودەکەمەوە".

جوان زۆر لێی پاڕاوەتەوە ئەو کارە نەکات، بەڵام هەردی رۆژ لە دوای رۆژ سەقفی داواکارییەکانی بەرز کردووەتەوە. جوان دەڵێت: "داوای لێکردم پەردەی کچێنیم نەهێڵێم و بۆی وێنە بگرم و بۆشی بنێرم، خەریکبوو شێت دەبووم، چەند جارێک ویستم خۆم بکوژم، کەسوکارم فریامکەوتن".

هەردی بۆ تەنیا جارێکیش جوانی لە دەرەوە نەبینیوە، بەڵکو بەردەوام ڤیدیۆی پێ کردووەتەوە و زۆربەی جاریش داوای لێکردووە دەست لە مووەکانی جەستەی بدات. هەردی هەر بەوە نەوەستاوە، داوای وێنە و ڤیدیۆی خوشکەکەشی لێکردووە، بەڵام جوان رازی نەبووە، دواتر داوای وێنەی هاوڕێیەکی جوانی کردبوو. جوان لە ترسی بڵاوبوونەوەی ڤیدیۆ و وێنەکانی ناچار بووە بەدوای هاوڕێکەیدا بنێرێ، بە بیانووی تاقیکردنەوەی جلەوە رووتی بکاتەوە و بە نهێنی وێنەی بگرێ و بۆ هەردی بنێرێ.

جوان دەڵێت: "وێنەکەی بۆ هاوڕێکەم ناردبوو، گوتبووی من هاککەرم و بە شێوازێک ئەم وێنەیەم دەستکەوتووە کەس نازانێت چۆنە، ئیدی ئەویشی ناچار بە هێشتنەوەی مووی جەستەی کرد".

### داواکارییەکی مەحاڵ

هەردی بۆ ماوەیەک واز لە جوانە دێنێ و سەرقاڵ دەبێ بە هاوڕێکەیەوە، جوان وا دەزانێ هەردی وازی لێهێناوە، تا شەوێک نامەیەکی بۆ دەنێرێ و پێیدەڵێت دەبێ لە ماوەی یەک مانگدا شوو بکەی، کاتێکیش شووت کرد، ڤیدیۆی سێکسی خۆت و مێردەکەتم بۆ بنێری، ئەگینا سەرجەم وێنە و ڤیدیۆکانت بڵاودەکەمەوە.

جێبەجێکردنی ئەو داواکارییە شتێکی مەحاڵ بوو بۆ جوان، بۆیە بڕیار دەدات بەرەنگاری هەردی ببێتەوە، پەیوەندی بە هاوڕێیەکییەوە دەکات، ئەویش رێگەی پۆلیسی پێ نیشان دەدات، جوان سکاڵا لەسەر هەردی تۆمار دەکات و هەردی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێ.

### مووی دەخوارد

هەردی گەنجێکی تەمەن 29 ساڵە، خێزاندارە و منداڵێکیشی هەیە، دوای دەستگیرکردنی چیرۆکی خووە سەیرەکەی خۆی بۆ (رووداو) گێڕایەوە و گوتی: "منداڵ بووم، لەگەڵ دایکم چووم بۆ پرسەیەک، ژنێکی بەتەمەنم بینی خۆی رێکدەخستەوە، سکی دەرکەوت، هەمووی موو بوو، بەوە ورووژام، کاتێک باڵغ بووم، خراپتر بووم، زۆر جار بە بینینی مووی جەستەی ژنان دەبوورامەوە".

دایک و باوکی هەردی دەمرن، هەردی تەمەنی 20 ساڵ بووە کە برا گەورەکەی ژنی بۆ هێنا، بە گوتەی خۆی ژنەکەی زۆر جوان بووە، لە بەختی ئەویش مووی جەستەی بەهێز بووە. هەردی دەڵێت: "موو لای من زۆر پیرۆزە. بۆیە پێمگوت نابێت دەست لە مووی هیچ جێگایەکی جەستەت بدەی، جارجار مووشم دەخوارد، هاوسەرەکەم بەرگەی ئەو بارە دەروونییەی منی نەگرت و جیابووەوە. من دوای ئەو شێت بووم، چونکە تەنیا ئافرەت بوو بە دڵی من بوو، هەموو گیانی موو بوو".

دوای چوار ساڵ ئەمجارەیان مامی گوشاری بۆ دێنێ کە ژن بێنێ. هەردی دەڵێت "هاوژینی دووەمم وەک یەکەمیان جوان و جەستەی بە موو نەبوو، مووەکانی زەرد بوون، زۆر بە دڵم نەبوو".

### پلانی هەردی بۆ 5000 ئافرەت بووە

هەردی پەنا بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبات

> **ئافرەتێک: پێنج مانگ نەیهێشت مووی جەستم لابەرم**

بۆ دۆزینەوەی ئەو ئافرەتانەی مووی جەستەیان زۆرە. هەر ئافرەتێکی مووڕەش دەبینێ، سڵاوێکی بۆ دەنێرێ. هەردی دەڵێت "لە ماوەی دوو ساڵدا مووم بە 25 ژن هێشتەوە. وێنە و ڤیدیۆی هەموویانم لابوو، بەڵام یەک وێنەشم بڵاونەکردووەتەوە، تەنیا وەک هەڕەشە بەکاردەهێنا بۆ ئەوەی مووی جەستەیان بهێڵنەوە".

هەردی هێندە بە موو وروژاوە و شێت و شەیدای بووە کە وەک خۆی باسی دەکات، پلانی هەبووە موو بە 5000 هەزار ژن بهێڵێتەوە، بەڵام بەهۆی دەستگیرکردنی لەلایەن پۆلیسەوە پلانەکەی سەری نەگرت.





دوو لەو وێنانەی کە ئافرەتەکان بۆ هەردیان ناردووە

### کێ کەوتووەتە داوی هەردییەوە؟

هەردی باسی لەو ئافرەتانە کرد کە کەوتوونەتە داوەکەیەوە و دەڵێت: "زۆربەی ئەو کچانەی وێنەیان بۆ ناردم و دواتر ناچارم کردن مووی جەستەیان بهێڵنەوە، ئەو ئافرەتانەن کە تەمەنیان لە 35 ساڵ زیاترە، چاوەڕێی هەلێک بوون بۆ شووکردن، یان ئافرەتی هەژاری خاوەن مێرد و منداڵ. ئەوان زیاتر وەڵامی نامەکانیان دەدامەوە".

هەروەها دەڵێت: "هەوڵمداوە هەندێک ئافرەت لە رێگەی دەستکاریکردنی وێنەکانیانەوە ناچار بکەم مل بۆ داواکارییەکانم بدەن، بەڵام لەوەیاندا سەرکەوتوو نەبووم".

هەردی باسی یەکێک لەو ئافرەتانە دەکات کە خستوویەتیە داوی خۆشەویستی خۆیەوە. هەردی دەڵێت "ئافرەتەکە تەمەنی 45 ساڵ بوو، دایکی سێ منداڵە و کێشی 150 کیلۆ دەبوو، سەرسامی سکی بووم، زۆر لەو ئافرەتە دەچوو کە بە منداڵی تووشی ئەو دەردەی کردم".

هەردی پەشیمانە و بەگریانەوە دەڵێت: "توخوا چارەسەرم بکەن، چی بکەم تەنانەت ژنی دووەمیشم لێم بێزارە، بە دەست خۆم نییە، شێتی مووم".

### "هەردی نەخۆشە"

دلێر قادر گەلاڵی کە دکتۆرای لە فسیۆلۆجیی جەستە هەیە، هەردی بە کەسێکی "نەخۆش" وەسف دەکات و دەڵێت: "ئەم حاڵەتە نەخۆشییەکی دەروونیی دەگمەنە، بەڵام جۆری

> **پسپۆڕێک: هەردی تووشی نەخۆشیی پارافیلیا بووە و پێویستی بە چارەسەری دەروونییە**

دیکەی زۆرە، بۆ نموونە هەن تەنیا بە بۆن دەورووژێن، یاخود بە کاڵا و میکیاژ، ئەمانە پێویستیان بە چارەسەرە".

محەممەد مەغدید، شارەزا لە زمانی جەستە دەڵێت: "ئەوەی هەردی تووشی بووە لە زانستی دەروونناسیدا پێیدەگوترێ پارافیلیا و نەخۆشییەکەی هەردی لە جۆری پارافیلیا دیس ئۆردەرە (paraphilia disorders)" کە بە مانای خەلەل و تێکچوون و ئاڵۆسکان دێت.

سەبارەت بە چارەسەرەکەشی، محەممەد دەڵێت: "قوربانییەکە پێویستی بە چارەسەری دەروونی هەیە، نەک چارەسەری جەستەیی، زۆرجار دەرمانی کەمکردنەوەی ئارەزووی سێکس بۆ قوربانییەکە بەکاردەهێنرێ". گوتیشی: "ئەم نەخۆشییە لە ئەمریکا ناسێنراوە، پێناسەکەشی ئەوەیە کە تووشبوو بۆ گەیشتن بە ئۆرگازم پەنا بۆ شتی سەیر و ناسروشتی دەبات".

رائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر

> **هاوژینی یەکەمم لەسەر موولێم جیابووەوە**

بە (رووداو)ی راگەیاند: "بەهۆی دەستگیرکردنی ئەو کەسەوە توانیمان ژیانی چەندین ژن لە کوشتن و خۆکوشتن رزگار بکەین. پزیشکی تایبەت ئەو تۆمەتبارەی بینیوە، کەسێکی ئاسایی نییە. بە گوتەی ئەو ئافرەتانەشی کە پەیوەندییان لەگەڵی هەبووە، ئەو کەسە تەنیا ئامانجی تێرکردنی ئارەزووی سێکسی خۆی بووە و وێنەی هیچکام لەو ئافرەتانەی بڵاونەکردووەتەوە".

# ئافرەتێکی بەساڵاچوو لە کەلاوەیەکدا خۆی دەسووتێنێ



ئایش سێ ساڵ بوو گرفتاری نەخۆشیی دەروونی بوو

**عومەر چاوشین**
**رووداو- پشدەر**

کەسوکارەکەی دەیانزانی ئایش دواساتەکانی ژیانیەتی لەم دونیایە، بەڵام بەر دەرگای نەخۆشخانەیان بەرنەدا، تا ئەو کاتەی پزیشکەکان هەواڵی مردنی ئەویان دانێ.

بەرەبەیانی رۆژی 2019/1/26 ئافرەتێکی تەمەن 75 ساڵ بەناوی (ئایش خالید ئەحمەد)، دانیشتووی گوندی تووەسوورانی سەر بە ناحیەی سەنگەسەر لە قەزای رانیە، لە کەلاوە خانوویەکی نزیک ماڵی خۆیاندا ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. ئایش 100%ی جەستەی سووتا، تەنیا 10 کاژێر لە نەخۆشخانە مایەوە و مرد.

ئایش لەنێو خێزانێکی قەرەباڵغدا بوو، دوای مردنی هاوژینەکەشی، ئەو بڕیاردەری یەکەمی نێو خێزانەکە بوو، بەڵام کاتێک کچ و کوڕەکانی گەورە بوون، کوڕەکانی ژنیان هێنا و کچەکانیشی شوویان کرد، تەنیا دوو لە کوڕەکانی لەگەڵ مابوونەوە.

خالید حەسەن کە لەگەڵ برایەکی دیکەیدا لەلای دایکی مابوونەوە، دەڵێت: "کاتێک دایکم دەوروبەری چۆڵ بوو، ئیدی وەکو جاران دەسەڵاتی بەسەر خێزانەکەدا نەمابوو، ئەو حەزی دەکرد قسەی یەکەم و کۆتایی هەر خۆی بیکات، بۆیە بەرگەی ئەو رەوشەی نەگرت و بە جۆرێک تووشی گۆشەگیری بووبوو. لە سێ ساڵی رابردوودا چەند جارێک هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد، بۆیە قەت نەماندەهێشت بە تەنیا بێ، هەمیشە یەکێکمان چاودێریمان دەکرد".

شێروان کوڕە بچووکی ئایش، بە مردنی دایکی زۆر خەمبار بووە، ئەو پێشمەرگە بووە، بەڵام بەهۆی نەخۆشکەوتنی دایکییەوە ناچار بووە واز لە پێشمەرگایەتی بێنێ، براکانی هاوکارییان دەکرد بۆ ئەوەی چاودێری دایکی بکات نەوەک بەڵایەک بەسەر خۆی بهێنێ.

شێروان دەڵێت: "دایکم، دوای مردنی باوکم تووشی شیزۆفرینیا بوو، چەند جارێک هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد، ئێمە لە ترسی ئەو هەڕەشانەی دایکم، چواردەورمان چۆڵ نەدەکرد، شەوان لە ژوورەکەی ئەودا دەخەوتم، هەموو جارێک دەیگوت کوڕم پێویستە بڕۆی لەگەڵ هاوژین و منداڵەکانت بیت".

شێروان باسی رۆژی رووداوەکە دەکات و دەڵێت: "بەیانی بەخەبەر هاتبوو، نوێژی کردبوو، بەڵام نەخەوتەوە، من کەمێک درەنگ خەبەرم بووەوە، هاتمە دەرەوە دەموچاوم بشۆم، گوێم لە ناڵە ناڵێک بوو، سەیری دەرەوەم کرد، بینیم لە کەلاوە خانووەکەی بەرامبەرمان دووکەڵ بەرز دەبێتەوە".

شێروان لەو کاتەدا بە پەلە رادەکاتە ژوورەوە، تەماشا دەکات دایکی لەسەر جێگا نەماوە. دەڵێت: "خێرا رامکرد بۆ نێو کەلاوە خانووەکە، بینیم دایکم ئاگری لێ بەرز دەبێتەوە، تووشی شۆک بووم، خێرا بەتانییەکم هێنا و ئاگرەکەم کوژاندەوە، بەڵام کار لەکار ترازابوو، زۆربەی جەستەی سووتابوو".

ئایش بە پەلە دەگەیەنرێتە نەخۆشخانەی گشتی قەڵادزێ، بەڵام بەهۆی زۆریی رێژەی سووتانەکەی دەینێرن بۆ سلێمانی.

شێروان دەڵێت: "لە نەخۆشخانە زۆر هەوڵمان لەگەڵ دا قسە بکات، بزانین بۆچی خۆی سووتاندووە، بەڵام هیچی نەگوت، تەنیا پەنجەی شایەتمانی بەرز دەکردەوە، ئێوارەی ئەو رۆژە مرد".

سەبارەت بە هۆکاری خۆسووتاندنی دایکی، شێروان پێیوایە دایکی بەهۆی ئەوەی نەخۆشیی دەروونی هەبووە، بۆیە خۆی سووتاندووە. شێروان گوتی: "دایکم ئەو کاتانەی دەرمانەکانی دەخوارد زۆر باش بوو، بەڵام چەند مانگێک بوو وازی لە دەرمانەکان هێنابوو، بڕیار بوو ئەو رۆژە تەلەفۆن بۆ نۆڕینگەی پزیشکەکەی بکەین و نۆرەمان بۆ دابنێن بۆ ئەوەی بیبەینەوە لای پزیشکەکەی، بەڵام بەداخەوە ئاگری لە خۆی بەردا".

عوسمان محەممەد، یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتیی نەخۆشخانەی قەڵادزە بۆ کاروباری کارگێڕی بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ئافرەتە کە ساڵی 1944 لەدایکبووە، بە سووتاوی هێنرایە نەخۆشخانەکەمان، دوای پشکنین دەرکەوت 100%ی جەستەی سووتاوە، هەر ئەو رۆژە بەڕێمان کرد بۆ سلێمانی، بەڵام بۆ ئێوارە تەرمەکەیان هێنایەوە".

گوتیشی: "ئافرەتەکە خۆی سووتاندبوو".

رائید شۆڕش ئیسماعیل، گوتەبێژی پۆلیسی راپەڕین سەبارەت بە خۆسووتاندنی ئەو ئافرەتە بە (رووداو)ی گوت: "ئەو ئافرەتە بەساڵاچووە بۆ خۆی ئاگری لە جەستەی خۆی بەرداوە، کەس سکاڵای نەبووە. بە گوتەی کەسوکارەکەی، نەخۆشیی دەروونی هەبووە".



## پیاوێک بە چەکوش و چەقۆ دەکوژرێت

**ڕووداو- کەلار**

کاژێر 02:05 خولەکی بەرەبەیانی ڕۆژی 2019/2/2 پۆلیسی 104 لە گەڕەکی بەردەسوورانی کەلار ئاگاداردەکرێنەوە لە کوژرانی کەسێک لەنێو ماڵەکەی خۆیدا. پۆلیس دەڵێت بکوژەکان دووکەس دەبن و دەست و دەمی سێ ژن دەبەستنەوە، دواتر پیاوەکە بە چەکوش و چەقۆ دەکوژن. بەگوتەی کەسوکاری کوژراوە زیاتر لە 10 ملیۆن دینارییان بردووە. عەلی ئەحمەد برای کوژراوەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "کاژێر 2:30 خولەکی شەو پێیانگوتین براکەت کوژراوە، دواتر پۆلیس هاتن بۆ شوێنی ڕووداوەکە، بەڵام نازانین کێ کوشتوویەتی". ڕائید عەلی جەمال، گوتەبێژی پۆلیسی گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "چوار کەس لەسەر ڕووداوەکە دەستگیرکراون و سەرەداومان دەستکەوتووە".

"دەترسام بەهۆی منەوە کچێک بکوژرێ"

# لە لایڤدا گوللەیەک لە خۆی دەدات



وریا دەڵێت ئەو کارەی بۆ دانەوەی قەرزەکانی کردووە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

وریا لە مامەڵەی ئۆتۆمبێل زەرەری کردبوو، قەرزێکی زۆری لەسەر کۆبووبووەوە، ڕۆژ بە ڕۆژ خاوەن قەرزەکان گوشارییان بۆ دەهێنا، تا ناچار بوو پەنا بۆ فێڵێک ببات، بەڵام نەک فێڵەکەی سەری نەگرت، بەڵکو خەریک بوو گەنجێک لەو نێوەدا ببێتە قوربانی.

وریا ڕۆژی 26ی ئەم مانگە لەلایەن پۆلیسی هەولێرەوە دەستگیر کرا. ڕائید هۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "لە ڕووداوێکی هەوڵدان بۆ خۆکوشتنی گەنجێک ئاگادار کراینەوە، دواتر زانیمان گەنجەکە کەوتووەتە داوی کەسێکی فێڵبازەوە، توانیمان ئەو کەسەش دەستگیر بکەین".

(وریا،ع) 23 ساڵ، باوکی سێ منداڵە، دەڵێت بەهۆی ئەوەی لە مامەڵەی ئۆتۆمبێل زەرەرێکی زۆری کردووە، پەنای بۆ فەیسبووک بردووە، تا لە ڕێگەی هەڵخەڵەتاندنی خەڵکەوە پارەی دەستبکەوێ و قەرزەکانی بداتەوە.

وریا دوای ئەوەی لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکرا بە (ڕووداو)ی گوت: "مامەڵەی ئۆتۆمبێلم دەکرد، زەرەرێکی زۆرم کرد، نزیکەی 35 هەزار دۆلاری خەڵک قەرزدار بووم، خاوەن قەرزەکان داوای قەرزی خۆیان دەکردەوە، بەڵام من پارەم نەبوو، کار گەیشتە هەڕەشەی کوشتن و ڕفاندنی منداڵەکانم".

وریا لەپێناوی دەستکەوتنی پارە فەیسبووکێک بەناوی (شەیدای شەیدا) دادەنێ و وێنەیەکی ورووژێنەر دەخاتە سەر پرۆفایلی ئەکاونتەکە. ئیدی ریکویست لە دوای ریکویست بۆ فەیسبووکەکەی دێن، کوڕان کێبڕکێیان بووە لەپێناوی ڕازیکردنی دڵی شەیدا، بەڵام وریا لە نێو هەموویاندا (ئاری) هەڵدەبژێرێ کە تەمەنی 18 ساڵ بووە.

وریا دەڵێ "نزیکەی سێ هەفتە من و ئاری لە پەیوەندییەکی سۆزداریی زۆر گەرمدا بووین، زۆر هەوڵی دەدا قسەم لەگەڵ بکات، بەڵام من پێمدەگوت خاوەنی شەش برا و چەندین ئامۆزام، ئەگەر بزانن مۆبایلم هەیە دەمکوژن، دواتر داوای نامەی دەنگی لێکردم، منیش دەنگی کچێکم لە یوتیوب دەرهێنا کە دەڵێت: بڕوا بکە کچم و مەجالی پەیوەندیم نییە".

ئاری ئۆقرەی نامێنێ، داوای بینین و ڤیدیۆکردنەوە لە شەیدا دەکات یان پەیوەندییەکە کۆتایی پێ بهێنێت، بۆیە وریا نامەیەک بۆ ئاری دەنێرێ و پێیدەڵێ "ئامۆزایەکم مۆبایلەکەی بینیوە و هەموو نامەکانی نێوانمانی بینیوە و دەمانکوژن".

وریا بە فەیسبووکی ڕاستەقینەی خۆی نامەیەک بۆ ئاری دەنێرێ و دەنووسێ: "من ئامۆزای شەیدام، ئەوەی ئێوە کردووتانە بە کوشتنی هەردووکتان کۆتایی دێت، ئێمە عەشایەرین".

ئاری زۆر لەبەر وریا پاڕاوەتەوە کە ئەم بابەتە دابخات و چیدی پەیوەندی بە شەیداوە ناکات، بەڵام وریا بەردەوام بووە لە نواندن و پێیگوتووە بابەتەکە بۆ براکانی شەیدا باس دەکات. وریا دەڵێت: "پێمگوت بەو مەرجە ئەو باسە دادەخەم، 2000 دۆلارم بدەیتێ، ئەویش بە شوفێری تاکسییەکدا 2000 دۆلارەکەی بۆ ناردم".

دوو ڕۆژ دواتر وریا تەلەفۆن بۆ ئاری دەکات و پێیدەڵێت پێویستە یەکدی ببینن، لە چایخانەیەک یەکدی دەبینن. وریا بە ئاری دەڵێت: براکانی شەیدا بە بابەتەکەیان زانیوە و هەڕەشەی کوشتن لە شەیدا دەکەن، دەبێ 5000 دۆلارم بدەیتێ بۆ ئەوەی سیناریۆیەک دابنێم و هەردووکتان ڕزگار بکەم. "ئەویش گوتی بەسەرچاو بەس پارەکەت بە سێ جار دەدەمێ، منیش پێمگوت دەبێت من دڵنیاییەک لە تۆ وەربگرم تا بزانم ڕاست دەکەی و پارەکە دەدەیت، دەبێ گرتەیەکی ڕووتی خۆتم بۆ بنێری. زۆر پاڕایەوە و گوتی شتی وا نابێت، پێمگوت ئەوە دوا بڕیارە و جێمهێشت".

شەو وریا لە ڕێگەی ڤیدیۆی فەیسبووکەوە پەیوەندی بە ئارییەوە دەکات، ئاری وەڵامی دەداتەوە، بەڵام بە ڕووتی نا، بەڵکو چەکێکی پێیە و لەو کاتەدا میلی چەکەکەی دێنێتەوە و هەر بەبەرچاوی وریاوە گوللەیەک لە خۆی دەدات.

باوکی ئاری کە بۆ پۆلیس قسەی کردبوو، گوتوویەتی: "کوڕەکەم زۆر بە ڕەوشتە، نازانم چۆن فریوی خواردبوو، کاتێک گوێمان لە دەنگی تەقە بوو ڕامانکرد، کوڕەکەم بەدیار مۆبایلەکەیەوە لەناو خوێنی خۆیدا بوو، لایڤێک لە مەسنجەری فەیسبووکەکەیەوە کرابووەوە، ئیدی بەو هۆیەوە وریامان دۆزییەوە".

ئاری کە گوللەیەکی لە سکی خۆی داوە و ڕەوشی تەندروستی باش نییە، لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتوویەتی: "ئەو کەسە خۆی لێکردم بە کچ و ئاددی بۆ ناردم، منی هۆگری خۆی کرد، دواتر خۆی کرد بە ئامۆزای ئەو بەناو شەیدایە و داوای پارەی کرد، منیش 2000 دۆلارم بۆ نارد، دواتر داوای پێنج هەزار دۆلاری دیکەی کرد، بەڵام نەمبوو. ئەو بەردەوام هەڕەشەی کوشتنی لێدەکردم، منیش خەمی ئەوەم بوو بەهۆی منەوە کچێک بکوژرێت و ئابڕووی من و خێزانەکەشم بچێ، بۆیە مردنی خۆم هەڵبژارد".

# گەنجێکی 19 ساڵان خۆی دەکوژێ



ڕامان بەنیازبوو هاوین بچێتە هەندەران

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو- هەولێر**

ڕامان، داوای لە باوکی کردبوو بینێرێتە ئەورووپا، باوکیشی بەڵێنی پێدابوو کە هاوین بینێرێت، بەڵام ئەو چاوەڕێی نەکرد و لە زستاندا بە گوللەیەک جەستەی خۆی ساردکردەوە. باوکی دەیەوێ ئەو گرێیە بکاتەوە کە ڕامان دەمانچەی لە کوێ پەیدا کردووە؟

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی 2019/1/28 گەنجێکی تەمەن 19 ساڵان بە ناوی (ڕامان. ر) دانیشتووی گوندێکی شارۆچکەی پیرانی سەر بە قەزای مێرگەسۆر، لە نێو ئۆتۆمبێلەکەیدا گوللەیەک لە خۆی دەدات و خۆی دەکوژێ.

ڕائید سەعدون هاودیانی، گوتەبێژی پۆلیسی سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "دوای ئەوەی پۆلیسی مێرگەسۆر لە ڕووداوەکە ئاگادار کرانەوە، دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد، تەرمەکەی هێنرایە بەشی پزیشکی دادوەری لە قەزای سۆران، دەرکەوت گەنجێکی تەمەن 19 ساڵە و خۆی کوشتووە".

هاودیانی گوتیشی: "کەسوکارەکەی لە ئیفادەکەیاندا دەڵێن کوڕەکەمان هیچ کێشەیەکی نەبووە، بەتەما بوو هاوین بچێتە ئەورووپا، هەروەها دەڵێن ئەو دەمانچەیەی کوڕەکەیان خۆی پێ کوشتووە، نازانن لە کوێ هێناویەتی. پۆلیس لەوە دەکۆڵێتەوە بزانێ دەمانچەکەی چۆن پەیدا کردووە".

(ر.ن)ی باوکی ڕامان پێشمەرگەیە، ئەو کاتەی کە کوڕەکەی خۆی کوشتووە، ئەو لە دەوام بووە. باوکی ڕامان بە (ڕووداو)ی گوت: "من لە دەوام بووم، زاواکەمان تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی وەرەوە ئێمە لە نەخۆشخانەین. ڕامان گوللەیەکی لە سینگی خۆی داوە".

باوکی ڕامان بە پەلە دەگاتە نەخۆشخانە، بەڵام ئەوکات لە ژیاندا نەمابوو. باوکی ڕامان دەڵێت: "لەوێ پێیانگوتم کە لەسەر ڕێگای گوندەکە خۆی کوشتووە. لە شوێنی خۆم دانیشتم و نەمدەزانی چی بکەم، من کە ڕۆیشتمەوە بۆ دەوام بە پێکەنینەوە ماڵئاواییم لێکرد، نەمدەزانی دێمەوە مەرگی کوڕەکەم دەبینم".

باوکی ڕامان دەڵێت: "کوڕەکەم چەندینجار داوای لێکردم بینێرمە ئەورووپا. منیش گوتم باشە، بەڵام ئێستا کەشوهەوا ساردە، بەهار یان هاوین دەتنێرم، ئەویش گوتی تا بەهار چاوەڕێ دەکەم، دڵم بەوە خۆشبوو تا بەهار بیرۆکەی سەفەر بۆ ئەورووپا لە مێشکی دەربچێ، بەڵام زوو زوو بیری دەخستمەوە کە بەهار نزیک بووەتەوە".

باوکی ڕامان بە گریانەوە باسی مەرگی کوڕەکەی کرد و گوتی: "کوڕەکەم نانی نیوەڕۆی لەگەڵ دایکی خواردبوو، دواتر چووبووە دەرەوە، زۆری پێنەچوو هاتبووەوە ماڵەوە و بە دایکی گوتبوو دەڕۆم خۆم دەکوژم، دایکی کە گوێی لەو قسەیە بووبوو نەیزانیبوو چی بکات".

دایکی ڕامان پەیوەندی بە خاڵی ڕامانەوە دەکات و پێیدەڵێت فریام بکەوە کوڕەکەم ئۆتۆمبێلەکەی برد و گوتی دەڕۆم خۆم دەکوژم، نازانم چی بکەم. خاڵی ڕامان کە گوێی لەو قسەیە بووبوو، بە ڕاکردن چوو بوو بۆ ماڵی خوشکەکەی، زۆر بەدوای ڕاماندا گەڕابوو نەیدۆزیبووەوە، تەلەفۆنی بۆ کردبوو، وەڵامی نەدابووەوە، پاشان کەسێک وەڵامی تەلەفۆنەکەی دابووەوە و گوتبووی خاوەنی ئەم مۆبایلە خۆی کوشتووە.

خاڵی بەپەلە دەگاتە شوێنی ڕووداوەکە و خوشکەزاکەی دەگەیێنێتە نەخۆشخانە، بەڵام پزیشکەکان پێیدەڵێن مردووە، ئەو نازانێت چۆن ئەو هەواڵە بە دایکی ڕامان بدات، بۆیە پەیوەندی بە زاواکەیانەوە دەکات.

دایکی ڕامان هێشتا باوەڕ ناکات کە کوڕەکەی خۆی کوشتووە. باوکی ڕامان دەڵێت "دایکی تا ئێستاش داوای ڕامان دەکات و دەڵێت نەمردووە. کوڕەکەمان هیچ کێشەیەکی نەبوو، من بەڵێنم پێدابوو هاوین بینێرمە ئەورووپا، بەڵام بە داخەوە مەرگ نەیهێشت خەونەکەی بۆ بێنمەدی".

ڕامان بۆچی خۆی کوشت و ئەو چەکەی لە کوێ پەیدا کرد؟ باوکی ڕامان چاوەڕێیە پۆلیس پاش لێکۆڵینەوە لە دۆسیەکە، وەڵامی ئەو دوو پرسیارەی بدەنەوە.

# براکەی خۆی لەسەر زللەیەک دەکوژێ



(ف) تا ئێستا نازانێت فەرمانی برای کوشتووە

**تریسکە شێرزاد**
**ڕووداو – هەولێر**

فەرمان زللەیەک لە براکەی دەدات لەسەر ئەوەی کە شەڕی کردووە، نەیزانی ئەو سەرزەنشتکردنە لەسەر دڵی براکەی دەبێتە گرێ تا دواتر چەقۆیەک لە فەرمان دەدات و دەیکوژێت.

ڕۆژی 2019/1/29 گەنجێکی تەمەن 28 ساڵ بە ناوی فەرمان لەتیف، دانیشتووی گەڕەکی زەرگەتەی شاری سلێمانی، دوای ئەوەی لە دەوام دەگەڕێتەوە، لەلایەن برا بچووکەکەیەوە چەقۆیەک لە پشتی دەدرێ و دەکوژرێ.

سەرکەوت ئەحمەد، بەرپرسی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکانی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند: "گەنجێکی تەمەن 20 ساڵان بەناوی (ف. لەتیف) لە ماڵەکەی خۆیدا برا گەورەکەی کوشتووە، دوای ڕووداوەکەش لەلایەن پۆلیس بەختیارییەوە دەستگیر کرا".

سەبارەت بە هۆکاری ڕووداوەکەش گوتی: "ئیفادەمان لە کەسوکاری وەرگرت، بە گوتەی ئەوان کوڕەکەیان مێشکی تەواو نییە. ڕووداوەکەش بەهۆی دەمەقاڵێیەک بووە لە نێوان هەردوو براکە".

ڕاستگۆ تەحسین کە ئامۆزای فەرمانە، لە یەکەم ڕۆژی پرسەی ئامۆزاکەیدا هۆکاری شەڕی نێوان ئەو دوو برایەی بۆ (ڕووداو) باسکرد و گوتی: "(ف)ی ئامۆزام بەیانییەکەی کە خەبەری بووەتەوە، لە ماڵەوە کردوویەتی بە شەڕ، دەمەقاڵێ لە نێوان فەرمان و براکەی دروست بووبوو، دواتر فەرمان چووبوو بۆ دەوام، نیوەڕۆ لە دەوام گەڕابووەوە، هەر بە گاڵتە زللەیەکی لە برا بچووکەکەی دابوو، پێیگوتبوو ئەم بەیانییە بۆچی ئەو شەڕەت کرد؟".

دوای زللەکە (ف) بە توورەییەوە لە ماڵ دەردەچێ و بە دایکی دەڵێت ئێستا دەگەڕێمەوە، بەڵام (ف) بە چەقۆیەکەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە. ڕاستگۆ دەڵێت: "(ف) کە چووبووەوە ژوورەوە، چەقۆکەی لە پشتی خۆی شاردبووەوە، کە دەگاتە لای فەرمان چەقۆکە دەردێنێ و سێ چەقۆ لە فەرمان دەدات و دەیکوژێ".

دایکی کە لەگەڵ دوو لە کچەکانی ئەو کاتە لە ماڵ بووە، نازانێت چی بکات، پەیوەندی بە باوکیانەوە دەکات و داوا دەکات بە فریایان بگات. فەرمان بە برینداری گەیەنرایە نەخۆشخانە، بەڵام لەوێ تەنیا چەند خولەکێکی کەم ژیا و گیانی دەرچوو.

ڕاستگۆ ڕەتیکردەوە پێشتر هیچ کێشەیەک لە نێوان ئەو دوو برایەدا هەبووبێ و گوتی: "(ف) لە منداڵییەوە نەخۆش بوو، بردمانە لای پزیشک، پشکنینیان بۆ کرد، پزیشک گوتی 60%ی مێشکی کێشەی هەیە، دەبێ زۆر ئاگاداری بن".

ڕاستگۆ دەڵێت (ف) زۆربەی کات لە ماڵەوە هەرای دەنایەوە، هەموو جارێکیش توورەیی خۆی بە شکاندنی کەلوپەلی نێو ماڵ دەردەبڕی، بەڵام کەسوکارەکەی چاوپۆشییان لێدەکرد، چونکە دەیانزانی نەخۆشە. هەروەها دەڵێت: (ف) تا پۆلی شەشی سەرەتایی خوێندبوو، کەسوکارەی زانییان بە کەڵکی قوتابخانە نایەت، دەریانهێنا.

بە گوتەی ڕاستگۆ، (ف) کاتێک دەهاتەوە سەرخۆی کەسێکی زۆر ئارام بووە، هەتا لە یوتیوب چەناڵێکی بۆ خۆی کردبووەوە و خۆی فێری زمانی دیکە دەکرد. ئەو ڕۆژەشی ئەو تاوانەی کردووە، ئەو دەرمانانەی نەخواردبوو کە پزیشک بۆی دانابوو. ڕاستگۆ گوتیشی: "خێزانەکەی شۆک بوون، کەسیان قسە ناکەن، مامم بە ڕیشی سپییەوە بەکوڵ دەگری و دەڵێت کوڕێکم بۆ ژێر گڵ ڕۆیشت و یەکێکیش بۆ زیندان. خوشکەکانی تاساون، خوشکە بچوکەکەی لەو کاتەوەی ئەو دیمەنەی بینیوە، زوو زوو لە هۆش خۆی دەچێ".

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان فەرمان و براکەی، ڕاستگۆ دەڵێت: "فەرمان برا بچووکەکەی زۆر خۆشدەویست، هەر شتێکی ویستبایە بۆی دەکڕی، هەتا پلەیستەیشن و لاپتۆپ و مۆبایلی بۆ کڕیبوو، دەیگوت با براکەم هەست بە هیچ کەموکوڕییەک نەکات، چونکە نەخۆشە، با نەڵێت منیان پشتگوێ خستووە".

(ف) دوای ئەوەی سێ چەقۆ لە فەرمانی برای دەدات، شووشەی پەنجەرەی ماڵەکەیان دەشکێنێ و لە سووچێکی ژوورەکە دادەنیشێت تا پۆلیس دەچێتە ماڵیان و دەستگیری دەکەن، ئەو ئێستا لە زیندانە و پۆلیس بە پێی ماددە 406 لە یاسای سزادانی عێراقی مامەڵە لەگەڵ دۆسیەکەی دەکات.

ڕۆژێک دوای ڕووداوەکە، (ف) لە بنکەی پۆلیسەوە پەیوەندی بە باوکیەوە دەکات و لێی دەپرسێت: فەرمانی برام چۆنە؟ نەمردووە؟ باوکی پێیدەڵێت کە ماوە و لە نەخۆشخانەیە. (ف) داوای لێبووردن لە باوکی دەکات و پێیدەڵێت من نەمدەویست ئەو کارە بکەم، زۆر پەشیمانم، لەم شوێنە ڕزگارم بکە زۆر ناخۆشە.

## سێ منداڵی کورد لە دەریای ئیجەدا دەخنکێن



**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی دەزگای لوتکە بۆ کاروبای ئاوارە و پەنابەران رایگەیاند، لەڕێگەی نێوان تورکیا- یۆنان بەهۆی ژێرئاوکەوتنی بەلەمێکەوە سێ منداڵی خەڵکی هەولێر خنکان. ئاری جەلال، سەرۆکی دەزگای لووتکە بۆ کاروبای ئاوارە و پەنابەران بە (رووداو)ی راگەیاند: "کاژێر 3:00ـی بەرەبەیانی رۆژی 2019/2/2 بەلەمێکی لاستیکی کۆچبەران لەڕێگەی نێوان تورکیا- یۆنان ژێرئاوکەوت و بەهۆیەوە سێ منداڵ خنکان". ئاری جەلال گوتیشی "بەلەمەکە 13 کۆچبەری هەرێمی کوردستانی تێدا بوو، بەشی زۆریان خەڵکی هەولێرن، سێ لەوانەی خنکاون منداڵن کە دووانیان لەئاودا خنکاون و یەکێکیشیان بەهۆی سەرماوە رەقبووەتەوە".

### بە خانمی کۆد ناسراوە

# راوێژکاری دیجیتاڵیی حکومەت لە ئەڵمانیا کچە کوردێکە



**هێمن عەبدوڵڵا**
**رووداو- نوورنبێرگ**

لە یەکێک لە نهۆمەکانی باڵەخانەیەکی شاری بەرلین کچێکی گەنج لە هۆڵێکدا قسە بۆ خەڵک دەکات. لە پەنجەرەکانی هۆڵەکەوە ئاڵای ئەڵمانیا بەسەر ئەو ئۆفیسەدا دەشەکێتەوە کە ئەنگێلا مێرکڵ، راوێژکاری ئەو وڵاتە کاری تێدا دەکات. ژمارەیەکی زۆر خەڵک کۆبوونەتەوە تا گوێ لە ئەزموونی سەرکەوتووانەی ئەو کچە گەنجە بگرن کە ناوی ئایا جافە و تەمەنی نەبووەتە 25 ساڵ، بەڵام لەئێستاوە میدیای ئەڵمانی وەک (خانمی کۆد) دەیناسن و دەوڵەتیش کردوویەتیە راوێژکاری خۆی بۆ کاروباری دیجیتاڵی.

### ئاوە ساردەکە

ئایا جاف حەزی لەوە نییە پێیبڵێن خانمی کۆد. چونکە دەڵێت: "ئەمە بەتەواوەتی مافی ئەو کارە نادات کە من دەیکەم و من زۆرتر لەوە دەکەم". هەروەها رەخنەی هەیە لەوانەی ژنبوون زەقدەکەنەوە، بۆ نموونە ئەگەر پیاوێک وا بەنێوبانگ بووایە پێیاننەدەگوت (پیاوی کۆد). لە کۆبوونەوەکەی بەرلین هانی میوانەکانی دەدات بوێر بن و نەترسن. بۆ ئەوەش نموونەیەکیان بۆ دەهێنێتەوە کە جارێکیان لە کتێبێکدا خوێندوویەتیەوە: "ئەگەر برۆیتە حەمام و تەنیا ئاوی سارد بکەیتەوە، سەرەتا ترسێکی زۆرت هەیە تا دەچیتە ژێر ئاوەکە، بەڵام هەر ئەو چەند خولەکەی سەرەتایە و دوایی رادێی و ترسەکە دەڕوات. هەوڵدان بۆ ئیشی گەورەش هەروایە، چەند خولەکی سەرەتای ترسی هەیە و ئەگەر خۆڕاگربوویت ترسەکەت نامێنێ".

### خانمی بەڕێوەبەر

ئایا لە شاری نوورنبێرگ دەژی، بەڵام ئێستا بەڕێوەبەر و دامەزرێنەری کۆمپانیایەکی گەورەیە بەناوی (کۆ-دیزاین فاکتری) کە جگە لە ستافێکی گەنج چەندین دکتۆر و پرۆفیسۆریش وەک راوێژکار و یاریدەدەر کاری لەگەڵ دەکەن. ئەو کچە کوردە بەهۆی پرۆگرامکردنی چەندین ئەپی بەنێوبانگ و بەشداریی لە ژمارەیەک پرۆژەی دیجیتاڵیی گەورەدا، زوو زوو دەبێتە میوانی شۆیە تەلەفزیۆنییە ئەڵمانییە بەنێوبانگەکان و رۆژنامەکانی ئەو وڵاتەش نازناوی (خانمی کۆد)یان داوەتێ. حکومەتی ویلایەتی نۆردراین ڤێستڤاڵنیش کە پرۆژەیەکی نوێکردنەوەی دیجیتاڵیی هەیە، راوێژ لە ئایا وەردەگرێ.

### عەقڵی بازرگانی

دایک و باوکی ئایا لە ماڵەکەی خۆیاندا چیرۆکی گەورەبوونی کچەکەیانم بۆ باسدەکەن و دەیگێڕنەوە کە چۆن لە نیوەی دووەمی نەوەتەکاندا لە شاری سلێمانییەوە چوونەتە ئەڵمانیا. دایکی دەڵێت ئایا لە منداڵییەوە لە شتی وا ورد دەبووەوە کە منداڵەکانی هاوتەمەنی ئەو نەیاندەکرد. وەک دایک و باوکی باسی دەکەن، ئایا تەمەنی نەگەیشتبووە 15 ساڵ کە خزمەتگوزارییەکی دیجیتاڵیی بۆ کەسانی بەتەمەن دامەزراندووە بۆ ئەوەی بتوانن ئەو کەسانە بدۆزنەوە کە بە پارە دەتوانن خزمەتیان بکەن. ئەو ناوی لە پرۆژەکەی ناوە (جاف جۆبس) و خۆی بەدوای ئەو کەسانەدا گەڕاوە کە بەدوای کاردا دەگەڕێن و لەگەڵ بەساڵاچووەکان بەیەکدی ناساندوون.

### پایتەختی فەیسبووک

رووداوێک کە کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانی ئایا هەبووە سەفەر و کارکردنیەتی لە سیلیکن ڤاڵێی. ئەو شوێنەی کۆمپانیا دیجیتاڵییە زەبەلاحەکانی وەک فەیسبووک و گووگڵی لێن و لەوێوە بڕیار دەدرێت جیهان لەڕووی دیجیتاڵییەوە چیی پێویستە. دایک و باوکی دەڵێن ئایا لە رێگەی چوونە سیلیکن ڤاڵێی و لەنێو فرۆکەدا بووەتە 18 ساڵ، بەڵام وەک ئەوان باسی دەکەن، متمانەی دنیایان بە کچەکەیان هەبووە کە کاری گەورە دەکات، بۆیە لە پشتی بوون. ئایا لەو ماوەیەی لەوێ بووە یەکێک لە کارەکانی ئیشکردن بووە لە پرۆژەی شەمەندەفەرێکی یەکجار خێرا کە بە تەکنەلۆژیای هایپەر لووپ ناسراوە. ئەو هەرچەندە لە پرۆژەکەدا نەماوە، بەڵام دڵخۆشە کە لە هەندێک وڵاتی جیهان، وەک چین، پرۆژەکە سەرکەوتوو بووە.

### پارەساز

ئەمساڵ کتێبێکی ئایا جاف بەناوی (مەنی مەیکەرز-پارەسازەکان) لە ئەڵمانیا و جیهان بڵاودەکرێتەوە. لە شەش مانگی رابردوودا زۆر دەزگای میدیایی لەسەر نێوەرۆکی کتێبە چاوەڕوانکراوەکەی نووسییان. ماڵپەڕی بەنێوبانگی ئامازۆنیش ئەو دەرفەتەی داوەتە کڕیارەکانی کە لەئێستاوە کتێبەکە بکڕن. ئایا لە کتێبەکەیدا هەوڵدەدات بە زمانێکی سادە بە خەڵک بڵێت چۆن پارە پەیدا دەکرێ و چۆن مرۆڤەکان دەتوانن ئیشی گەورە بکەن. رەنگە ئەمەش دروست ئەو شتە بێت کە گەنجە هاوزمانەکانی ئایا لە کوردستان و لە دەرەوەش پێویستیانە بیزانن و لێیەوە فێربن.

*** بۆ وردەکاریی زۆرتر لەسەر ژیانی ئایا جاف، رۆژی چوارشەممە کاژێر 22 بەکاتی هەولێر، سەیری بەرنامەی (بیگ ستۆری) بکە لە تەلەفیزیۆنی رووداو.**

### زیاتر لە 200 هەزار کەسی گەیاندووەتە ئەورووپا

# ئەمیر حەیدەری.. ئەفسانەی رێگەی کۆچ

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

کەناڵی سێی رادیۆی سوێد، دۆکیۆمێنتارییەکی لەبارەی ئەفسانەی قاچاخچییەکانی ئەوروپا و سوێد بڵاوکردەوە کە کوردێکە بەناوی ئەمیر حەیدەری. ئەو کە لە هەشتا و نەوەتەکانی سەدەی رابردوو بە پاڵەوانی رزگارکەری ئاوارەکانی رێگەی هەندەران ناوی دەرکردبوو، نەک هەر لە چاوپێکەوتنەکانی پۆلیس، بەڵکو لە گفتوگۆکانی پەرلەمانیشدا دەنگی دایەوە.

"سێ لەسەر چواری پۆلیس و کارمەندانی تایبەت بە کۆچ و پەنابەران، ئاشنای ناوی ئەمیر حەیدەرین، چونکە زۆربەی کۆچبەران، ناوی ئەمیریان دەهێنا، ئەگەر تەنانەت لەلایەن ئەویشەوە نەهاتبن". کارمەندێکی دەزگای کۆچ ئەمەی بە (رووداو) گوت

دۆکیۆمێنتاری رادیۆیی (Flyktingsmugglaren Heidari) واتا (حەیدەری.. قاچاخچیی پەنابەران) کە هەردوو رۆژنامەنووسی سوێدی ماریا هانسۆن و رۆسا فێرناندز ئامادەیان کردبوو. بیرەوەری سەتان هەزار کۆچبەری ئەوروپا، بەتایبەت سوێدی زیندوو کردووە بۆ کەسایەتییەک کە نەک قاچاخچی، بەڵکو کەسایەتییەکی پیرۆزی ئەوانە. بەشێکیان کە بۆ (رووداو) قسەیان کردووە، دەڵێن: "حەیدەری رزگارکەری ئێمە بوو".

لە پرۆمۆی دۆکیۆمێنتارییەکەدا هاتووە، حەیدەری بە گەورەترین قاچاخچی دادەنرێ، لەلای هەندێک کەس وەکو تاوانبارێک سەیر دەکرێ، بەڵام لەلای بەشێکیان قارەمانە.

ئەمیر یەکێک لە ناوەکانی ئەوە، لە چەندین بەڵگەدا ناوی دیکەی هەبووە. ئەو لە ساڵی 1953 لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەدایک بووە، هەمیشە وەک کەسایەتییەکی یاخی و ناڕازی دەرکەوتووە و وەک خۆی گوتوویەتی، ناخۆشییەکانی ژیانی ئەویان فێری کاری ناوازە کردووە، لە نێویاندا کاری قاچاخچێتی بواری خۆراک. پاشان بازرگانی فەرشی ئێرانی لەنێو بازاڕەکانی تاران و بەغدا و ئەڵمانیا و سوێد.

حەیدەری لە ئێران خزمەتی سەربازیی ئیلزامی کردووە. دواتر ئێرانی جێهێشتووە و بۆ ماوەیەک لەگەڵ یەکێک لە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کاری کردووە. ئەمیر حەیدەری لە ساڵی 1979 رووی لە سوێد کردووە. بەڵام بەهۆی کاری سیاسی و قاچاخچێتی ماوەیەکی کەمی ژیانی ساڵانی هەشتاکانی لە سوێد بووە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی لەنێو دۆسیەکانی حەیدەریدان، زیاتر لە 200 هەزار کۆچبەر کە ئێستا بوونەتە خاوەنی وڵاتینامەی وڵاتانی ئەوروپا، لەلایەن حەیدەری و هاوکارەکانییەوە گەیەنراونەتە ئەوروپا، 35 هەزار کەسیان ئێستا لە سوێدن. حەیدەری لەم بارەیەوە دەڵێت: "شانازی بەو کارانەوە دەکەم و هیچ کاتیش مەبەستم پەیداکردنی پارە نەبووە، بەڵکو رزگارکردنی ژیانی ئەو سەتان هەزار کەسە گرنگ بووە". بە شانازیشەوە دەڵێت: "ئەمە شۆڕشە، بەڵام بەبێ چەک".

ئاڵۆزییەک لە زانیارییەکان و ژیان و تەنانەت ئێستای ئەمیر حەیدەریدا هەیە، لە هەشتاکاندا چەند جارێک دەستگیرکراوە. (رووداو) زۆر گەڕا، بەڵام هەموو زانیارییەکانی تۆمار و ناو و ئەدرەسی کەسوکاری بەنهێنی کراون.

هەتا کۆتایی نەوەتەکانی سەدەی رابردووش حەیدەری وەک کەسایەتییەکی ئەفسانەیی باس دەکرا و هەندێک ناوەندی فەرمی دەیانگوت "کەسایەتییەکی وەهمییە و ناوێکی دروستکراوە". دواتر لە چاوپێکەوتنێکی رادیۆیی بڵاوکرایەوە کە لە لە زیندان کوژراوە، یان رایکردووە.

بەڵام بڵاوبوونەوەی دۆکیۆمینتاریەکە زیاتر شتەکانی گۆڕی. بە درێژایی ژیانی 18 ساڵ زیندانی بووە و پێشتریش ساڵی 1997 بڕیاری دەرکردنی دراوە. زانیاریش هەیە کە ساڵی 2010 سنووربەدەری ئێران کرابێت.

بەڵام بەپێی دۆکیۆمینتارییەکە ئێستا بەشێوەیەکی نهێنی لە وڵاتێکی دیکە دەژی و پێشتریش چەند جارێک سەردانی هەرێمی کوردستان کردووە و لەوێ ماوەتەوە. بەڵام خۆی هیچی لەو بارەیەوە نەگوتووە.

> ئێستا ئەمیر حەیدەری لە وڵاتێکی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژی
>
> دۆکیۆمێنتارییەکی رادیۆی سوێد



ئەمیر حەیدەری

### چیرۆکی کەشتییە کۆنەکەی رووسیا

هەموو ژیانی حەیدەری سەرکێشی بووە و ژیان و سەرمایەی خۆی چەندینجار کەوتووەتە مەترسییەوە لەپێناو رزگارکردنی سەتان و هەزاران کەس. لە تورکیا هۆتێلی هەبووە بەبێ پارە بۆ کۆچبەرانی تەرخان کردووە. چێشتخانە و کافتریای هەرزانی تایبەت بە کۆچبەرانی لە چەندین وڵاتی ئەورووپای رۆژهەڵات هەبووە.

لە یەکێک لە چیرۆکەکانی دۆکیۆمێنتارییەکە باس لە کڕینی کەشتییەکی سەربازی کۆنی رووسی دەکات کە کەوتبووە دەستی قاچاخچییەکانی چەک و پاشان حەیدەری. ئەو پڕی دەکات لە خەڵک و لە دەریای باڵتیکەوە بەرەو سکەندەناڤیا رەوانەیان دەکات.

> خۆم بە قەرزداری حەیدەری دەزانم و حەز دەکەم بیبینمەوە
>
> کۆچبەرێک

لە یادگاریی یەکێک لە سەرنشینە کۆچبەرەکانی ئەو کەشتییەدا هاتووە "حەیدەری پێیگوتین، دوو وشکانی دەبینن، ئەگەر برنجی لێبوو ئەوە دانیمارکە، ئەگەر نا ئەوە لە خاکی سویدن و خۆتان تەسلیم بکەن".

حەیدەری لەلای کۆچبەران بەوە ناسراوە کە پارەی لەلا گرنگ نەبووە. بەپێی ئەو زانیارییانەی لە تۆماری ساڵی 2006ی پۆلیسەوە دەست (رووداو) کەوتووە، حەیدەری بۆ هەر کەسێک نزیکەی (50،000) کرۆن، نزیکەی 12 هەزار دۆلاری ئەو کاتی دەستکەوتووە، بەڵام وەک خۆی دەڵێت، هیچ پارەیەکی بۆ نەماوەتەوە. لەزاری کۆچبەرەکانیشەوە هاتووە کە جاری وا بووە بەهۆی زەمانەتەکان، بەزیادەوە پارەکەیان بۆ گەڕاندووەتەوە.

نەعیمە کە لەگەڵ گروپێکی 25 کەسی لە ساڵی 1997 لەلایەن حەیدەرییەوە بە فڕۆکەیەک گەیەنراونەتە سوێد، دەڵێت "بە گشتی ئێمە لە نێوان 8 بۆ 10 تا 12 هەزار دۆلار لەگەڵی رێکدەکەوتین، بەڵام لەو کاتە تێپەڕیبووایە، ئەو هەفتانە نزیکەی 800 بۆ هەزار دۆلاری دەدایەوە، کۆچبەری وا هەبوو پارەکەی خۆی بەزیادەوە وەرگرتەوە".

نەعیمە بڕیار لەسەر باشی و خراپی کارەکەی حەیدەری نادات و دەڵێت: "ناڵێم ئەوەی کردوویەتی کارێکی مرۆڤانەیە، یان تاوان، ئەوە کاری من نییە، بەڵام هەمیشە خۆم بە قەرزداری دەزانم".

سەردار ناوی خوازراوی دانیشتوویەکی دێرینی سوێدە کە وک قاچاخچی کاری کردووە و لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی خۆی لەگەڵ حەیدەری دەڵێت: "لە ئیستانبوڵ بە دەلاڵەکانی حەیدەری ناومان دەرکردبوو، رۆژانە خەڵکمان دەهێنا و دەبرد، دەیان پۆلیس و ئەفسەری گەورە و کارمەندی فرۆکەخانە و کونسوڵگەرییەکان کاریان بۆ دەکردین.

سەردار گوتیشی: "لەماوەی ئەو دە ساڵ کار کردنەم، بۆ یەک جاریش ئەمیرم نەبینی، منیش ئەو گومانەم هەبوو کە ئەفسانە بێت، دواتر تێگەیشتم، من دەلاڵی دەلاڵەکانی حەیدەری بووم".

گوتیشی : "منیش و دەلاڵەکانی دیکە و بەرپرس و ئەو کەسانەی لە نێوان من و حەیدەری و کۆچبەرەکان بووین، چەندینجار کڕین و فرۆشتنمان بەو پارە و زەمانەتانەوە دەکرد کە لە نێوانماندا هەبوو. جاری وابووە حەیدەری 3000 دۆلاری دەگەڕاندەوە بۆ کۆچبەر، ئێمە لەگەڵی دەمانکردە نیوە، یان چارەک، ئیدی کارەکە وابوو".

بەڵام سەردار ئێستا پەشیمانە و دەڵێت: "ئەو کارانە و ئەو پیشەیەش، لە ناچاری تووشم بوو، وەک قوربانییەکانی رێگەی کۆچ".

سەردار و نەعیمە و سەتان کەسی دیکە، هاوبەشن لە خواستی ئەوەی بۆ یەکجاریش ئەمیر حەیدەری ببینن. بەڵام ئەو بووەتە ئەفسانەیەک و دۆزینەوەی ئەستەمە.

لەگەڵ دەیان دەنگۆی وەک مردن، کوشتن لەپێناوی سەرەونگونکردنی زانیارییەکان، وەهم و درۆ لە ناوبانگی، تەسلیمکردنەوەی بە ئێران لەلایەن سوێد بەشێوەیەکی نهێنی، بەڵام دۆکیۆمنتارییەکەی رادیۆی فەرمی سوێد، شتەکانی گۆڕی و بەپێی ئەو دۆکیۆمینتارییە "ئێستا بە نهێنی لە یەکێک لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژی".

# نیان عەبدوڵڵا شێرپەنجەی بەزاند

ساوێن سەعید
رووداو- سلێمانی

پزیشکانی نەخۆشخانەی چاریتە لە ئەڵمانیا، ئومێدیان بە نیان عەبدوڵڵا بەخشییەوە، دوای ئەوەی پێیانگوت، مەترسی نەخۆشیی شێرپەنجەت لەسەر نەماوە، بەڵام پێویستە ئاگاداری خۆت بیت. نیان ئێستا ئامادەکاری دەکات بۆ بەرهەمێکی نوێی هونەری کە بەم نزیکانە بڵاوی دەکاتەوە.

نیان عەبدوڵڵا ، هونەرمەندێکی گۆرانیبێژە و لە سەرەتای ساڵی 2016دا هێلکەدانی تووشی شێرپەنجە بوو، سەرەتا لە نەخۆشخانەی هیوا لە سلێمانی چارەسەری وەرگرت، نەشتەرگەری بۆ کرا و هێلکەدانی دەرهێنرا، بەڵام نەخۆشییەکە بنبڕ نەبوو، بۆیە بۆ چارەسەری دەچێتە ئەڵمانیا و لەوێ نەشتەرگەری دەکات. نیان عەبدوڵڵا دەڵێ: "لەبەر ئەوەی شێرپەنجە مرۆڤ زۆر دەترسێنێ و زانیم نەخۆشییەکەم سەختە، بۆیە بۆ چارەسەری چوومە ئەڵمانیا".

> "ئازاری کیمیایی زۆر زۆرە، بەڵام خۆم بەدەستەوە نەدا"

نیان عەبدوڵڵا، بەرهەمێکی لەبەردەست بووە، بەڵام کاتێک پشکنینی کردووە و زانیویەتی تووشی شێرپەنجە بووە، دەستی لێهەڵگرتووە. ئەو باسی ئەو کاتە دەکات کە لە نەخۆشخانەی هیوا چارەسەری وەرگرتووە و دەڵێ: "لە جیاتی ئەوەی خوێن بەنێو مێشک و دڵمدا بڕوات، کیمیایی بەنێو دڵمدا دەڕۆیشت. لەگەڵ ئەوەشدا بەهێزبووم و هەستامەوە، ئازاری چارەسەری کیمیایی زۆر زۆرە، کاتێک کیمیاییم وەردەگرت، بەلای نەخۆشەکانی دیکەدا دەڕۆیشتم، لێیاندەپرسیم کیمیاییت وەرگرتووە، من زەردەخەنم دەکرد و دەمگوت بەڵێ. بەشێکی زۆر لە نەخۆشەکان کاتێک ئەو چارەسەرەیان وەردەگرت، لەتاو ئازار هاواریان دەکرد".

وەکو نیان باسی دەکات، مرۆڤ لەکاتی تووشبوونی بە نەخۆشیی شێرپەنجە تووشی هەڵچوون دەبێت و بەردەوام لەگەڵ هەموو شتێک شەڕ دەکات: "من دایکێکی زۆر ئارام و لەسەرخۆ بووم، بەڵام لەکاتی نەخۆشییەکەم، دایکێکی باش نەبووم، زوو هەڵدەچووم و ئەگەر شتێکی بچووکیان بکردایە لە ماڵەوە، زۆر گەورەم دەکرد".

نیان باسی هاوژینەکەی دەکات و دەڵێ لەکاتی نەخۆشییەکەی، هاوژینەکەی کابانێکی دەستڕەنگین بووە و چەندین جۆر چێشتی خۆشی ئامادە کردووە.

دوای ئەوەی بە تەواوی لە نەخۆشییەکەی چاکبووەتەوە، ئێستا ئامادەکاری بۆ تۆمارکردنی گۆرانییەک دەکات کە کورمانجییە. نیان دەڵێ: "ئێستا چێژ لە ژیان دەبینم، ژیانم لەلا خۆشترە. خەریکی کارکردنم لەسەر گۆرانییەکی فۆلکلۆری کورمانجی کە بەم نزیکانە تۆماری دەکەم".

زۆر کەسی دیکەی وەک نیان عەبدوڵڵا شێرپەنجەیان بەزاندووە، بەڵام هێشتا رۆژانە خەڵکانێکی دیکە تووشی ئەو نەخۆشییە دەبن.



# بۆچی خەو باشترین ئازارشکێنە؟



رووداو- هەولێر

کاریگەرییەکانی بێخەوی لەسەر مێشک زۆرن. کەمخەوی دەبێتە هۆی بێزاری و خەواڵوویی و تەنانەت نەمانی توانای یادەوەری و وەرگرتنی زانیاریی نوێ. بەپێی توێژینەوەیەک، یەک لەسەر سێی ئەمریکییەکان خەوی باش و رێکیان نییە.

توێژینەوەکە دەڵێت کەمخەوی ئازاریش دروستدەکات، بەپێچەوانەوە خەوی باش ئازارشکێنە.

لەکاتی کەمخەویدا میکانیزمی ئازارلابەری مێشک تێکدەچێت. توێژینەوەیەکی نوێی زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئەمریکا دەریخستووە کاتێک مرۆڤ خەوی تێکدەچێت، میکانیزمی سروشتیی ئازارلابەری تێکدەچێت، ئەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئازاری درێژخایەن و سەردەکێشێ بۆ زۆر بەکارهێنانی دەرمان.

لە ئەمریکا بەگوێرەی داتاکانی سەنتەری کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان، نزیکەی 20%ی خەڵک کە دەکاتە 50 ملیۆن کەس، بەدەست ئازاری درێژخایەنەوە دەناڵێنن، ساڵانەش نزیکەی 130 کەس تەنیا بەهۆی زۆر بەکارهێنانی دەرمانە ئازارشکێنەکان دەمرن.

### ئەوانەی کەم دەخەون، کەمتر بەرگەی ئازار دەگرن

لە زانکۆی کالیفۆرنیا، ماتهوو والکەر، پرۆفیسۆری زانستی دەمار لەگەڵ ئادام کراوسی هاوڕێی توێژینەوەیەکیان کرد. ئەوان ئازاری 24 کەسی تەندروستیان دا لەڕێی بەکارهێنانی گەرمی بۆ پێیەکانیان، لەو کاتەدا سکانی مێشکی بەشداربووەکانیان کرد و چالاکی مێشکیان تۆمار کردن، بەشێکی بەشداربووەکان خەویان باش بووە و بەشێکی دیکەیان کەم خەوتوون، ئینجا توانای بەرگەگرتنی ئازاریان پێوانە کراوە.

پرۆفیسۆرەکەی مێشک و دەمار دەڵێت بە بەراوردی هەردوو حاڵەتەکە، دەرکەوت لەدوای کەمخەوی، هەستیاری بۆ ئازار زیاد دەکات، ئەوانەی کەمخەو بوون، زۆرتر و زووتر هەستیان بە ئازار کردووە. دەشڵێت، جگە لەوەی کە لەکاتی کەمخەویدا هەستیاری بۆ ئازار زیاد دەکات، هاوکات ناوچەکانی کەمکردنەوەی ئازار لە مێشکدا بلۆک دەبن و دادەخرێن.

توێژەرەکان، بەدواداچوونیان بۆ شێوازی خەوتن و هەستیارییان بۆ ئازار لە ماوەی چەند رۆژێکدا بۆ 240 کەس کرد. بۆیان دەرکەوت تەنانەت کەمترین گۆڕانکاری لە خەوی بەشداربوواندا بووەتە هۆی زیادبوونی هەستیاری بۆ ئازار.

ئادام کراوس، پرۆفیسۆری زانستی مێشک و دەمار دەڵێت ئەنجامەکان بەڕوونی ئەو راستییە دەردەخەن کە تێکچوونی خەو، هۆکارە بۆ لاوازبوونی سیستەمی بەرەنگاربوونەوەی ئازار لە جەستەدا.

مرۆڤ بۆ ژیان، جگە لە ئاو، خۆراک و ئۆکسجین پێویستی بە خەویشە. یەک لەسەر سێی ژیانی مرۆڤ بە خەو دەڕوات. ماوەی پێویستی خەو لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە و بەپێی تەمەن، شێوازی ژیان و تەندروستیی مرۆڤ دەگۆڕێت، بەڵام زۆربەی خەڵکی ئەو ماوەیە ناخەون کە پێویستیان پێیەتی، ئەمەش رەنگە بەهۆی خواردنی ئەو ماددانە بێت کە کافایینیان تێدایە، هەروەها بەهۆی خواردنەوەی وزەبەخش، یاخود بەهۆی رووناکیی ژووری نووستن.

### زانستی پزیشکی چی دەڵێ؟

زانستی پزیشکی دەڵێت کواڵیتی خەوی مرۆڤ راستەوخۆ کار لە شێوازی ژیان دەکات، بەجۆرێک خەوێکی رێک بۆ تەندروستی دەروونی، بیرکردنەوە، چالاکیی رۆژانە و ئەنجامدانی کارەکان گرنگە.

خەوتن کاتێک نییە کە جەستەی مرۆڤ تێیدا بکوژێتەوە، کاتێک کەسێک پشوو دەدات، مێشکی لە کارکردن بەردەوامە و چەندین کاری بایۆلۆژی دەکات و خۆی بۆ رۆژێکی نوێ ئامادە دەکات.

### پێویستی خەو بەپێی تەمەن

کۆرپەیەکی بچووکتر لە سێ مانگ پێویستی بە نزیکەی 14-17 کاژێر خەو هەیە.
منداڵێکی تەمەن 4-11 مانگ پێویستی بە 12-15 کاژێر خەو هەیە.
منداڵانی تەمەن نێوان 1-2 ساڵان پێویستیان بە 11-14 کاژێر خەو هەیە.
منداڵانی پێش تەمەنی قوتابخانە لەنێوان 3-5 ساڵان پێویستیان بە 10-13 کاژێر خەوتن هەیە.
منداڵانی تەمەنی نێوان 6-13 ساڵان دەبێت 9-11 کاژێر بخەون.
مێردمنداڵان لە تەمەنی 14-17 ساڵان، 8-10 کاژێر خەویان پێویستە.
گەنجان لە تەمەنی 18-25 ساڵان 7-9 کاژێر خەویان دەوێت.
گەورەکان لە تەمەنی نێوان 26-64 ساڵان 8 کاژێر خەویان دەوێت
پیرەکان کە لە سەرووی 65 ساڵانن پێویستیان بە 7-8 کاژێر خەو هەیە.

# هەشت نیشانە و هۆکاری نەزۆکی لە خانمان و پیاواندا

رووداو- هەولێر

نەزۆکی واتا منداڵ نەبوون لەدوای یەک ساڵ لە هەوڵدان بۆ خستنەوەی منداڵ بەبێ بەکارهێنانی ماددەکانی رێگری لە منداڵبوون.

بەگوێرەی ئامارەکان، نزیکەی لە هەر 8 ژن و پیاو یەکێکیان نەزۆکن و بەدەست ئەو گرفتەوە دەناڵێنن. چەند نیشانەیەک لە خانمان و پیاواندا دەکرێ بە نیشانەی نەزۆکی دابنرێن و دەریدەخەن کە بۆچی ناتوانن وەچە بخەنەوە، لەوانە:

**1 ناڕێکیی سووڕی مانگانە:**

ناڕێکی یاخود نەبوونی سووڕی مانگانە هۆکارە بۆ نەزۆکی، سووڕی مانگانەی رێک پێویستی بەکاری هاوبەشی ژێرمێشکەڕژێن، رژێنەکانی دیکە و هێلکەدان هەیە، بەڵام گرفت لەم رژێنانە ناڕێکیی سووڕی مانگانەی بەدوادا دێت. ناڕێکیی سووڕی مانگانەش واتا ناڕێکی لە هاتنی هێلکە و نەمانی سووڕەکەش لە تەمەنی بێهیوایی واتا نەبوونی هێلکە کە بە هۆکارێکی دیاری نەزۆکی دادەنرێ.

**2 ئازاری سووڕی مانگانە:**

بەشێکی خانمان گرفتی ئازاری زۆری سووڕی مانگانەیان هەیە و تەنانەت تووشی کەمخوێنی دەبن کە ئەمەش لە ئەنجامی پەیدابوونی گرێ لە منداڵدان دروستدەبێت و هۆکارێکە بۆ نەزۆکی.

**3 گرفتی بینین:**

لاوازیی ئاستی بینین و تێکچوونی سووڕی مانگانە پێکەوە، نیشانەن بۆ گرفتی (prolactinoma) یان گرێی ناشێرپەنجەیی لە ژێرمێشکەڕژێن کە هۆکارن بۆ نەزۆکی.

**4 زۆربوونی مووی زیادە:**

پەیدابوونی بڕێکی زۆر لە مووی زیادە لەسەر روخسار و بەشەکانی دیکەی جەستە نیشانەیە بۆ نەخۆشیی فرەکیسی هێلکەدان (polycystic ovarian syndrome) کە تێیدا ئاستی هۆڕمۆنەکان تێکدەچێت و دەبێتە هۆی نەزۆکی.

**5 نەمانی ئارەزووی سێکس:**

توێژینەوەکان دەریانخستووە 40%ی ئەو ژن و پیاوانەی بەدەست نەزۆکییەوە دەناڵێنن، گرفتەکە لە پیاوەکەیە و نەمانی ئارەزووی سێکس هۆکارە بۆ ئازار و دواکەوتنی گەیشتن بە چێژ و ئۆرگازم.

**6 زیادبوونی کێش:**

بەگوێرەی نێوەندی کۆنترۆڵکردن و پێشگیری لە نەخۆشییەکان لە ئەمریکا، 45%ی خانمان کێشیان زیادە لەپێش دووگیانی، ئەمەش وادەکات خانمان بە زەحمەت دووگیان ببن.

**7 هەڵوەرینی قژ:**

لاوازیی مووەکان و هەڵوەرینی قژ رەنگە لە ئەنجامی تێکچوونی رژێنی دەرەقی بێت کە کار دەکاتە سەر دروستبوونی هێلکە و لە نیشانەکانی دیکەی زیادبوونی ئەم هۆڕمۆنە دڵەڕاوکێ و بەرگەگرتنی پلەی گەرمای بەرزە.

**8 کەمیی ڤیتامین D:**

بەگوێرەی راپۆرتێکی CDC، 6.41%ی ئەو خانمانەی بەدەست کەمیی ڤیتامینD یەوە دەناڵێنن، گرفتی منداڵبوونیان بۆ دروست دەبێ.





# گۆڕانی کەشوهەوا کار لە دڵی کۆرپە دەکات

رووداو- هەولێر

خانمانی دووگیان بە گەرما بێزار دەبن، بەڵام هەر ئەوان نا، گەرمای زۆر و گۆڕانی کەشوهەوا و گۆڕانی ژینگە کۆرپەلەش ئازار دەدەن و دەبنە هۆی چەندین نەخۆشی.

بە بڕوای دەستەی پزیشکانی دڵ لە ئەمریکا، زۆر لە منداڵان بەهۆی گۆڕانی کەشوهەوا لە ساڵانی داهاتوودا تووشی گرفتە زکماکییەکانی دڵ دەبن، ئەگەر رێگری لێ نەکرێت.

توێژینەوەیەکی ئەو دەستەیە دەریخستووە کە لە ماوەی 11 ساڵی رابردوودا گۆڕانی خێرای کەشوهەوا، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی و گۆڕانی ژینگە بوونەتە هۆی لەدایکبوونی زیاتر لە 7000 منداڵی ناکام کە گرفتی دڵیان هەیە.

پرۆفیسۆر شاو لین، پسپۆڕی تەندروستیی کۆمەڵگە لە ئەمریکا دەڵێت توێژینەوەکەیان دەریخستووە گۆڕانی ژینگە، جگە لەوەی کار لە کۆرپەلە دەکات لەنێو سکی دایکیدا، هاوکات دەبێتە هۆی لەدایکبوونی پێشوەختە.

گرفتی زکماکیی دڵ لە بەربڵاوترین نەخۆشییە زکماکییەکانە لەکاتی لەدایکبوون کە کار لە تەواوی ژیانی منداڵەکە دەکات.

# ئەمریکا بۆ ناوچەی ئارامی سووریا بەهیوای قایلب

**رووداو- هەولێر**

ئیدارەی کۆشکی سپی هەوڵدەدات هاوپەیمانێتییەک لە وڵاتانی رۆژئاوا پێکبهێنێ کە ئەرکی ئەمجارەیان دروستکردن و پاراستنی ناوچەی ئارامە لە باکوور و باکووری رۆژهەڵاتی سووریا. هیچیەک لەو وڵاتانەی داوای هاوکارییان لێکراوە، بەدەم داخوازییەکەی ئەمریکاوە نەهاتوون.

بەگوێرەی راپۆرتێکی رۆژنامەی (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی ئەمریکی، ئیدارەی واشنتن هیواخوازە بتوانێ هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی، لەوانەش بەریتانیا و فەرەنسا و ئوسترالیا رازی بکات بەوەی ئەرکی پاراستنی ئاسایش و ئارامیی باکووری سووریا بگرنە ئەستۆ، بۆ ئەوەی لەلایەکەوە نیگەرانیی تورکیا لە هەرەشەی کوردی رۆژئاڤا برەوێتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە تورکیا نەتوانێ هێرش بکاتە سەر هێزەکانی هەسەدە.

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، کۆتایی ساڵی رابردوو بڕیاری کشانەوەی زیاتر لە 2000 سەرباز و راوێژکاری ئەمریکی لە سووریا دا، بێ ئەوەی راوێژ و پرس بە هیچکام لە هاوپەیمانە رۆژئاواییەکانی بکات، یان هیچ رێوشوێنێک بۆ پاراستنی ئەو هێزانە دیاری بکات کە لە چوار ساڵی رابردوودا لە سووریا شانبەشانی هاوپەیمانان شەڕی داعشیان کردووە. پشتگوێخستنی هاوپەیمانە نێودەوڵەتی و لۆکاڵییەکان یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دەستلەکارکێشانەوەی جەیمز ماتیس، وەزیری پێشووی بەرگریی ئەمریکا بوو.

دیپلۆماتێکی ئەورووپی بۆ رۆژنامەکەی پشتڕاست کردووەتەوە کە ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی ئەکتیف خەریکی گفتوگۆن لەگەڵ ئەورووپییەکان، ئامانجی گفتوگۆکانیش ناوچەی ئارامە لە باکووری سووریا. دیپلۆماتەکە ئاماژەی بۆ ئەوەش کردووە کە هیچ وەڵامێکی فەرمی بە ئەمریکا نەدراوەتەوە، گفتوگۆکان بەردەوامن و هیچ شتێک یەکلانەبووەتەوە.

> **گفتوگۆی گرنگمان لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپا کردووە لەبارەی هاوکاریی ئەو بەشەی سووریا**
>
> وەزیری بەرگریی ئەمریکا

بڕیارە ئەم هەفتەیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا میوانداری وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی ئەندام لە هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بکات.

هێزەکانی رۆژئاڤای کوردستان و تورکیا باس لە ناوچەی ئارام دەکەن، بەڵام هەرکامیان میکانیزمێکی جیاواز بۆ دروستکردن و پاراستنی ناوچەکە دەخەنەڕوو. سەرکردەکانی رۆژئاوای کوردستان داوا دەکەن ناوچەی ئارام لە لایەن هێزێکی نێودەوڵەتییەوە بپارێزرێ، نەک تورکیا.

هەفتەی رابردوو ئیلهام ئەحمەد، هاوسەرۆکی ئەنجوومەنی سووریای دیموکراتیک لە ئەمریکا بوو، بۆ ئەوەی هەم لە دوایین بڕیار و هەڵسەنگاندنی ئەمریکا بۆ بارودۆخی سووریا تێبگات و هەم دەرگایەک بۆ کاریگەری دروستکردن لەسەر بیرکردنەوەی ئیدارەی ئەمریکی بدۆزێتەوە.

بەرپرسە کوردەکە بڕیار نەبوو چاوی بە ترەمپ بکەوێ، بەڵام بەو پێیەی هەردووکیان لە هۆتێلی ترەمپ لە واشنتن نانیان دەخوارد، دەرفەتی گفتوگۆیەکی کورت دروستبوو.

بەگوێرەی شایەتحاڵان کە قسەیان بۆ میدیای ئەمریکی کردووە، ترەمپ خۆی چووبووە سەر مێزەکەی ئیلهام ئەحمەد و پێی گوتبوو: "من کوردم زۆر خۆشدەوێ" و بەڵێنی دروستکردنی ناوچەیەکی ئارامی پێدابوو کە تێیدا کورد پارێزراو بن. ئیلهام ئەحمەد لە سیمینارێکدا لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست (MEI)، رایگەیاند کە ئەوان لەگەڵ بیرۆکەی ناوچەی ئارامن بە چاودێریی ئەورووپییەکان، بەڵام ئەگەر ناوچە ئارامەکە لەلایەن تورکیاوە دروستبکرێ و چاودێری بکرێ، هەڕەشەی گەورە لەسەر کورد دروست دەبێ. بە گوێرەی راپۆرتێکی (واشنتن پۆست)یش سەرۆکی ئەمریکا دڵنیایی بە بەرپرسە کوردەکە دابوو کە "کورد ناکوژرێن".

بەرپرسێکی ئەمریکی بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)ی راگەیاند کە لە چوارچێوەی پێشنیازەکەی ئەمریکادا، "هێزێکی هاوپەیمانان چاودێری ناوچەی ئارامی باکووری سووریا دەکات کە پانییەکەی لە سنوورەکانی باشووری تورکیاوە 20 میل دەبێ و لە رووباری فوراتەوە هەتا سنووری عێراق درێژییەکەی دەبێ".

لە بەرامبەردا ئەمریکا بەڵێنی داوە لەڕووی هەواڵگری، سیخوڕی و وێنەی ئاسمانییەوە یارمەتییان بدات، جیا لەمە ئەمریکا هێزی کاردانەوەی خێراش بۆ یارمەتیدانی ئەو هێزە هاوپەیمانە تەرخان دەکات، بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا لە شوێنی رووداوەکان بن. هێزەکانی ئەمریکا لەلایەنی لۆجیستیکیشەوە هاوکاری ئەو هێزە دەکەن، بە تایبەتیش بۆ گواستنەوەی کوژراو و بریندارەکان. چەند سەرچاوەیەکی جیاواز بە (وۆڵ ستریت جورناڵ)یان راگەیاندووە کە هێز و کەرەستە سەربازییەکانی ئەمریکا بۆ ئەو مەبەستانە لە عێراق جێگیر دەکرێن.

دوو هەفتە لەمەوبەر جۆ دانفۆرد، فەرماندەی هێزە هاوبەشەکانی ئەمریکا، لە بروکسڵ لەگەڵ ژمارەیەک لە سەرکردە ئەورووپییەکان کۆبووەوە، لەو کۆبوونەوەیەشدا جەختی لەوە کردبووەوە کە پلانەکەی ئەمریکا کاریگەر دەبێ. ژمارەیەک سەرچاوەی ئاگادار بە رۆژنامە ئەمریکییەکەیان گوتووە بەرپرسانی ئەمریکا بۆ قایلکردنی ئەورووپییەکان پشتیان بەو ئارگۆمێنتە بەستووە کە ئەگەر ناوچەی ئارام لە باکووری سووریا نەبێ، 3.5 ملیۆن ئاوارەی ناوچەکە دەکرێ رێگەی ئەورووپا بگرنەبەر.

پات شاناهان، وەزیری بەرگریی ئەمریکا بەوەکالەت، هەفتەی رابردوو پشتڕاستی کردەوە کە دانوستاندنەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەردەوامە و گوتی: "گفتوگۆی زۆر گرنگمان لە پایتەختە سەرەکییەکانی ئەورووپا کردووە و باسی هاوکاری ئەو بەشە لە سووریامان کردووە، جیا لەمە گفتوگۆی زۆر گرنگیشمان لەگەڵ هاوبەشەکانمان لە باکووری سووریا هەبووە".

خشتەی گەشتە دیپلۆماسییەکانی ئیلهام ئەحمەد لە یەک مانگی رابردوودا یەکجار پڕ بووە، لە کۆتایی کانوونی یەکەمی رابردوو لە مۆسکۆ لەگەڵ سێرگێی شۆیگو، وەزیری بەرگریی رووسیا و میخایل بۆگدانۆڤ، جێگری وەزیری دەرەوەی رووسیا کۆبووەوە. رووسیا نێوبژیوانی حکومەتی سووریا و دەسەڵاتدارانی رۆژئاڤای کوردستانە.

لە چەند هەفتەی رابردوودا، لایەنی کوردی پێشنیازنامەیەکی رادەستی رووسیا کردووە کە تێیدا داوا دەکات حکومەتی سووریا دان بە دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی کوردیدا بنێ، کوردیش لە بەرامبەردا دان بە سەرۆکایەتی بەشار ئەسەددا دەنێ و هێزەکانی سووریای دیموکراتیش تێکەڵ بە سوپای نوێی سووریا دەکەن.



ئەورووپییەکان هێشتا وەڵامی پێشنیازەکەی ئەمریکایان نەداوەتەوە

ئیلهام ئەحمەد لە گوتارێکدا لە پەیمانگای رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئەو هەوڵەی پشتڕاست کردەوە و گوتی "هێزەکانی سووریای دیموکراتیک دەکرێ بەشێک بن لە سوپای نوێی سووریا، ئەمە

## کەمترە لە چاوەڕوانیی تاران

# ئەوروپا کەناڵێکی بازرگانی لەگەڵ ئێران دەک

**رووداو- هەولێر**

رۆژی پێنجشەممەی رابردوو، وەزیرانی دەرەوەی سێ زلهێزی ئەورووپی کەناڵێکی بازرگانی و ئاڵوگۆڕی کاڵا و دراویان کردەوە کە لەمەودوا ئێران دەتوانێ بۆ کاری بازرگانی "بە دراوی غەیری دۆلار" بەکاری بهێنێ. ئەورووپییەکان هەنگاوەکە بە پەیامێکی سیاسی دەزانن، ئەمریکا هۆشداری دەدا و دیپلۆمات و شارەزایانیش پێیانوایە ئەو کەناڵە رێگە بۆ بازرگانی گەورە خۆشناکات و ئەستەمە بتوانێ لە درێژخایەندا ئێران لە رێککەوتنەکەدا بهێڵێتەوە؟

میکانیزمەکە بە "ئامرازێک بۆ پشتیوانی لە ئاڵوگۆڕی بازرگانی- (Instex)" ناسراوە و بە دەستپێشخەریی فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا دامەزراوە. ئەو میکانیزمە بۆ ئەوەیە کاڵا لە نێوان کۆمپانیا ئەورووپی و ئێرانییەکاندا ئاڵوگۆڕ بکرێ، بێ ئەوەی هیچ لایەنێک سوود لە دۆلاری ئەمریکی وەربگرن.

فەرەنسا، بەریتانیا و ئەڵمانیا سێ لەو وڵاتانە بوون کە واژۆیان لەسەر رێککەوتنە ئەتۆمییەکەی نێوان ئێران و کۆمەڵەی 5+1 کردووە. ئەو سێ وڵاتە لە پاڵ چین و رووسیا سوورن لەسەر ئەوەی رێککەوتنەکەی 2015 بپارێزن، لە کاتێکدا ئەمریکا لە مانگی ئایاری پارساڵەوە لە رێککەوتنەکە کشاوەتەوە و بە دوو قۆناغ سزای بەسەر تاراندا سەپاندووە.



زەحمەتە ئێران بەم هەنگاوەی ئەورووپییەکان رازی ببێ و لە رێککەوتننامەی 5+1 دا بمێنێتەوە

### Instex چییە؟

ئەو کەناڵە "ئامرازی مەبەستی تایبەت" یان (SPV) رێگە بە بازرگانە ئەورووپییەکان دەدا، سەرەڕای سزاکانی ئەمریکا، بازرگانی لەگەڵ ئێران بکەن. بەپێی راپۆرتێکی (دویچەوێلە)ی ئەڵمانی، بارەگای سەرەکی (Instex) لە پاریس دەبێ، پیتەر فیشەر، بانکداری بەناوبانگی ئەڵمانی، ئیدارەی کارەکانی دەکات و بەریتانییەکانیش سەرپەرشتی و چاودێری هەوڵەکان دەکەن.

ئەو میکانیزمە لە قۆناغی یەکەمدا تەنیا بۆ فرۆشتنی خۆراک، دەرمان و کەلوپەلی پزیشکی بەکاردەهێنرێ، بەڵام دەکرێ لە داهاتوودا فراوان بکرێ. سزاکانی ئەمریکا خۆراک و دەرمان ناگرنەوە.

عەبباس عێراقچی، جێگری سیاسی وەزیری دەرەوەی ئێران، لە لێدوانێکدا بۆ تەلەڤزیۆنی حکومەتی ئێران رایگەیاند: ئەمە هەنگاوی یەکەمە و هیوادارین ئەم هەنگاوە (لە داهاتوودا) هەموو کاڵا و شتومەکەکان بگرێتەوە. ئەمە هەنگاوی یەکەمە لەنێو کۆمەڵێک بەڵێنی دیکە کە ئەورووپییەکان بە ئێرانیان داوە، هیوادارم بەڵێنەکانیان بە تەواوەتی جێبەجێ بکەن و نیوەچڵ نەبن".

جێرمی هانت، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا، لە دوای کۆبوونەوەی وەزیرانی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا لە بوخارست رایگەیاند، تۆمارکردنی نووسینگەی (Instex) لە فەرەنسا ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی کە ئێمە بە تەواوەتی پابەندین (بە رێککەوتنە ئەتۆمییەکەوە)، ئەمەش هەتا ئەو کاتە دەبێ کە ئێران رێککەوتنەکە بە تەواوەتی جێبەجێ بکات.

تاوەکو ئێستا دیار نییە ئەو میکانیزمە کەی دەخرێتە کار و ئاخۆ وڵاتانی دیکەش دێنە ناوی یان نا، هانت ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هێشتا هەندێک کار ماوە بۆ ئەوەی هەموو لایەنە یاسایی و تەکنیکییەکانی ئەو دەستپێشخەرییە تەواو بکرێن، بۆ ئەوەی ئامرازەکە بەتەواوەتی بکەوێتە بواری کارکردنەوە، لەوانەش دروستکردنی دامەزراوەیەکی هاوشێوە لە ئێران، دابینکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ نووسینگەی جێبەجێکردنی ئەو میکانیزمە و دەستنیشانکردنی رێساکانی کارکردنی.

### گومانەکان

رۆژی پێنجشەممە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: "چاوەڕێ ناکەین ئامرازی مەبەستی تایبەت (PSV) هیچ کاریگەرییەک لەسەر هەڵمەتی گوشاری ئابووریی ئێمە (لەسەر ئێران) دابنێ". بەرپرسێکی باڵای ئیدارەی کۆشکی سپی بە ئاژانسی (رۆیتەرز)ی بەریتانی راگەیاندووە "ئەمریکا گومانی هەیە ئەو میکانیزمە کاریگەریی دروست بکات، ئێمە سوورین لەسەر جێبەجێکردنی سزاکان".

رێککەوتنەکە ئەتۆمییەکەی ئێران،کە بە پلانی کاری گشتگیریی هاوبەش (JCPOA) ناسراوە، لەسەر دوو کۆڵەکەی سەرەکی وەستاوە، یەکەمیان گۆڕینی سروشتی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانە لە سەربازییەوە بۆ مەدەنی. دووەمیان لادانی سزا ئەتۆمییەکانە لەسەر تاران کە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو شەش زلهێزەی واژۆیان لەسەر رێککەوتنەکەیە. رێککەوتنەکە لە بنەڕەتدا ئاڵوگۆڕی دەستکەوتی ئەمنییە بۆ رۆژئاواییەکان لە بەرامبەر دەستکەوتی ئابووریی بۆ تاران.

ئەورووپییەکان لە چەند مانگی رابردوودا بەڵێنی

# "شەڕی تیرۆر" و "بەهاری عەرەبی" فشۆڵیی

> **کۆپی مارێنزی ئەمریکی لە سوپای وڵاتانی عەرەبی دروست ناکرێ**
>
> لێکۆڵەرێکی رۆژئاوایی

**رووداو- هەولێر**

لەدوای جەنگی عەرەب و ئیسرائیلەوە، سوپای زۆربەی وڵاتانی عەرەبی بێکار بوون، لە هەموو ئەو ماوەیەدا جگە لە جەنگی عێراق لەگەڵ ئێران و هێرشی دواتری سوپای عێراق بۆ سەر کوەیت، هێزە سەربازییەکانی وڵاتانی عەرەبی هەتا 2011 شەڕێکی ئەوتۆیان نەکردووە. بەڵام بەهاری عەرەبی ئەو دۆخەی گۆڕی، لە هەشت ساڵی رابردوودا سوپای کەم وڵاتی عەرەبی هەیە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە شەڕێکدا بەشدار نەبووبێ، بێ ئەوەی هیچ ئومێدێکی سەرکەوتن لەئارادا بێ.

لە ساڵانی شەستەکاندا سوپای وڵاتانی عەرەبی تووشی شکستی قورس لەسەر دەستی ئیسرائیل هاتن، سوپای عێراق لە شەڕی هەشت ساڵەی دژی ئێراندا هیچ دەستکەوتێکی نەچنییەوە جگە لە بەکوشتدانی سەدان هەزار سەرباز و وێرانبوونی ژێرخانی سەربازیی وڵاتەکە.

بەڵام هیچ رووداوێک لە چوار دەیەی رابردوودا هێندەی رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە 2011 و سەرهەڵدانی داعش لە 2014 لاوازیی هێزی سەربازی و ئەمنیی وڵاتانی عەرەبی ئاشکرا نەکرد. سوپای عێراق کە ئەمریکا چەک و راهێنانی پێشکەوتووی پێشکەش کردبوو، نەیتوانی مووسڵ لە هێرشی چەند سەد چەکدارێکی داعش بپارێزێ.

سوپای یەمەن و لیبیاش زۆر بە ئاسانی پارچە پارچە بوون، سوپای سووریا بێ پشتیوانی ئێران و رووسیا ئەستەم بوو بتوانێ تاوەکو ئێستا بەرگری لە دیمەشق بکات. سوپای سعوودیە و ئیمارات لە ساڵی 2015ەوە دەستیان بە هەڵمەتێکی ئاسمانی و زەمنی کردووە بۆ سەر حووسییەکانی یەمەن، کەچی ئێستا لەناو زەلکاوی شەڕی یەمەندا گیریان خواردووە.

کێشەی سوپای وڵاتانی عەرەبی لەوێوە سەرچاوە ناگرێ کە بودجەی پێویستیان بۆ تەرخان نەکراوە یان کەرەستەی سەربازیی پیشکەوتوویان لەبەردەست نییە. بەپێچەوانەوە ئەگەر قەبارەی ئابووری لەبەرچاو بگیرێ، ئەوە هەشت وڵاتی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و باکووری ئەفریقا لەناو 15 وڵاتی یەکەمی جیهاندان لەڕووی بودجەی سەربازییەوە و لە ساڵی 2016، نزیکەی ٪6ی بودجەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بۆ خەرجیی سەربازی چووە. کێشەکە چۆنێتی و هۆکاری خەرجکردنی ئەو پارە زۆرەیە.

بەپێی راپۆرتێکی گۆڤاری ئیکۆنۆمیستی بەریتانی، یەکێک لە کێشەکان ئەو کەرەستە سەربازییانەن کە وڵاتانی عەرەبی خەرجییان تێدا کردوون، لەلایەکەوە بۆ ئەو جۆرە شەڕە نابن کە لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە پێویستیان بە راهێنانی پڕخەرج و



ئەمریکا زیاتر لە حەفتا ساڵە مەشق بە سوپا جیاجیاکانی وڵاتانی عەرەبی دەکات بێ ئەوەی بەرهەمێکی هەبێ

# وونی ئەوروپایە



ڕێگای بەدیلە بۆ ئێمە ئەگەر هێزەکانی ئەمریکا بکشێنەوە و هیچ گەرەنتییەکی نێودەوڵەتیش بۆ پاراستنی ناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵی هەسەدە نەبێت".

# اتەوە

گەورەیان بە تاران داوە کە ناهێڵن دەستکەوتە ئابووری و بازرگانییەکانی ئێران لە ڕێککەوتنەکە کز ببن، بەڵام ڕاگەیەندراوەکەی هەفتەی ڕابردووی ئەوروپییەکان ئەوەندەی سیمبۆل و ئاماژەیەکی سیاسییە، ئەوەندە لە هەوڵێکی جیدی ناچێ بۆ ڕەواندنەوەی نیگەرانییە ئابوورییەکانی ئێران. شارەزایان پێیانوایە ئەو میکانیزمە ئەوروپییە ناتوانێ قەناعەت بە کۆمپانیا زەبەلاحە ئەوروپییەکان بهێنێ وەبەرهێنان لە ئێران بکەن، چونکە ئەم هەنگاوە مەترسی لەدەستدانی بازاڕەکانی ئەمریکایان لەسەر دروستدەکات.

دیپلۆماتێکی ئەوروپی لەو بارەوە بە (ڕۆیتەرز)ی گوت :"ئەم هەنگاوە گۆڕانێکی گەورە دروستناکات، بەڵام ئەوە پەیامێکی سیاسییە بۆ ئێران کە ئێمە سوورین لەسەر پاراستنی پلانی کاری گشتگیری هاوبەش، هەروەها پەیامێکە بۆ ئەمریکاش تاوەکو بزانێ ئێمە سەرەڕای سزاکانی ئەوان بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی خۆمان دەکەین".

هەنگاوە ئەوروپییەکە سەرەتا بۆ ئەوە بوو ئێران بتوانێ دوای سزاکانی ئەمریکاش نەوت و غاز هەناردە بکات و لە بەرامبەریشدا کەلوپەلی ئەوروپی هاوردە بکات، بەڵام زۆربەی ئەو کۆمپانیا و لایەنانە بازرگانییانەی کە دەبووایە ئەو پرۆژەیە جێبەجێ بکەن بەرژەوەندیی گەورەی بازرگانییان لەگەڵ ئەمریکا هەیە. ژمارەیەک دیپلۆماتی ئەوروپی بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکییان ڕاگەیاندووە ئێستا فۆکەسەکە لەسەر بازرگانی خۆراک و دەرمان دەبێ، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەمریکا تووشی کێشە نەبن.

دوگ دەیڤیسن، شارەزای سزاکان لە کۆمپانیای یاسایی لینکلەیتەرز گوتی: "ئێستا دوو پرسیاری گرنگ و پەیوەندیدار بە یەکەوە هەن، یەکەمیان ئەوەیە ئاخۆ ئەم میکانیزمە هیچکەس بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، دووەم پرسیاریش ئەوەیە کاردانەوەی ئەمریکا چی دەبێ". واتە ئاخۆ ئەمریکا ئامادە دەبێ سزا بەسەر ئەو کۆمپانیا نائەمریکییانەدا بسەپێنێ کە مامەڵەی بازرگانی لەگەڵ ئێران دەکەن؟

یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی نێوان ئەوروپا و ئێران جیاوازیی چاوەڕوانییەکانە، تاران چاوەڕێ دەکات میکانیزمەکە ڕێگە بۆ وەبەرهێنانی ئەوروپی لە کەرتەکانی وزە، فڕۆکەوانی و پیشەسازی خۆش بکات، لە کاتێکدا ئەوروپییەکان دەیانەوێ هەتا هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە 2020 کات بکڕنەوە و دەزانن هەنگاوەکانی ئێستایان زۆر کەمترە لە چاوەڕوانییەکانی ئێران بۆ ئەوەی لە ڕێککەوتنەکە 159 لاپەڕەییەکەی ڤیەننادا بمێنێتەوە، بە تایبەتیش لە کاتێکدا چاوەڕێ دەکرێ گوشاری موحافزکارەکانی ئێران لەسەر حکومەت زیاتر دەبێ بۆ کشانەوەی ئێران لە ڕێککەوتنێک کە پێناچێ دەستکەوتێکی ئابووری ئەوتۆی بۆ تاران هەبێ.

# ئەمریکا ئەفغانستان ڕادەستی تاڵیبان دەکات؟

ڕایان کرۆکەر

## بەهۆی پێشنیازەکەی ئەمریکاوە تاڵیبان دەست بەسەر ئەفغانستاندا دەگرێتەوە

**رووداو- هەولێر**

هەفتەی ڕابردوو بەرپرسانی ئەمریکا چوارچێوەی گشتی ڕێککەوتنێکیان لەگەڵ تاڵیبان ڕاگەیاند کە تێیدا تاڵیبان بەڵێن دەدات خاکی ئەفغانستان لە ڕێگەی هیچ گروپێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتییەوە بەکارنەهێنرێ، لە بەرامبەریشدا ئەمریکییەکان کار بۆ کشانەوەی هەموو هێزەکانیان لە ئەفغانستان دەکەن. ژمارەیەک بەرپرس و شارەزای ڕۆژئاوایی بە گومانەوە لەو هەنگاوە دەڕوانن کە ئامانجەکەی کۆتاییهێنان بە 17 ساڵ وجوودی ئەمریکایە لە ئەفغانستان.

زاڵمای خەلیلزاد، دانوستانکاری سەرەکیی ئەمریکا لە ئەفغانستان، هەفتەی ڕابردوو بە (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی ڕاگەیاند: "ئێمە ڕەشنووسی چوارچێوە گشتییەکەمان بەدەستەوەیە. بۆ ئەوەی ببێتە ڕێککەوتنێک دەبێ کامڵتر بکرێ. هێشتا ماوەیەتی لەسەر وردەکارییەکان کار بکەین". بەرپرسێکی باڵای تاڵیبانیش "چوارچێوە گشتییەکە"ی پشتڕاست کردووەتەوە.

شاندی تاڵیبان لە کۆتایی دانوستاندنە شەش ڕۆژییەکەی قەتەر داوای کاتیان کردبوو، تاوەکوو مەرجەکانی ئەمریکا لەگەڵ سەرکردایەتی خۆیان تاوتوێ بکەن. بەتایبەتیش گفتوگۆی ڕاستەوخۆی تاڵیبان و حکومەتی ئەفغانستان و ڕاگەیاندنی ئاگربەست.

بەرپرسێکی باڵای تاڵیبان بە (نیویۆرک تایمز)ی ڕاگەیاند "هیچ ئاماژەیەکمان نەبینی کە ڕێککەوتنەکە بەسترابێتەوە بە ئاگربەست و گفتوگۆی ڕاستەوخۆ (لەگەڵ حکومەت)". بێ ئەوەی ڕوونی بکاتەوە هەڵوێستی گروپەکەی لەسەر ئەو دوو خاڵە چییە، لە کاتێکدا ناکۆکییە نێوخۆییەکانی تاڵیبان یەکێک لەو فاکتەرانەیە کە دەشێ شکست بە هەوڵەکانی ئەمریکا بهێنێ.

هەفتەی ڕابردوو، خەلیلزاد لەگەڵ ئەشرەف غەنی، سەرۆککۆماری ئەفغانستان کۆبووەوە و ئەنجامی کۆبوونەوە شەش ڕۆژییەکەی دەوحەی خستە بەردەستی. یەکێک لەو خاڵانەی بەرپرسانی ئەفغانیی نیگەران کردووە، ئەوەیە کە حکومەت بەشێک نەبووە لە دانوستاندنەکانی قەتەر. ڕایان کرۆکەر، باڵیۆزی پێشووی ئەمریکا لە ئەفغانستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (فۆرین پۆلسی) ڕایگەیاند، بەشدارینەکردنی حکومەتی کابول کە لەسەر داوای تاڵیبان بووە، "شەرعیەت لە حکومەت دەستێنێتەوە".

هەفتەی ڕابردوو غەنی ڕایگەیاندبوو "نە ئەمڕۆ، نە سبەینێ و نە سەد ساڵی دیکەش، ئەفغانستان حکومەتی کاتی قەبووڵ ناکات". بڕیارە مانگی تەمووزی ئەمساڵ هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی ئەفغانستان بەڕێوەبچێ و ئەشرەف غەنی چاوی لەوەیە بۆ پێنج ساڵی دیکەش لەسەر کورسی سەرۆکایەتی بمێنێتەوە.

خەلیلزاد لە دیمانەکەی (نیویۆرک تایمز)دا ڕەتیکردەوە لەگەڵ تاڵیبان باسی حکومەتی کاتییان کردبێ و گوتی "ئەوان (تاڵیبان) حەز دەکەن باسی ئەوەم لەگەڵ بکەن، بەڵام من باسی ئەو مەسەلەیەم لەگەڵ نەکردوون". غەنی لە کاتی کۆبوونەوەی لەگەڵ خەلیلزاد گوتبووی : "ئەو جۆرە پرسانە دەبێ لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان کابول و تاڵیباندا باس بکرێن".

پێکهێنانی حکومەتی کاتی بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە دەستەیەکی بەڕێوەبەری هاوبەشە کە ڕێگە بۆ نووسینەوەی دەستوور، گشتپرسی لەسەر دەستوورەکە و هەڵبژاردنی حکومەتی نوێ بە بەشداری تاڵیبان خۆش بکات. هەرکام لەو خاڵانە پێویستی بە چەندین مانگ و ساڵ دانوستاندن و مشتومڕ هەیە، مێژووی چەند دەیەی ڕابردووی ئەفغانستانیش سەلماندوویەتی کە ئەمجۆرە پرۆسانە دواجار شەڕ و ناسەقامگیریی زیاتریان لێکەوتووەتەوە.

کاربەدەستانی حکومەتی ئەفغانستان و بەرپرسانی سەربازیی ئەمریکا نیگەرانن لەوەی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا ئەوەندەی بیر لە دۆزینەوەی بیانوویەک بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی دەکاتەوە، ئەوەندە بیر لە قۆناغی پاش کشانەوەی هێزەکانیان ناکەنەوە. بۆیەش غەنی لە گوتارەکەی هەفتەی ڕابردوویدا ئاماژەی بەو ڕێککەوتنانە کرد کە لە ئاکامدا خوێنڕشتنی زیاتریان لێکەوتووەتەوە، لەوانەش ڕێککەوتنەکەی کۆتایی هەشتاکان کە لە کاتی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتدا ڕاگەیەندرا.

لە کانوونی یەکەمی پارساڵ، سەرۆکی ئەمریکا بڕیاری دا نیوەی 14 هەزار سەربازەکەی ئەمریکا لە ئەفغانستان بکشێنێتەوە. بەرپرسانی ئەمریکی کە ساڵانێکی زۆر چاودێری دۆخی ئەفغانستان و قەیرانە 40 ساڵییەکەی ئەو وڵاتەیان کردووە گومانیان هەیە لەوەی سوپا و هێزە ئەمنییەکانی ئەفغانستان ئەوەندە بەهێز بن دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بتوانن ڕێگە لە شەڕ و قەیرانی نێوخۆیی بگرن، یان ئەمریکا چ ڕێکارێکی هەیە بۆ ئەوەی تاڵیبان ڕێککەوتنەکە جێبەجێ بکات.

ڕایان کرۆکەر کە لە چەندین وڵاتی قەیراناوی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست باڵیۆز بووە، پێیوایە ئەو "چوارچێوەیە" وادەکات "درەنگ یان زوو تاڵیبان دەست بەسەر ئەفغانستاندا بگرێ". چونکە لە یەک ساڵی ڕابردوودا تاڵیبان کۆنترۆڵی بەسەر ئەفغانستاندا زیاتر بووە و هی حکومەتیش هەتادێت کەمتر دەبێ، ئەمەش وای کردووە تاڵیبان لە پێگەیەکی بەهێزەوە دانوستاندن بکات.

ماوەیەکی زۆرە تاڵیبان خەون بەوەوە دەبینێ لەگەڵ دانوستانکارێکی باڵای ئەمریکی دانیشێ و ئەوە شتێکی تازە نییە، پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئەمریکا دەتوانێ تاڵیبان ڕازی بکات لە داهاتوویەکی نزیکدا لەگەڵ لایەنە ئەفغانییەکانی دیکەش گفتوگۆ بکات، بە تایبەتیش پێش لاوازبوونی پێگەی سەربازیی ئەمریکا، چونکە دوای کشانەوە یان کەمبوونەوەی هێزەکانی ئەمریکا پێگەی سەربازی و سیاسیی حکومەتی ئەفغانستان یەکجار لاواز دەبێ.

جیا لەمە، بزووتنەوەی تاڵیبان لە ساڵی 2010ەوە بەڵێنی ئەوە دەدات ئەفغانستان نەکاتە شوێنی دروستبوونی هەڕەشە لەسەر هیچ وڵاتێک، گروپی قەیرانی نێودەوڵەتی لە ڕاپۆرتێکدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو جۆرە بەڵێنانە بەس نین بۆ ڕێککەوتنێکی ئاشتی، بەڵکو تاڵیبان دەبێ لە ڕێککەوتنەکەدا وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە هەڵوێستیان بەرامبەر ئەو جۆرە گروپانە چییە و ئایا ئامادەن بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆیاندا شەڕی گروپێکی سەلەفی جیهادی وەکو قاعیدە بکەن؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ تاڵیبان ئاسان نابێ، بۆیە هیچ گەرەنتییەک نییە تاڵیبان مەرجە ئەمنییەکەی ئەمریکا جێبەجێ بکات.

لە زیاتر لە یەک ساڵی ڕابردوودا، سەرکەوتنە سەربازییەکانی تاڵیبان پێگەی ئەو گروپە لە ئەفغانستانی بەرزکردووەتەوە. چەکدارێکی تاڵیبان بە گروپی قەیرانی ڕاگەیاندووە "هۆکاری ئەوەی هەموو کەسێک باسی ئێمە دەکات ئەوەیە هێز و توانای شەڕکردنمان هەیە، ئەگینا هیچکەسێک باسی ئاشتی و ئاشتەوایی لەگەڵ ئێمەدا نەدەکرد".

بۆیەش گروپی قەیران پێیوایە ڕێککەوتنی ئاشتی هەڕەشەیە لەسەر بوونی تاڵیبان لەو فۆرمەی ئێستایدا، لە کاتێکدا تاڵیبان خۆیشی دەزانێ ڕێککەوتنی ئاگربەست سەرکەوتنێکی سیاسیی گەورەیە بۆ حکومەتی ئەفغانستان و ورەش بۆ سوپای ئەو وڵاتە دەگەڕێنێتەوە، بۆیەش پێناچێ تاڵیبان بێ لێکدانەوەی ورد واز لە شەڕ بهێنێ.

بڕیارە کۆبوونەوەی داهاتووی تاڵیبان و ئەمریکا لە کۆتایی مانگی شوبات بێ، خاڵی جیاواز لە هەوڵەکەی ئەمجارەی کۆشکی سپیدا ئەوەیە بژارەی کشانەوەی هێزەکانی خستووەتە سەر مێز کە ساڵانێکی زۆرە تاڵیبان داوای دەکات. تاوەکو ئێستا دیار نییە ئەو بژارەیە هەتاچەندە بەستراوەتە بە قایلبوونی تەواوی تاڵیبان بە هەموو مەرجەکانەوە.



حکومەتی ئەفغانستان بەشێک نییە لە گفتوگۆکانی نێوان ئەمریکا و تاڵیبان

# سوپا عەرەبییەکانیان دەرخست



درێژ و زۆربەی جاران بێکەڵکە، بۆ نموونە ئەو فڕۆکە و هەلیکۆپتەرە جەنگییە بریقەدارانەی کە کارپێکردنیان و پاراستنیان پێویستی بە چەندین بەشی جیاواز هەیە.

کێنێس پۆڵاک، لێکۆڵەر لە پەیمانگای ئینتەرپرایزی ئەمریکی، لە وتارێکدا لە گۆڤاری (فۆرین پۆلسی)ی ئەمریکی دەڵێت: لاوازیی سوپای وڵاتانی عەرەبی کۆمەڵێک فاکتەری کۆمەڵایەتی، پەروەردەیی، کولتووری و ژێرخانی لە پشتە.

پۆڵاک کە بەمدواییە کتێبێکی لەسەر سوپای وڵاتانی عەرەبی نووسیوە، دەڵێت: "جیهانی عەرەبی هیچکات بەڕاستی جیهانێکی پیشەسازی نەبووە، ئەمەش بەو مانایەیە کە زۆر لە عەرەبەکان دێنە ناو سوپاوە بێ ئەوەی تێگەیشتنێکی ئەوتۆیان بەرامبەر مەکینە سەربازییە پێشکەوتووەکان هەبێ، هەر بۆیەش زۆر جار ناتوانن سوود لە هەموو ئیمکانیاتی چەکەکە وەربگرن و هیچکاتیش ناتوانن بە چاکی ڕایانگرن".

بەڵام جیهانی عەرەبی هیچکات خاوەنی دەسەڵاتێکی تەواو دامەزراوەیی و پرۆفیشناڵ و بێلایەن نەبووە، سوپا و ناوەندە سەربازییەکانی ئەو وڵاتانەش لەو ڕێسایە بەدەر نین. ئیکۆنۆمیست پێیوایە ئەمە یەکێک لە لاوازییە هەرە جدییەکانی سوپای وڵاتانی عەرەبییە و وادەکات سوپا زۆربەی جاران یان وەلائی بۆ سەرکردەیەک هەبێ یان بۆ گروپێکی ئەتنیکی و ئایینی، نەک دەوڵەت.

سیاسەتی نوێی کۆشکی سپی ئەوەیە ئەرکی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕادەستی وڵاتانی ئەو ناوچەیە بکاتەوە. باراک ئۆباما، سەرۆکی پێشووی ئەمریکا، لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی خۆیدا بە ئاشکرا باسی لەوە دەکرد کە ئەمریکا ناتوانێ پۆلیسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ. دۆناڵد ترەمپ، سەرۆکی ئەمریکا، سەرەڕای هەموو جیاوازییەکانی دیکەی لەگەڵ ئۆباما، لەو خاڵەدا لەگەڵ سەرۆکی پێش خۆی کۆکە. بەڵام ئایا وڵاتانی عەرەبی دەتوانن خۆیان لەبەردەم گروپە جیهادییەکان و فراوانخوازییەکانی ئێراندا بپارێزن؟

لێکۆڵەرە ئەمریکییەکە پێیوایە "لە جیهانێکی نموونەییدا، ئەمریکا هاوپەیمانەکانی بە بەهێزی جێدەهێڵێ، بە جۆرێک بتوانن لەبەرامبەر دوژمنە هاوبەشەکانی خۆیان و ئەمریکا بەرگری لە خۆیان بکەن. بەڵام ئەم ئامانجە لە ساڵی 1950 و کاتی یەکەم مەشقەکانی ئەمریکا بۆ وڵاتانی عەرەبی چەندە دوور بوو، ئێستاش بە هەمان ئەندازە دوورە".

یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی ئەمەش بۆ کولتوور و پەروەردەی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە کە وادەکات بەشێکی زۆر لە ستافە سەربازییەکەیان پاسیڤ دەرچن.

ئەمریکا زیاتر لە حەفتا ساڵە مەشق و ڕاهێنان بە سوپا جیاجیاکانی وڵاتانی عەرەبی دەکات، چەندین ملیار دۆلاری لەو سوپایانە خەرج کردووە، بێ ئەوەی بەرهەمێکی هەبێ. پۆڵاک دەڵێت بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە کولتووری و پەروەردەییانە ڕاهێنەرانی ئەمریکی و ڕووسی لە کاتی ڕاهێنانی سەربازانی وڵاتانی عەرەبی تووشی هەمان کێشە دەبن کە ڕیشەکەی لەناو کولتوور و پەروەردەی کۆمەڵگاکەدایە.

پۆڵاک دەڵێ ئەمریکا چەندین دەیەیە ڕاهێنان بە سوپای میسر دەکات بۆ ئەوەی فێری کارکردن بە ئێف 16 ببن، کەچی ئێستاش کاتێک دوو فڕۆکەی لەو جۆرە ڕەوانەی ئامانجێک دەکرێن، بەردەوام ئەگەری پێکدادانیان هەیە، ئەوە جگە لەوەی کە شێوازی ڕاهێنانی هێزی ئاسمانی و ئەو تەکتیکانەی کە فێریان دەکرێ هەڵەی کوشندەیان تێدایە و ئەو هەڵانە وەک بەشێکی نەگۆڕی وانەکانیان لێهاتووە.

بەڵام هێزە سەربازییەکانی دەوڵەتە عەرەبییەکان بەدەست کۆمەڵێک کێشەی بونیادیشەوە دەناڵێنن. بەپێی ڕاپۆرتەکەی ئیکۆنۆمیست لە سوپای وڵاتانی عەرەبیدا ئەولەویەتێکی زۆر کەم بە فەرماندەیی، چاودێری، لۆجیستیک و کۆکردنەوەی زانیارییە هەواڵگرییەکان دەدرێ و ئەفسەر و پلەکانی خوارەوەی سوپا ڕۆڵێکی ئەوتۆیان لە داڕشتنی تەکتیک و ستراتیژی بەرگریدا نییە، لە کاتێکدا ئەوانە بڕبڕەی پشتی سوپاکانی ئەوروپان.

کێنێس پۆڵاک جەخت دەکاتەوە کە شکستی ئەمریکا لە باشترکردنی سوپای وڵاتانی عەرەبی خەتای ئەمریکای تێدا نییە، بەڵام ئەمریکا دەبوو ماوەیەکی زۆر لەمەوبەر لەوە تێگەیشتبا، دروستکردنی هێزێکی عەرەبی کە کۆپی مارینزی ئەمریکی بێ سەرناگرێ.

ڕووداو
ژمارە ( 541 ) – دووشەممە 2019/2/4



عارف قوربانی
arifqurbany@yahoo.com

# یەکگرتوو، گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی

ئەم یەک دوو ڕۆژەی داهاتوو تەمەنی یەکگرتووی ئیسلامی دەبێتە بیست و پێنج ساڵ، چارەکە سەدەیەک کارکردنی هێزێک کە لە چرکەساتی دامەزراندنییەوە ڕوو لە لووتکە و پاش 25 ساڵ و لەپڕ گلۆڵەی کەوتبێتە لێژی، ئەوە دەهێنێ بخرێتە بەر نەشتەری هەڵسەنگاندن. سەرەتا دەبێ لەوە بپرسین ئایا دروستبوونی یەکگرتوو پێویست بوو بۆ کوردستان؟ بۆچی ئێستا بەدامێنی باڵای خۆیدا دێتە خوارەوە؟ ئامانجەکانی کۆتایی هات، یان لە ئامانجەکانی لایداوە؟ هۆکاری سەرەکی لاوازبوونەکەی چییە؟

یەکگرتووی ئیسلامی پێچەوانەی ئەو هەموو وەهمەی وەک مەترسییەک لە خۆڕاگەیاندنییەوە بۆی دروستکرابوو، هێزێک بوو وەک پێویستیی زادەی قۆناغێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەدایک بوو. لە هەلومەرجێکدا وەک حیزبێکی سیاسی ئیسلامی میانڕەو خۆی ناساند کە ئەوکات بزاوتی ئیسلامی لە کوردستان بزووتنەوەیەکی سەلەفی جیهادیی چەکدار بوو، جەولەیەکیش شەڕی چەکدارانەی لەگەڵ یەکێتی نیشتمانیی کوردستان کردبوو. کوردستانیش پێی نابووە قۆناغی گواستنەوە و لە ژێردەستەیی ڕزگاری بووبوو، هەنگاوی بەرەو ئازادی دەنا. ناکۆکییەکانی نێوان هێزە سیاسییە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانیش (یەکێتی و پارتی) گەیشتبووە لێواری لێکترازان و دوای سێ مانگ لە دروستبوونی یەکگرتوو، شەڕی ناوخۆ لە کوردستان سەری هەڵدا.

بەهۆی لێکەوتەکانی شەڕی براکوژییەوە، سەرەتا دابەشبوونێکی سیاسی لە کوردستان هاتەئاراوە، هێزە سیاسییەکان هەریەکە و کەوتە هاوکێشەی بەرەیەکی ناکۆکییەکەوە. دواتریش دابەشبوونێکی جوگرافی بەدواداهات و هەریەک لە پارتی و یەکێتی بەشێکی کوردستانی کەوتە بندەست. بەهۆی ئەوەی هەردوولا لە سنووری خۆیان کەوتنە ڕاوەدوونان و پاکتاوی ئەندام و لایەنگری نەیارەکانیان، هەروەشە بۆ سەر دابەشبوونی کۆمەڵایەتیش دروست بوو. هیچ حیزبێکی کاریگەر نەما حیزبی سەرتاسەری کوردستان بێت. یەکگرتوو لەو هەلومەرجەدا وەک هێزێکی سیاسی کۆمەڵایەتی سەرتاسەری هاتە مەیدان. لەو چەند ساڵەی شەڕی ناوخۆ و دابەشبوونە سیاسی و جوگرافی و کۆمەڵایەتیەشدا، پارێزگاری لەو خەسڵەتەی خۆی کرد و بە حیزبێکی سەرتاسەری و دانەبڕاو لە پرۆسەی سیاسی هەردوو جوگرافیاکە مایەوە و ساڵ لە دوای ساڵیش گەشەی دەکرد.

حیزبێک بوو لە شێوازی کارکردنی چ وەک حیزب یان ئەو ڕێکخراو و سەنتەر و کۆمەڵانەی بەناو ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون و وابەستە بوون بە سیاسەت و ستراتیجی یەکگرتووەوە، وەک پەیمانگایەک بۆ پەرەپێدانی توانای مرۆیی، بوون بە ناوەندی پێگەیاندنی کادری نەوعی لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری. ئێستا ئەگەر تەماشا بکەیت لە ڕیزی سەرەوەی دەستەبژێرەکانی ناو بوارە جیاجیاکان، بەشێکی زۆر لەوانە دەبینی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان لە ئۆرگانێکی حیزبی یان لە سەنتەر و ڕێکخراوێکی یەکگرتووی ئیسلامیدا کاریان کردووە.

ئەوەندەی بەشداریش بوون لە کابینەکانی حکومەت، سەرباری ئەوەی سیستەمی حوکمڕانی کوردی لەبەر زۆر هۆکار وەک زۆنگاوێک وابووە بۆ کارەکتەرەکانی و شان و ملی زۆربەیانی قوڕاوی کردووە، بەڵام کادیرەکانی یەکگرتوو سەربەرزانە لێی دەرچوون. ئەوەندەی من ئاگادارم، لە ڕاپۆرتەکانی دەزگاکانی چاودێریی دارایی و شێوازەکانی تری هەڵسەنگاندنی دەزگا ئیداری و دەوڵەتدارییەکاندا، ئەو پۆست و پشکانەی بەر یەکگرتووی ئیسلامی کەوتوون کەمترین سەرنجیان لەسەر بووە بەراورد بەوانی دیکە. تەنانەت زۆر ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەنتەر و دەزگای میدیایی و ڕۆشنبیری هەن کە لە دەسەڵاتیشدا نەبوون، بەڵام غەرق بوونە لە گەندەڵی. سەنتەر و دەزگا ڕۆشنبیری و میدیایی و ڕێکخراوەکانی یەکگرتوو، لە ڕیزی ئەوانەشدا نین. ئەمە سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە یەکگرتوو لە پەرەپێدانی توانا مرۆییەکاندا کادری نەوعیی پێگەیاندووە.

بەدەر لە خەسڵەتە عیرفانییەکەی، لەبەر ئەوەی یەکگرتوو حیزبێکە خاوەن کارگە و کۆمپانیا و توانایەکی دارایی زۆر نییە، نەیشیتوانیوە ئۆرگان و دامەزراوەکانی بەو جۆرە بەرفراوان بکات کە شوێنی دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی ژیانی هەموو ئەو توانایانە بکاتەوە کە خۆی دروستیکردوون و پێیگەیاندوون، بۆیە دەبینی بەشێکی زۆریان بە هەر هۆکارێک بووبێت، ڕیزەکانی یەکگرتووی ئیسلامییان جێهێشتووە و چوونەتە ناو دەزگا میدیایی و ڕۆشنبیرییەکانی حیزبەکانی دیکە و تەنانەت بەشێکیشیان وەک کاری سیاسی لە حیزبە ڕکابەرەکانی یەکگرتووی ئیسلامیدان. بەڵام ئەوەی وەک خاڵێکی سەرنجڕاکێشی ئەخلاقی سیاسی لێرەدا بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە هیچکات نابینی یەکگرتووی ئیسلامی هەیبەت و کەسێتی ئەوانەی شکاندبێ کە ڕیزەکانیان جێهێشتووە. لەکاتێکدا لە چەند ساڵی ڕابردوودا

> ## یەکگرتووی ئیسلامی لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی چاکسازیی کۆمەڵایەتییە، دەبێ بگەڕێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی

کۆمەڵێک نموونەمان بینی لە هێزە سیاسییەکانی دیکە، ئەوانەی پڕوپاگەندەی پێشڕەوایەتی ئازادی و دیموکراسی دەکەن، کاتێ کەسێک بەهەر هۆکارێک دەستبەرداریان بووبێت، ئەگەر بۆیان نەگونجابێت بە جەستەش تیرۆری بکەن، ڕۆحیان تیرۆر کردووە. یەکگرتوو بێ ئەوەی ئیدیعای ئەوەی کردبێت کە باوەڕی بە دیموکراسی و ئازادیی تاک تا کوێیە، بە کردار سەلماندوویەتی لەوەشدا لەپێش حیزبەکانی ترەوەیە.

بۆ سوودی گشتی کۆمەڵگاش یەکگرتوو وەک حیزب، شانبەشانی هەندێ لە سەرکردەکانی کۆمەڵ و بزووتنەوە، ڕۆڵێکی زۆری هەبووە لەوەی ئینسانی کوردی دیوە ئاشتیخوازانەکەی ئیسلام لەخۆیدا بەرجەستە بکات. هەمان ئەو هۆکارانەی لە کۆمەڵگەی عەرەبی سوننەی ئەم وڵاتەدا هەبوون بۆ وەرگرتنی ئاین بەو توندڕەوییەی دەیبینین، هەمان ژینگەی سیاسی و کولتووری هەبووە کە لە کوردستانیش نەوەیەکی توندڕەو پەیدابن. بەڵام یەکگرتوو لەوەشدا پشکی زۆرینەی ئەو چاکەخوازییەی بەردەکەوێت کە ئیسلامێکی میانڕەو لە کوردستان گەشەبکات بڕوای بە پێکەوەژیان هەبێ نەک ئەو مۆدێلەی لەناو عەرەبی سوننەی عێراق گەشەی کرد کە کار لەسەر تیرۆر و ڕەتکردنەوەی بەرانبەر دەکات.

ئێستا ئیتر کاتی ئەم پرسیارەیە: ئەی کە یەکگرتوو حیزبێکە بەو خەسڵەتە تایبەتانەوە و وەک پێویستییەکی کۆمەڵگا دروست بووە، بۆچی ئێستا گلۆڵەی کەوتووەتە لێژی؟ بەتێگەیشتنی من یەکگرتوو خۆیشی ئەو ڕاستیەی نەدۆزیوەتەوە و وەڵامێکی دروستی لەلا نییە. ئەو ڕێکارانەی گرتوونیەبەر بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخەی ئێستای، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە یەکگرتوو عیلەتەکەی نەدۆزیوەتەوە. ئەوان پێیانوایە هۆکارەکەی پەیوەندی بە هەڵوێستەکانی چەند ساڵی ڕابردوویان هەیە لە پرسە سیاسییەکان و ریفراندۆم و بەشدارییان لە حکومەت، بەڵام حەقیقەتەکە شتێکی دیکەیە.

## یەکگرتوو چەند ساڵێکە لە ڕێچکەی خۆی لایداوە و کەوتووەتە دوای شتێک کە سەنعەتی ئەو نییە

یەکگرتوو چەند ساڵێکە لە ڕێچکەی خۆی لایداوە و کەوتووەتە دوای شتێک کە سەنعەتی ئەو نییە. دوای ئەو شەپۆلە ناڕازییەی خەڵک کەوت و یارمەتیدەریش بوو لەوەی هاووڵاتی تەنها یەک دیوی شتەکان ببینێ. دەنگدەر و جەماوەری یەکگرتوو بەهۆکارێکی تر دوای یەکگرتوو کەوتبوون. ئەگەر بڕیاربێت لەسەر ئەو بنەمایە بچێتە کێبڕکێوە کە سەرچاوەی بڕیار لای جەماوەر تەنها ئەوە بێ کە بەچاو دەیبینن، لە یەکگرتوو کارامەتر هەن سیحر لە چاوی خەڵک بکەن. بۆیە یەکگرتوو لەو ڕووەوە شکستی خوارد کە بەهەڵە ویستی وەک هێزگەلی دیکە بێت، بەڵام نەک نەیتوانی، بۆ داهاتووش ناتوانێ لەو کێبڕکێیە بیباتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی لە بنەڕەتدا بزووتنەوەیەکی چاکسازیی کۆمەڵایەتییە، دەبێ بگەڕێتەوە سەر ئەسڵەکەی خۆی، ئێستا زەمینە زۆر لەبارترە لەو بوارەدا ئەسپی خۆی تاو بدات و بێتەوە سەر شانۆی سیاسی، نەک دوای هەڵاو قەرەباڵغی بکەوێت.



د. زوبێر ڕەسوڵ

# بۆ "کوردستانێکی بەهێز" ڕوو بکەنە بەغدا

دەستەواژەی "کوردستانێکی بەهێز" سەرەتا لە گوتاری ئەمریکی و ئەورووپییەکانەوە هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، ئەمەش وەک بەرسڤێک بۆ هەڕەشەکانی بەغدا و ئێران و تورکیا لە هەرێمی کوردستان دوای ڕووداوەکانی 16 ئۆکتۆبەر، بە تایبەتیش دوای سەردانەکەی هەریەک لە سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی بۆ کۆشکی ئەلیزێ لە دیسەمبەری 2017، کاتێک ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسا گوتی "ئێمە پشتگیری لە کوردستانێکی بەهێز دەکەین لە چوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا". ئەم پەیامە ئاشکرایەی وڵاتانی ڕۆژئاوا و دۆستەکانی هەرێمی کوردستان زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو: تا دەرفەتێکی تریش کە ڕەنگە ئەو دەرفەتە هەر فەراهەمیش نەبێت، هەرێمی کوردستان دەبێت لە چوارچێوەی عێراقدا بمێنێتەوە.

پەیامی سەرەکی ئەم نووسینە ئەوەیە کە باشترین بژارە بۆ هەرێمی کوردستان لە ئێستا و تا چەند ساڵێکی تریش، بنیاتنانەوەی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانە لەگەڵ بەغدا پێش هەر لایەکی دیکە، ئەمەش لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە و ساکار: ئەوەی هەرێمی کوردستان دەتوانێت لە عێراقێکی تازەپێگەیشتووی لاواز و هاوسنوور و هاوبەرژەوەندیدا دەستی بکەوێت، هەرگیز ناتوانێ لەگەڵ وڵاتانی تری ناوچەکە دەستی بکەوێت. بۆیە زێدە پێویستە ستراتیجی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ئێستاوە تا دەرفەتێکی تر گشت توانا دیپلۆماسی و سیاسییەکانی خۆی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی لەگەڵ بەغدا تەبا بێت، بە تایبەتیش لەناو پەرلەمانی عێراق و جومگەکانی تری حوکمڕانی لە عێراق ئامادەگی باشی هەبێت. چونکە سەرچاوەکانی بەهێزبوونەوەی هەرێمی کوردستان دوای قەیرانی دارایی و شکستهێنانی پرۆسەی جیابوونەوە لە عێراق، لەڕووی سیاسی و دارایی و ئابووری و ئاسایشیشەوە، گشتیان لە بەغدان.

عێراقی نوێ سەرەڕای ئەو ناکۆکی و کێشانەشی کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان هەیەتی، بەڵام بواری ئیشکردن و کاریگەریی هەرێم بەسەر بەغداوە زۆرترە تا بەسەر هێزە هەرێمییەکانی تری وەک تورکیا و ئێران. ئەو حسابە دیپلۆماسی و سیاسیەی هەرێمی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی کورد لە بەغدا بۆی دەکرێت، هەرگیز لەسەر مێزی دانوستاندنی تورکیا و ئێران بۆیان ناکرێت. بێگومان پێوەندیی باش لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی زۆر گرنگە، بەڵام لەوە گرنگتر پێوەندیی باشە لەگەڵ عێراق. چونکە لە هاوکێشەی پێوەندیی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی پێوەندییەکە هەمیشە ناهاوسەنگە و هەرێمی کوردستان ناچارە تەنازولی زۆریان بۆ بکات بۆ کەمترین هەماهەنگی. بە واتایەکی دیکە ئەوەی هەرێمی کوردستان دەستی دەکەوێت لەگەڵ ئەو وڵاتانە هەرگیز بەرامبەر ئەوە نییە کە دەیبەخشێت. ئەمە بێجگە لەوەی دواکاریی تورکیا و ئێران تێچوونە سیاسی و ئابوورییەکەی زۆر زۆر لەسەر هەرێم دەوەستێ، زۆربەی جاریش لەسەر حسابی تەنازولکردنە لە مافی پارچەکانی تری کوردستان. کەچی بە پێچەوانەوە پێوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ بەغدا تێچوونی سیاسی زۆر کەمە و دەسکەوتەکەشی زیاترە لەچاو پەیوەندی لەگەڵ تورکیا و ئێران، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە کە ناچێتە خانەی پاشکۆبوونی سیاسی وەک ئەوەی بەرامبەر ئێران و تورکیا. تا ئەو ئاستەی هەرێمی کوردستان ئەگەر خۆی لە دەستەمۆیی تورکیا و ئێران بپارێزێت، دەتوانێت هەندێک جار کەیسی کوردی باکوور و ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیش لە خزمەت سیاسەتەکانی خۆیدا بەکاربهێنێ.

پێوەندیی هەرێمی کوردستان لەگەڵ تورکیا و ئێران تا ئێستاش پێوەندییەکی زۆر ناهاوتا و ناهاوسەنگە و لەڕووی سیاسی و سەرمایەی سیاسییەوە زۆر لەسەر هەرێمی کوردستان کەوتووە. ئەگەرچی لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستان زۆر کەمی دەستکەوتووە، بۆ نموونە لە کاتی جاڕدانی ریفراندۆم، ئەو دوو وڵاتە بەقەدەر دەرزییەکیش حسابیان بۆ ئەو پێوەندی و هەماهەنگییە سیاسی و ئابوورییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان نەکرد و ئەگەر دەرفەتیان پێدرابایە ئەو قەوارەیەشیان لەناودەبرد. هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو پێوەندییە ئابووری و ئەو قەبارە بازرگانی و ئەو هاوکارییە ئەمنییەی لەگەڵ تورکیا هەیەتی، کەچی ئێستاش پاڵپشتیی سیاسەتەکانی عێراق دەکات، ئێرانیش بە هەمان شێوە، بەڵام عێراق سەرەڕای ناکۆکییەکانمان لەگەڵی، ئەو ڕق و کینە و مەترسییەی نییە بەرامبەر هەولێر، بە تایبەت ئەگەر دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان بتوانن پێوەندیی باش بنیات بنێن لەگەڵ نوخبەی حوکمڕانی شیعە و سوننە لە بەغدا.

ئەمە بێجگە لەوەی کە عێراق وەک ئێران و تورکیا نییە بەدوای نفووز و پەلهاویشتن و پیلان و دەستێوەردان لە کاروباری کوردستان بگەڕێت. بەپێچەوانەوە ئێستاش بەغدا لە زۆر ڕووەوە پێویستی بە پشتگیریی هەرێمی کوردستان هەیە. پرۆسەی سیاسی لە بەغدا پرۆسەیەکی لەرزۆک و ناسەقامگیرە و هەرێمی کوردستان دەتوانێت وەبەرهێنانی زۆری تێدا بکات ئەگەر حەکیمانە مامەڵە بکات. لەڕووی سیاسییەوە زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق ماڵی دووەمیان لە هەولێرە، هەندێکیان بزنسی باشیان لە هەرێمی کوردستان پێکەوە ناوە. ئەمە بێجگە لە ڕووە ئابوورییەکەی کە هەرێمی کوردستان بەهۆی سەقامگیرییەکەی دەکرێ ببێتە سەنتەرێکی بازرگانی بۆ تەواوی عێراق. بەتایبەتی لەڕێگای مووسڵ و ناوچە سوننییەکان کە داعش وێرانی کردوون و پێویستیان بە دووبارە بنیاتنانەوە هەیە. هەرێمی کوردستان لەو بوارەدا دەتوانێت وەک سەرچاوەیەکی ئابووری و هەروەها لە ڕێگای هێزی نەرمیش ناوچە سوننییەکان لەڕووی بازرگانییەوە ببەستێتەوە بەخۆیەوە. هەڵبەتە ئەو پێوەندی و هەماهەنگییە دواجار کاریگەریی سیاسیشی بەدوادا دێت. عێراق لەبەر ئەو دۆخە خراپ و ناسەقامگیرەی کە هەیەتی، نزیکەی 15 ساڵە وەک خەزێنەیەکی ئابووری و سیاسی وابووە، کەچی هەرێمی کوردستان تا ئێستا نەیتوانیوە دەستی پێی بگات و سوودی لێ ببینێ.

> ## باشترین بژارە بۆ هەرێمی کوردستان تا چەند ساڵێکی تریش، بنیاتنانەوەی پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانە لەگەڵ بەغدا پێش هەر لایەکی دیکە

هەرێمی کوردستان ئەوە چەندین ساڵە وزەیەکی زۆر بەهەدەر دەدا لە بنیاتنانی پێوەندیی سیاسی و ئابووری لەگەڵ ئێران و تورکیا، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو وزەیە لە بەغدا سەرف بکرێت، چونکە دەسکەوتی زیاتر و سەرمایەی زیاترە و پێگەی بەهێزی هەرێمیش لەوێیە. بە تایبەت لەبەر زەبەلاحیی ئەو دوو هێزە هەرێمییە کورد نەیتوانیوە هیچی وای لێیان دەستکەوێت، ئەوان هەمیشە مەرجی گرانیان بەسەر هەرێمدا سەپاندووە. ئێستا دەرفەتێکی وا خەریکە دروست دەبێت بە تایبەت کە سەرۆکی حکومەتی تازە خوازیاری پێوەندیی پتەو و هەماهەنگییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان، عێراقیش گەیشتووەتە باوەڕێک کە ململانێی نێوان هەولێر و بەغدا بە زیانی هەردوولا تەواو دەبێت، بەتایبەت لە ناوچە کێشەلەسەرەکان هەرێمی کوردستان دەتوانێت زۆر هاوکاری بەغدا بێت لە سەقامگیرکردنی ناوچەکە.

یەکەم دەسکەوتی ئەو هەماهەنگیە لەڕێگای پەرلەمانتارانی کورد بوو لە بواری تەرخانکردنی بەشە مووچەی پێشمەرگە و فەرمانبەران لە بودجەی عێراق کە دەکرێت دەسکەوتی تریشی بەدوادا بێت ئەگەر هێزە کوردییەکان بە گیانێکی بەرپرسیارنە کار بکەن لە بەغدا. خاڵێکی دیکە کە دەکرێت کاری لەسەر بکرێت، وجودی دکتۆر بەرهەم ساڵحە لە بەغدا وەک سەرۆکی کۆمار، ئەو کاراکتەرە سیاسییە بەپێی توانا و شارەزاییەکانی و ئەزموونی چەند ساڵەی لەبەغدا دەتوانێت دەسکەوتی زۆر بۆ کورد مەیسەر بکات و بەشدار بێت لە هەڵسانەوەی هەرێمی کوردستان. بۆیە تا زووە پارتی و گشت لایەنە سیاسییەکانی تریش پێویستە گرێی ململانێی حزبی تێپەڕێنن و ئەو وزەیەی کورد لە بەغدا چیتر بەفیڕۆ نەدەن.

ئەم وتارانە گوزارشت لە ڕای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.



رێبوار کەریم وەلی
rebwar@rudaw.net

# پارتی سەبری ئەیوبی نییە

1

کات کوشتن و بیانووەکانی یەکێتی لە دانوستاندنە سیاسییەکانی لەگەڵ پارتی، تامی بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی بۆ پارتی نەهێشت و سەرکەوتنیشی وەک پارووییەکی گەورە لە قورگدا ماوە. بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە یەکێتی بتوانێ هەتا سەر درێژە بەو یارییە بدات. یەکێتی بە پلەی سەرەکی کاری لەسەر بێبەهاکردنی ئەنجامی هەڵبژاردن کرد و لەوەشیاندا تا بۆی بکرێ بۆ پەردەپۆشکردنی کێشە ناوخۆییەکانی لەلایەک و، لەلایەکی دیکەشەوە دەستەبەرکردنی بەرژەوەندیی باڵەکانی ناو یەکێتی، درێژە بەو بەزمە دەدات.

مانۆڕی سیاسیی پارتی لە هەفتەی رابردوو و دوای ئەوەی یەکێتی ئامادەی کۆبوونەوەکە نەبوو (گوایە لەبەر هەندێک لێدوان و مانشێتێک!) دەبێ ئەو پەیامەی بە یەکێتی گەیاندبێت کە وا بە ئاسانی تەسلیمی میزاجی کەس نابن و، ئەگەر یەکێتی زۆر ئازایە با ببێتە ئۆپۆزیسیۆن! یەکێتی لە کاتێکدا داوای شەراکەت و رێککەوتنی درێژخایەن لە پارتی دەکات کە تەحەمولی مانشێتی رۆژنامەیەک ناکات! رێککەوتن و شەراکەتێک کە بناغەکەی ئەو ترەکەڵەکە بێت، تا کوێ بڕ دەکات؟

هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنی پارساڵ عەیاری خۆیان وەرگرت، تەنها یەکێتی نەبێ کە بە بەدەستهێنانی چەند کورسییەکی زیاتر لە جاران و (بە حیسابی خۆیان تێکشکاندنی ئۆپۆزیسیۆن) دەیەوێ وا لە پارتی بکات کە شەرعییەت بداتە هەموو ئەو شتانەی لە 16ی ئۆکتۆبەرەوە روویانداوە! پارتی مروونەتێکی زۆری نواندووە و دەشنوێنێ، بەڵام قەت جارێکی دیکە فیفتی بە فیفتی دووبارە ناکاتەوە، چونکە ژینگەی سیاسیی کوردستان گۆڕاوە و بەرگەی ئەو جۆرە لە حوکمڕانی ناگرێت.

پەیامی نێچیرڤان بارزانی لە ساڵوەگەڕی یەکی شوباتدا زۆر روون بوو، بەڵام مەرج نییە پارتی هەتا سەر هەر چاوەڕێی یەکێتی بێت و هەموو شەرتەکانی یەکێتی قەبوڵ بکات. بۆیە پارتی هەندێک هێلکەی لە سەبەتەی دیکەشدا هەنە کە ئەگەر دڵنیا بێت لەوەی یەکێتی هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێ، ئاڵتەرناتیڤەکانی بەگەڕ دەخات. ئەگەر بۆ شەراکەتی یەکێتی لەگەڵ پارتیدا کورسی پێوەر نەبێت، ئەوا بۆ گۆڕان و کۆمەڵیش نابێ کورسی پێوەر بێت کە بە هەردووکیان بەقەدەر یەکێتییان هێناوە.

## یەکگرتوو هەڵدەستێتەوە؟

2

چەند رۆژێکی دیکە یادی 25 ساڵەی دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانە، 6ی شوبات یۆبیلی زیوینە، بەڵام زۆریش حەزینە. ئەمساڵ رەنگبێ خراپترین یادەوەری بێت بۆ مێژووی ئەو حیزبەی کە هەمیشە لە کوردستان وەکو عامیلی خێر و ئاشتەوایی سەیر کراوە، بەڵام لە دوو هەڵبژاردنی پارساڵدا، پاشەکشەیەکی گەورە بە دەنگەکانیەوە دیار بوو. دەنگدەرانی سزایان دا، یان نەیتوانی لە ئاستی چاوەڕوانیاندا بێت، ئەوە باسێکی ناوخۆیی خۆیانە. دیوە گرنگەکە ئەوەیە کە چەندە حیزبی حوکمڕانی باش بۆ پرۆسەی سیاسی پێویست بن، دوو ئەوەندەش حیزبی خاوەن پرەنسیپی ئەخلاقی، بەهای مرۆیی و بەرپرسیار زەروورن. یەکگرتوو خاوەنی ئەو بنەمایانە بووە.

راستە یەکگرتوو بە ژمارەی کورسی کەمیکردووە، بەڵام ئەوە قەت بەو مانایە نایەت کە ئەوە حەجمی راستەقینەی ئەو حیزبە بێت لە گۆڕەپانی سیاسیدا. لادانی هەندێک لە کادیر و دەمڕاستەکانی ئەو حیزبە و تەسلیمبوونیان بە پۆپۆلیزمی ناوچەیی، ئاستی چاوەڕوانیی دەنگدەرانی هێندە بەرز کردەوە کە وایکرد حزبەکەی خۆیان نەناسنەوە! تووشی بێگانەبوون و دابڕان بوون لە حیزبێک کە بە درێژایی 25 ساڵی رابردوو، مەدرەسەیەکی پێگەیاندنی کادیر و کەسانی لێهاتووی دەستپاک بووە بۆ هەموو حیزب و دامەزراوەکانی دیکەی دەرەوەی یەکگرتوو. حیزبێک کە وەک ئاکادیمیا ئیشی کردووە.

ئەمڕۆ غیابی یەکگرتوو بە پرۆسەی سیاسییەوە لە هەموو کاتێک زیاتر دیارە (نە موعاریز و نە موشاریک)! هاوکات توانای یەکلاکردنەوەی چەقبەستووییەکانیشی نییە، لە کاتێکدا کە 25 ساڵە ئەو حیزبە ئەو رۆڵە سەلیمە دەبینێت و رەنگبێ کوردستانی لە لێواری زۆر کارەسات گێڕابێتەوە. بۆیە هێشتا یەکگرتوو (کە رەنگبێ لە داهاتوودا پاشگری ئیسلامییەکەشی نەمێنێ تا بتوانێ ئامێزی رێکخستنەکانی فراوانتر بکات)، شانسی ئەوەی هەیە کە بگاتەوە ئەو پێگەیەی شایستەی ئەو حیزبەیە.

## ئەو (قادر)ە چ (حاکم)ێکە!

3

هیوادارم لەسەر ئەو عینوانە، کۆبوونەوەی سێشەممەی نێوان پارتی و یەکێتی تێکنەچێ و نەڵێن رووداو خەریکی فیتنەیە. ئیشیشم بەوە نییە داخۆ زانا حەمە ساڵح کێ و چۆن کوژرا، بەڵام خۆزگە کاک دلێری سەید مەجیدیش بۆ مێژوو یەک دوو قسەی تێدا کردبایە. بە هەرحاڵ....

سەیری پەیجەکەی قادر حەمەجان، ناسراو بە حاکم قادرم دەکرد کە ئەندامی دەستەی کارگێڕیی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانیی کوردستانە.

12ی کانوونی دووەم: "لەگەڵ سەرۆک شارەوانییەکانی شار و شارۆچکەکانی دەوروبەری شاری سلێمانی کۆبووینەوە"

موحافیزی سلێمانی فت!

16ی کانوونی دووەم: "سەرپەرشتیی کۆبوونەوەیەکمان کرد لەگەڵ بەڕێوەبەر و لێپرسراوی هۆبەکانی 12ی بانکی شاری سلێمانی"

وەزیری دارایی فت!

26ی کانوونی دووەم: "بە ئامادەبوونی بەڕێوەبەری لقی سلێمانیی بەڕێوەبەرایەتیی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لەگەڵ ژمارەیەک مامۆستای قورئانخوێنی سەر بە کۆمەڵەی قورئانخوێنانی کوردستان کۆبووینەوە"

وەزیری ئەوقاف فت!

هەواڵی دیکەش زۆرن، ئەم وتارە بەشی ناکات.

ئەگەرچی ناوی حاکم قادر بۆ جێگری سەرۆکی حکومەت دێت، بەڵام پێدەچێ هەر لە ئێستاوە بووبێتە حاکمی شار! ئەگەرنا کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی حیزبێک چۆن بۆی هەیە بەسەر دامەزراوە حکومییەکاندا باز بدات و تەنانەت رێنمایی بداتە ئەو دامەزراوانە؟ بەس دیارە هەم قادرە و هەم حاکمە.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# یەکێتی نابێ زیز بێ

گۆڕانکاریی خێرا لە دەوروبەری هەرێمی کوردستان بەڕێوەن، کە هەولێریش رۆڵی تێیاندا دەبێت، بەڵام هەست ناکرێ زۆرینەی چینی سیاسی هەستیان بەوە کردبێ. ئەمەش بە دواخستنی کۆبوونەوەکان و پەڵپ و بیانووگرتنەکانی هەفتەکانی رابردووەوە دیارە. بڕیار وایە ئەم هەفتەیە سەرکردایەتیی پارتی و یەکێتی کۆببنەوە و گرنگیشە زوو خۆیان یەکلایی بکەنەوە. ئەو پەیامەی نێچیرڤان بارزانیش لە وتاری یادی کارەساتی یەکی شوباتدا گەیاندی، ئەوە بوو کە پارتی و یەکێتی نابێ چیدیکە ئیشی ئەمڕۆیان بخەنە سبەینێ. چونکە سبەی ئیشی گەورەتر چاوەڕوانی کوردستان دەکات.

وتارەکەی سەرۆکی داهاتووی هەرێمی کوردستان هەندێک دەستەواژەی باڵکێشی تێدابوون کە کەمتر چاودێران لەسەری راوەستان. بەتایبەتیش بیرهێنانەوەی ئەوەی کە پارتی و یەکێتی بۆ سەرخستنی کوردستان خوێنیان تێکەڵاو بووە، روونیکردەوە کە پارتی دەیەوێ شەریکە چەندینساڵەکەی لە حوکمڕانیدا دڵنیا بکاتەوە لەوەی لە درێژەدان لە شەراکەتدا لەگەڵیان جدییە و دەبێ ئەوان زوو وەرەقە نێوخۆییەکانیان کۆبکەنەوە و جارێکی دیکە لەگەڵ پارتی و لەم قۆناخە نوێیەدا شان بدەنەوە بەر بەرپرسیارێتی.

وەک دەردەکەوێ لە رێگەگرتن لە تەشەنەسەندنی ئاڵۆزیی نێوان تورکیا و پەکەکە لەسەر رۆژئاوای کوردستان، هەولێر تەماشاکەر نابێ و رۆڵی گەورەی دەبێت. بۆ قۆناخی پاش گێڕانەوەی ئێران بۆ نێو قاڵبە سرووشتییەکەی خۆی دیسان لە هەولێر ناگەڕێن تەنیا تەماشاچی بێت و جوگرافیاکەی و ئیدارەکەشی رۆڵیان دەبێت. لە مەسەلەی گێڕانەوەی هەژموونی ئەمریکاش بۆ ناوچە دابڕاوەکان و لەویش واوەتر ناوچە سوننەنشینەکان، بۆ کلک و باڵکردنی حەشدی شەعبی، دیسان پێشمەرگە رۆڵی دەبێ و بەبێ ئەویش ئەمریکا ئەوەی پێناکرێت کە دەیەوێت. وەکچۆن هەفتەی رابردوو لە مووسڵ بینیمان کە حەشد ئەگەر بەقسەش بێت چاوی رەشی ئەمریکییەکانی کاڵکردەوە و پێیگوتن تەراتێن لە ساحەی ئێمەدا مەکەن.

جا بۆ هەموو ئەو گۆڕانکارییانە و زۆری دیکەش کە بەڕێوەن، پێویستە پارتی و یەکێتی پەلە بکەن و واز لە ماندووکردنی یەکدی بهێنن. هاوکات گرنگە بەشداریی گۆڕان و تەنانەت کۆمەڵیش لە حکومەتدا بە هێند وەربگیرێت و هەوڵ بۆ گەرەنتیکردنی حوکمڕانییەکی سەقامگیر بۆ چوار ساڵی داهاتوو بدرێت تا بتوانێ ئەو خەڵکەی ماندووی جەنگ و قەیرانەکانن جارێکی دیکە بگێڕێتەوە سەر رێگەی خۆشژیان.

لەو شتانەش کە گرنگە لە چوار ساڵی داهاتوودا رێککەوتنیان لەسەر بکرێ و کوردستان لەسەریان یەکدەنگ بێت، مەسەلەی پەیوەندییەکانی کوردستانە لەگەڵ بەغدا و وڵاتانی دراوسێش. بۆنموونە رۆڵی کوردستان و پێشمەرگە لە دروستکردنی زۆنێکی ئارامی هاوبەشی ئەمریکی و تورکی لەسەر سنوورەکانی باکوور و رۆژئاوای کوردستان چی دەبێت؟ مادام بەشار ئەسەد دەمێنێتەوە دەبێ کوردستان چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکات؟ سەرئێشەی دروستکراوی پەکەکە بۆ هەرێمی کوردستان چۆن بڕەوێندرێتەوە؟ چۆن بەو شێوازە نوێیەی کورد دەگەڕێتەوە ناوچە دابڕاوەکان کاری هاوبەش بکرێ و ئەو ناوچانە بکرێنەوە زۆنی قووڵایی ستراتیژی بۆ هەولێر؟ چی بکرێت بۆئەوەی ئابووریی کوردستان لە چوار ساڵی داهاتوودا قەڵەمبازێکی گەورەتر لەوانەی پێشتری بدات؟ راستییەکەی ئەوەی دەبێ عاقڵمەندانی حیزبەکانی کوردستان لە گفتوگۆ لەگەڵ یەکدیدا سەرقاڵ بکات ئەو مژارانەن، نەک ئەوەی کە بۆچی رۆژنامەیەک لە هەولێر راپۆرتێکی لەسەر دۆسیەیەکی تاوانکاری هەڵداوەتەوە و بەوهۆیەوە شاندی دانوستاندنکاری یەکێتیی لە کۆبوونەوەکان زیز کردووە!



زریان رۆژهەڵاتی

# عێراق بەرەو تەقینەوەیەکی دیکە دەڕوات؟

نزیکەی 7 مانگە هەڵبژاردن کراوە، بەڵام هێشتا کابینەی حکوومەتی عێراق تەواو نەبووە. کێشە ناوخۆییەکانی شیعەی عێراقیش لە کەفوکوڵدان. بێجگە لەوە، ئەگەر زۆرە ململانێی ئێران و ئەمریکا دۆخی عێراق لە 2019دا ئاڵۆزتر بکەن. چی روودەدات؟ شەڕێکی ناوخۆیی یان خۆپیشاندانی جەماوەری لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەبینینەوە؟ لەوانەش بترازێ ئایا داعش زیندوو دەبێتەوە یان وەک عەللاوی واتەنی "نەوەی سێیەمی تیرۆر" عێراق دەگرێتەوە؟ هیچ پێشبینییەک ناتوانێت بە رەهایی باس لە یەکێک لەو سیناریۆیانە یان شتیکی دیکە بکات، بەڵام پێدراوی زۆرهەن ئەوە نیشاندەدەن کە زەحمەتە عێراق وەک خۆی بمێنێتەوە!

## کابینەیەکی نوقسان و ئەگەری کشانەوەی سەدر

بۆ حەوت مانگ دەچێت کە هەڵبژاردن کراوە، بەڵام هێشتا وەزارەتە گرنگەکانی وەک ناوخۆ، بەرگری و داد یەکلانەکراونەتەوە. جگە لەوە، وەزیری پەروەردە هێشتا کارێکی وای نەکردبوو کە دەستی لەکارکێشایەوە. بەهەمانشێوە، گوشار لەسەر وەزیرەکانی گەیاندن و کارەبا بە پاساوی بەعسیبوون و تایفەچێتی زۆرن! بەپێی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستن، موقتەدا سەدر نیگەرانە لە ئەدای عادل عەبدولمەهدی و بەهەڵسوکەوت لە بەرژەوەندی لیستە رکابەرەکانی ئەو تۆمەتباری دەکات! جگە لەوە، سەدر پێشتر ساڵێکی بۆ حکوومەت دانابوو تا گرفتەکانی خزمەتگوزاری چارەسەربکات، ساڵیش نیوەی چووە و هێشتا حکوومەت تەواو نەبووە چجای دابینکردنی خزمەتگوزاری! بۆیە عادل عەبدولمەهدی موعجیزەش بکات ناتوانێت کێشە خزمەتگوزارییەکانی پارێزگاکانی باشوور چارەسەر بکات. هەندێک زانیاری هەن سەبارەت بەوەی کە بەشێک لە کاربەدەستانی سائیرون پێیانباشە دوای تەواوبوونی کابینە لە حکوومەت بکشێنەوە! ئەگەریش هەیە لەکاتی نزیکبوونەوەی وەرزی گەرما و زیادبوونی خواستی هاووڵاتیان بۆ کارەبا و ئاو و خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان، لیستی سائیرون لە حکوومەت بکشێتەوە. چونکە سەدر رەوتێکی سیاسی پۆپۆلیستانەی هەیە و نایەوێت لایەنگرانی خۆی بە تایبەتی لە چینە هەژارەکانی کۆمەڵگا لەدەستبدات. لەوانەیە حکوومەت هەڵنەوەشێتەوە، بەڵام بە ئەگەری زۆر سەدر ئۆپۆزیسیۆنبوون هەڵدەبژێرێت وەک ئەوەی لە ساڵانی رابردوودا کردی!

لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەری کورتهێنانی بودجە بەهۆی نرخی نەوتەوە یەکێکی دیکە لەو تەگەرە جیدییانەیە کە لەبەردەم حکوومەتی عەبدولمەهدیدا دەبێت. وابەستەیی زیادی عێراقیش بە داهاتی نەوت (98%) وادەکات کە پێگە ئابوورییەکەی لە مەترسیدا بێت. ئەمە وادەکات هەم تواناکانی حکوومەت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و هەم ئەو پابەندییەی کە یاسای بودجەش لەسەر بەشێک لە شایستە داراییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ حکوومەتی دروستکردووە، لە ژێر پرسیاردا بێت.

## ململانێی ناوخۆیی و دەرەکی

کێشەی ناوخۆیی شیعەکان وەک ململانێی رەوتی حیکمە و عەسائیبی ئەهلی هەق کە مەلەفی گەندەڵییەکانی یەکتر ئاشکرا دەکەن و هەوڵی پڕکردنەوەی پۆستە حکوومییەکانی یەکتر دەدەن، یان کێشەکانی نێوان نوری مالیکی و موقتەدا سەدر هێشتا بەهێزن. داعش خەریکە خورت دەبێتەوە یان وەک عەللاوی باسی دەکات، ئەگەری دەرکەوتنی نەوەی سێیەمی تیرۆ لە گۆڕێدایە.

لەلایەکی دیکەشەوە ململانێکانی ئێران و ئەمریکا لە عێراق خەریکە روویەکی تازە وەردەگرن. ئەمریکا پێگەی سەربازی خۆی لەعێراق بەهێزتر دەکات و لە چوارچێوەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعشدا، لانیکەم سەرکردایەتی 4 بنکەی سەربازی دەکات و خودی دۆناڵد ترەمپیش رایگەیاندبوو کە ئەوان لە عێراق دەمێننەوە. بەشێک لە هێزەکانی نزیک لە ئێرانیش داوای هەموارکردنەوەی رێککەوتننامەی ئەمنیی عێراق و ئەمریکا دەکەن. ئەوان داوای لابردنی بەشی سێیەمی رێککەوتننامەکە دەکەن کە رێگا بۆ مانەوەی هێزەکانی ئەمریکا خۆشدەکات!

ئەمریکا هەوڵی سنووردارکردنی حەشدی شەعبی دەدات و ئێرانیش پاڵپشتی بەهێزبوونی ئەو گرووپە دەکات. لە کۆتایی بەهاریش ئەو وادەیە تەواو دەبێت کە ئەمریکا داویەتی بەو وڵاتانەی نەوت و وزەی ئێران دەکڕن تا ئیتر لەگەڵ تاران مامەڵە نەکەن. وەزیری دەرەوەی عێراقیش چەند جارێکە باسی ئەوە دەکات کە لەگەڵ ئەمریکا ناچنە ریزی نەیارانی ئێران و ئەمەش دەتوانێت لە کۆتایی بەهاردا، بە گوشاری ئەمریکا بۆ سەرعێراق بشکێتەوە کە لەوانەیە تەنانەت بە سزادانیش بگات!

ئەو وتەیەش کە دەڵێت: "ئێمە دەتوانین باڵانسی نێوان ئێران و ئەمریکا رابگرین" زیاتر وتەیەکی رۆمانسییانەی سیاسییە. ئەمە بۆ عێراق و هەرێمی کوردستانیش راستە. چونکە هێز و دەوڵەتێک دەتوانێت لە ململانێی دوو هێزدا بێلایەن بێت کە خۆی بەهێزبێت. وڵاتی بێهێز ئەگەر بێلایەن بێت زیاتر دابەش دەبێت!

## ئەنجام

بەشێوەیەکی گشتی دنیا بەرەو نەزمێکی تازە دەچێت. ململانێی ئەمریکا و رووسیا لەسەر حەوزەی نفووز و تەکنەلۆژیای سەربازی، بە دیاریکراویش لەسەر گەشەپێدانی مووشەکی لەلایەک و ململانێی چین و ئەمریکاش لەسەر ئابووری و تەکنەلۆژیای جی 5 کە دەتوانێت ئایندەی جیهان بگۆڕێت دنیا بەرەو دۆخێکی تازە دەبەن. دنیا بە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە بەرەو رێکخستنەوەیەکی نوێ دەچێت. ئەمە کاریگەری لەسەر دۆخی هێزە ناوچەییەکانی وەک ئێران و تورکیاش دادەنێت چجای دەوڵەتێکی وەک عێراق!

هێشتا کابینەی حکوومەت نوقسانە. بە تەواوی پێکنەهاتووە و زۆرێک لەو بەرنامە وەزارییانەش کە ماوەی شەش مانگیان بۆ دانرابوون، جێبەجێ نەکراون. جگە لەوە زەحمەتە کێشە خزمەتگوزارییەکان بە زوویی چارەسەربکات. ئەگەری کشانەوەی سەدر لە حکوومەت و، لاوازیی حکوومەت لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و، زیادبوونی ململانێی ئێران و ئەمریکا لە عێراق، دەتوانێت رێگا بۆ گۆڕانی گرنگ لە بەغدا خۆشبکات. ترسەکە ئەوەیە کە لەوانەیە ئەو رووداوانە کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر کوردستانیش دابنێن!

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی رووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



**لە هەولێر بازاڕی هونەرمەندانی عەرەب گەرمە** « 10



خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی رووداو

سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: بەختیار مستەفا hhimati@rudaw.net

ئەندامی شانازی ستاف: عەبدوڵڵا قرگەیی

دیزاینەران: هونەر مەرجان، کاکە مەلا ئەسعەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی رووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی | 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی رووناکی | TEl : 07518110011 - 07518110013 | rudaw@rudaw.net


# گەشتی کۆڕەک...

# لە جیهانی هەواڵەوە بەرەو دڵی سروشت





**ئەیوب نووری**

**رووداو- هەولێر**


کاتێک لە لووتکەی چیای کۆڕەک دەوەستی، بیرت نامێنێ لە کوێی. لەوێ جیهانێکی دابڕاو لە هەموو ئەو وێنانە دەبینی کە لە مێشکی زۆربەی خەڵکدا بۆ رۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە. لە بەرزایی 6000 پێ دیمەنێکی بەرفراوانی شاخە بەفرگرتووەکانت لێ دیارە. لەژێر پێیەکانیشت دۆڵە قووڵەکان کە دەبێ ملت درێژ بکەی و پشتت بچەمێنیتەوە بۆ ئەوەی نیگایەکی بنی دۆڵەکە بکەی.

بەیانیان تیشکی خۆر لە ناکاو هەڵدێ و ئەوەندە لێتەوە نزیکە کە هەست دەکەیت دەتوانی بیگری و دەستەکانی خۆتی پێ گەرم بکەیتەوە، هەمووی چەند خولەکێکی دەوێ تاوەکو بریسکانەوەی خۆر لەسەر بەفر هەموو شاخەکە بکات بە فەرشێک لە زیو. رەنگە سەرەتا تەمێک پێش چاوت بگرێ، بەڵام زوو دەڕەوێتەوە و شاخی زیاتر خۆیان دەردەخەن.

چیای زۆر لە کوردستان هەن و هەموویان شایانی ئەوەن ملی رێگەیان بۆ بگری، بەڵام چیای کۆڕەک شتێکی دیکەیە. لەوێ خەڵکی سەر بە ئایین، نەتەوە و لایەنگریی سیاسی جیاواز کۆدەبنەوە، تاوەکو بۆ ماوەیەک لە هەرا و زەنای سیاسی دوور بکەونەوە.

لەسەر لووتکەی چیای کۆڕەک گوێت لە هەموو دیالێکتەکانی کوردی، زمانی عەرەبی، ئینگلیزی، فارسی، تورکی و زۆر زمانی دیکەی بیانی دەبێ. من لەوێ وەستابووم، سەیری هاوڕێیەکم دەکرد کە خەریکی تاقیکردنەوەی رێگەی خلیسکێنەکە بوو، لەپڕ کابرایەکی فلیپینی بە قەمسەڵەیەکی سووری زستانەوە خۆی کرد بەناو بازنەکەدا و گوتی هیچ لە خلیسکانێ نازانێ و تەنیا بۆ گرتنی وێنەیەک هاتووە.

سێ کچی خەڵکی سلێمانی لە پشت پەرژینەکەوە وەستابوون. زۆر فزووڵ بوون لەوەی بزانن ئەو وەرزشە چۆن دەکرێ و سووریش بوون لەسەر ئەوەی خۆیان تاقی بکەنەوە جا باج و ریسکەکەی هەرچی بێ. دوو گەشتیاری چینی پرسیاری کەلوپەلی خلیسکانێیان دەکرد، لە کاتێکدا چەند مەترێک ئەوبەرتر چەند خێزانێکی کورد و عەرەب لەسەر لێژاییەک وەستابوون و سێڵفییان دەگرت.

گەشتیارە عەرەبەکانی مووسڵ و بەغدا و ناوچەکانی دیکەی عێراق بە لێژاییەکاندا سەر و خواریان دەکرد و لەناو بەفردا یارییان دەکرد. رەنگی قەمسەڵە، کڵاو و پوتین و دەستکێشەکانیان وەک خاڵ لەسەر سپیایی بەفرەکە نیشتبوو. منداڵەکان دەستی دایک و باوکیان بەرەو یەکێک لە قاوەخانەکان رادەکێشا، لە کاتێکدا دیوی شاخەکە پڕ بوو لە هاواری ئەو هەرزەکار و گەنجانەی لە ناو سکای گلایدەرێکدا دەفڕین.

لووتکەی شاخەکە بە درێژایی رۆژ جموجۆڵی لێ نابڕێ، شەڕە بەفر، خلیسکێنە و تەقاندنی گوللە رەنگاوڕەنگەکان. دەمەو ئێوارە خۆر لە دوور دیار نامێنێ و لەگەڵ ئەودا هەرا و جووڵەی خەڵکیش دەوەستێ و شاخەکان دەبن بە پەناگەی بێدەنگی.

ئەوانەی کە تەنیا بۆ رۆژەکەی هاتبوون، بەرەو داوێنی شاخەکان شۆڕ دەبنەوە و ئەوانەشی کە دایانناوە لەوێ شەو بەسەر بەرن، دەگەڕێنەوە ناو کوخەکانیان کە لە نزیک لووتکەی شاخەکەیە و بەسەر هەموو شاخەکاندا دەڕوانێ.

دوای ماوەیەکی زۆر مانگێکی گەورە لە ئاسمان دەردەکەوێت و هەموو شتەکانی سەر رێی خۆی رووناک دەکاتەوە. بەفرە سپییەکەی رۆژ لە رووناکیی مانگە شەودا رەنگێکی دی لەبەر دەکات و سەرمای شەویش بەفرەکە وشک دەکات. ئەگەر بچیت بۆ پیاسەیەکی شەو، مانگ خۆی رێگەت پیشان دەدات و تاکە دەنگێکیش کە دەیبیستی قرچەی بەفرە رەقەکەیە لە ژێر پێتدا. کاتێک بە ژێر لایتە بەفرگرتووەکانی سەر شەقامدا تێدەپەڕی، دەبینی هەناسەت چۆن تێکەڵ بە هەوای سارد دەبێ.

بە رێگەی جیاوازدا دەتوانیت بگەیتە لووتکەی شاخەکە: دەتوانی بەپێ بە رێگەیەکی پێچاوپێچدا لە خواری خوارەوە بەرەو لووتکە هەڵکشێی. رێگەی ئۆتۆمبێلیش هەیە. بەڵام ئەو رێگەیەی جەماوەرێکی زۆری هەیە تێلێفریک یان گوێزەرەی کێبڵییە.

لە وێستگەی سەرەکیی ئۆتۆمبێلە کێبڵییەکان، سەدان کەس بە بلیت و جلی گەرم و پۆشتەوە سەرەیەکی دوور و درێژیان گرتووە بۆ ئەوەی نۆرەیان بێ بچنە ناو ئۆتۆمبێلە کێبڵییەکانەوە، خەڵک دڵخۆشن و وێنە و سێڵفی دەگرن، لە کاتێکدا سەرەکە زۆر بە هێواشی دەجووڵێ.

ئەگەر یەکەمجارت بێ لەو شوێنە بی، هەر خەڵکەکە پرسیاری ئەوەت بۆ دروستدەکەن کە ئەو سندوقە سیحراوییانەی بە کێبڵێکەوە هەڵواسراون بۆ کوێت دەبەن، چونکە لەو خوارەوە هێشتا لووتکەی شاخەکەت لێوە دیار نییە.

کاتێک ئۆتۆمبێلە کێبڵییەکان سەرنشینەکان هەڵدەگرن و دواتر بە جووڵەیەک لەسەر شێوەی (U) بەرەو لووتکەیان دەبەن، هەستی ئەوەت لەلا دروست دەبێ کە بەرەو نەزانراوێک دەچی. بەڵام دوای چەند ساتێک خۆت لە ناوەڕاستی ئاسمان دەبینیتەوە، سەیری خوارەوە دەکەیت و گاشە بەردی زەبەلاح دەبینی کە وەک تابلۆی رێنمایی لە زەوی دەرچوون. رەوە بزنی گوندەکانی دەوروبەر دەبینی کە لەناو دار بەڕووەکاندا دێن و دەچن. کاتێک زیاتر بەرەو ئاسمان بەرز دەبیتەوە، بزنەکان، درەختەکان و بەردەکان بچووکتر و بچووکتر دەبنەوە هەتا دواجار دیار نامێنن.

هەندێک لەو ئۆتۆمبێلە کێبڵییانەی تێدەپەڕن وەکو دیسکۆیەکی جووڵاو وان کە تێیاندا پیاو و ئافرەتی گەنج، گروپێک خوێندکار یان دوو ئەویندار دەنگی موزیکیان بەرز کردووە و بەدەم چوونە سەرەوە یان خوارەوەی ئۆتۆمبێلە کێبڵییەکەوە گۆرانی دەڵێن و چەپڵە لێدەدەن. هەندێکی دیکە لە خەڵک بە بێدەنگی دانیشتوون و لە جامی ئۆتۆمبێلە کێبڵییەکەوە سەیری سروشتی دەستلێنەدراو دەکەن کە هەتا چاو بڕدەکات کشاوە.

وەک ویلفرێد تێسیجەر، گەشتیار و گەڕیدەی بەریتانی، سەردەمانێک گوتی: "ئەوەی گرنگە ئامانجەکە نییە، بەڵکو ئەو رێگایەیە کە بەو ئامانجەت دەگەیەنێ، هەرچی رێگاکەش سەختتر بێ، گەشتەکە زیاتر ئەوە دەهێنێ خۆی لێ بدەیت". هەرچەند رێگەی گەیشتن بەرەو لووتکەی کۆڕەک خۆشە، بەڵام دیسانیش گەشتی کۆڕەک گەشتێکە لە جیهانی هەواڵ و شەڕەوە بەرەو دڵی سروشتی کوردستان.


